دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com



### لاوێکی دیکەی کورد لە زیندانی هەمەدان ئێعدام کرا

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی ڕەزبەر لاوێکی دیکەی کورد لە زیندانی شاری هەمەدان ئێعدام کرا.

عەبدولرەزاق فەردیان خەڵکی گوندی «سێ گرکان»ی سەر بە ناوچەی مەرگەوەری سەر بە شاری ورمێ ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی ڕەزبەر لە زیندانی ناوەندیی شاری هەمەدان ئێعدام کرا.

دەزگای قەزایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تاوانی کڕین و فرۆشتنی مادده هۆشبەرەکانی بە سەر ئەو لاوە کوردەدا سەپاندوە.

هەر لە مانگی خەرمانانی ١٣٩١یش دا ٦ هاوڵاتی دیکەی کورد لە زیندانی ورمێ ئێعدام کران.



### مانگرتنی زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی تورکیە بەردەوامە

نزیکەی ١٠٠٠ زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی تورکیا زیاتر لە یەک مانگە مانیان لە خواردن گرتوە و تا ئامادە کردنی ئەم هەواڵە ئەو مانگرتنە بەردەوامە.

بە بەشداری زیاتر لە هەزار زیندانی سیاسی لە زیندانەکانی باکووری کوردستان و تورکیا بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە ئۆپەراسیۆنە سیاسی و سەربازییەکان، مانیان لە خواردن گرتوە. لە نێو زیندانییەکاندا زیاتر لە ٥٠ کەسیان ژنن.

هەواڵەکان باس لەوە دەکەن وەزعی ساغی و سلامەتیی هێندێک لە زیندانییەکان زۆر خراپە. لەو بارەیەوە مستەفا ڕەشید زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندانی ئەلبیستان کە بۆخۆشی یەکێکە لە مانگرتووەکان، نامەیەکی بۆ مام جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماری عێراق ناردوە و داوای لێکردوە بۆ مافەکان و خواستەکانی ئەو زیندانیانە هەوڵ بدا.

یەك شەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩١ ـ ٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٩٤ | نرخ: ١٥٠ تمەن

**سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی (B.D.P) دا:**

# ڕێگەی پارتی ئاشتی و دێموکراسی ، شێوە خەباتێکی گونجاوە بۆ چارەسەری پرسی کورد لە باکووری کوردستان






دووهەمین کۆنگرەی نائاسایی پارتی ئاشتی و دیموکراسی(B.D.P) ڕۆژی ١٤ی ئۆکتۆبر، بە دروشمی «ئێمە بە بەرخودانی خۆمان خەبات بۆ ئازادی ئێوە دەکەین»و بە بەشداریی نزیکەی ١٢٠٠ نوینەر و بە ئامادەبوونی دەستەی نوێنەرایەتیی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان لە شاری ئانکارا پێک هات. لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیشەوە، هەیئەتیکی پایەبەرزی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ڕیزدار خالید عەزیزی بۆ ئەم کۆنگرەیە بانگێشتن کرابوو. عەزیزی لە وتارێک دا کە لەم کۆنگرەیە دا پێشکەشی کرد، خەباتی پارلمانی و ئاشتیخوازانە کە پارتی ئاشتی و دێموکراسی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەکەی لە تورکیە گرتوویەتە بەر، بە شێوەیەکی گونجاوی خەبات بۆ چارەسەرپرسی کورد لەو ولاتە زانی و هەر لەو کاتە دا لە سەر پێویستیی هەولدانی جیددیی دەولەتی تورکیە بۆ چارەسەری پرسی کورد پێی داگرت. لەم بارەیەوە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتێک هەر لەم ژمارەیەی کوردستان دا ڕادەکێشین.

سیاسی



کێ دژی ڕاگرتنی گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکانە؟

٤

وتووێژ



ئامانجی کۆنگرەی زانستیی جیهانیی کورد، دروستکردنی پردی پێوەندی لە نێوان ئاکادێمیسیەن و خوێندکارانی کورد لە دەرەوە و نێوخۆی کوردستانە


٦


بزووتنەوەی خوێندکاری

تیشکێک بۆ سەر بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردستان و «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد»

٨

ژنان






ژن لە پێکهاتەی سیاسیی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا...

١٠

ئەدەب و هونەر




لاواندنەوەیەک بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورە تایەر تۆفیق

١١

## بە کرێگیراوێکی ڕێژیمی ئێران تۆمەتی هەوڵدان بۆ کوشتنی باڵوێزی سەعوودیەی

وەزارەتی دادی ئەمریکا ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی ئۆکتوبر لە بەیاننامەیەک دا ئاشکرای کرد کە «مەنسوور ئەرباب سیەر» کە پێشتر بە تاوانی هەوڵ دان بۆ تێرۆری باڵویزی میرنشینی عەرەبستانی سەعوودی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە دەستبەسەر کرابوو، دانی بە تاوانەکەی دا ناوە و لە بەردەم دادوەر دا هەموو ئەو تۆمەتانەی قبووڵ کردوە کە لەو پێوەندییە دا لێی درابوو.

٢٩ی سێپتامبری ساڵی ڕابردوو دەزگا سیخوڕییەکانی ئەمریکا، دوو کەسی بە ڕەچەڵەک ئێرانییان بە ناوەکانی مەنسوور ئەرباب سیەر و غولام شکوری، بە تاوانی داڕشتنی گەڵاڵەی کوشتنی باڵوێزی عەرەبستانی سەعوودی لە ئەمریکا دەستبەسەر کرد، کە هەر ئەو کاتە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەرچەشنە پێوندییەکیان بەو پیلانەوە ڕەت کردەوە. لەو بەیاننامەیەی وەزارەتی دادی ئەمریکا دا باس لەو تاوانانە کراوە کە بەرەوڕووی مەنسوور ئەرباب سیەر کراوە کە بریتین لە: تێوەگلان لە بەرنامەڕێژیی تێرۆری نێودەوڵەتی،



سەردانی دەرەوەی ئەمریکا بۆ بەکرێگرتنی بکوژ و هەروەها بەکرێگرتنی کەسێکی بێگانە بۆ ئەنجامدانی تاوانی تێرۆر. ناوبراو هەموو ئەو تۆمەتانەی پەسند کردوە. بە وتەی دادەوری گشتیی ئەمریکا بە پێی یاساکانی ئەمریکا لەوانەیە ئەرباب سیەر ٢٥ ساڵ سزای زیندانی بە سەردا ببرێت. بە پێی ئەو بەیاننامەیە مەنسوور پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ لەشکری قودسی سپای پاسدارانی ئێراندا هەبووە و لە لایەن سوپای قودسەوە پوڵ و داراییەکی یەکجار زۆری پێ گەشتوە کە لە بەرامبەر تێرۆری « عادل جوبەیر،ی» باڵوێزی سەعوودییە بیداتە ئەندامانی گرووپێکی مافیای مێکزیکی. ئەو کەسەی کە ئەو تاوانبارە پەیوەندیی لەگەڵ گرتبوو و بە نیاز بوو کارەکەی بۆ ئەنجام بدات و تەنانەت ١٥٠ هەزار دۆلاریشی وەک پێشەکیی ١ملیۆن و ٥٠٠ سەد هەزار دۆلاری حەقی ئەنجامدانی ئەو کارە خستبوە سەر ژمارە حیسابەکەی، یەکێک لە سیخووڕەکانی دەزگای سی ئای ئەی ئەمریکی بوو کە دواتر و پاش گیرانی مەنسوور ئەرباب سیەر و هاوڕێکەی، ئەو پیلانە ئاشکرا بوو.

پێویست بە ئاماژەیە کە لە پەیوەندی لەگەڵ پیلانی تێرۆری باڵوێزی عەرەبستانی سەعوودی دا، ئەمریکا، یەکیەتیی ئورووپا و کانادا، پێنج کەسیان خستووەتە لیستی ڕەشی تێرۆر و سزاکانی خۆیانەوە و بۆ دادگایی کردنیان دەبێ لەبەردەم دادوەری گشتیی ئەمریکا دا ئامادە بن. ئەو پێنج کەسە بریتین لە: مەنسوور ئەرباب سیەر، غولام شکوری، عەبدولڕەزا شەهلایی و دوو کەسی دیکە لە فەرماندە پلە بەرزەکانی سوپای قودسی ئێران بە ناوەکانی حامد عەبدوڵلاهی و پاسدار قاسم سولەیمانی کە ڕاستەوخۆ لێپرسراویەتیی ئەو کارەی لە ئەستۆ بووە.

## پەلاماری پارازیتی نوێ بۆ سەر کوردکاناڵ

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەزگای سانسۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران پارازیتی خستۆتە سەر شەپۆلەکانی کوردکاناڵ و چەند ڕایەڵکەی تلویزیۆنی و ڕادیۆیی کە ڕوو بە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرنامە بڵاو دەکەنەوە. ناردنی پارازیت بۆ سەر ئەو کاناڵە مانگیلەییانەی لە پێناوی گەیاندنی زانیاری و هەواڵی ڕاست بە خەڵکی ئێران کار دەکەن لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دوور لە چاوەڕوانی نیە .

ئەمجارەیان لە کاتێک دا ئەم کارە دووبارە دەبێتەوە کە ڕاست لەسەر درێژەدانی ئەم سیاسەتە دژە ئازادییە دەیان کاناڵی ڕادیۆیی و تلویزیۆنیی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە سێرویسەکانی مانگی دەسکردی یوتلسات بێبەشکراون.

## بەشار ئەسەد لە لایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە پارێزگاری لێ دەکرێ

سەرچاوەیەکی دیپلوماتیکی ڕۆژئاوا ڕۆژی هەینی ١٩ی ئۆکتۆبر بە ناوەندی هەواڵدەریی ئەلعەرەبیەی ڕاگەیاند کە بەشار ئەسەد، سەرکۆماری سووریە لە لایەن سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پارێزگاری لێ دەکرێ.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە بەشار ئەسەد متمانەی بە هێزەکانی خۆی نەماوە و هەر بۆیە بۆ پاراستنی خۆی کەڵکی لە گاردی تایبەتیی هێزەکانی سپای پاسداران وەرگرتوە.

هەمان سەرچاوە ئاماژەی بەوە کردوە کە بەشار ئەسەد دوای پێشنیاری حوسێن هەمەدانی، نوێنەری سپای پاسداران لە سووریە ، دەستی کردوە بە گۆڕینی بادیگاردەکانی و بۆ پاراستنی خۆی زیاتر لە هێزەکانی سپای پاسدارانی ڕیژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کەلک وەردەگری.

جێی باسە کە حوسێن هەمەدانی لە لیستی ڕەشی گەمارۆکانی وڵاتانی ڕۆژاوا دایە.



ئەمە لە حاڵێکدایە کە سپای پاسداران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆڵ و بوونی هێزەکانی خۆیان لە وڵاتی سووریە ڕەد دەکردەوە و جاروبار دەیانوت کە هێزەکانی سپای ئێمە تەنیا بۆ ڕاوێژکاری لەم وڵاتە دەژین و دەستێوەردان لە کاروباری سووریەدا ناکەن.

روانینمان

## پرسی کورد، دیالۆگ و ئەزموونەکانی دوو ولاتی تورکیە و ئێران

**قادر وریا**

دوایین لێدوانی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەو وتارە بوو کە ڕۆژی١٤ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ لە دووهەمین کۆنگرەی نائاسایی پارتی ئاشتی و دیموکراسی(ب.د.پ) دا پێشکەشی کرد و تێی دا وێڕای پێداگرتنەوە لە سەر پێویستیی هەولدانی جیدیی دەولەتی تورکیە بۆ چارەسەری پرسی کورد، خەباتی پارلمانی و ئاشتیخوازانە و دیالۆگی وەک باشترین ڕێگە و شیوەی خەبات بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە باکووری کوردستان ناو برد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرسی کورد لە ئاستی ئێرانیش دا، دیالۆگ و هەولدان بۆ ئەم پرسەی بە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتیخوازانە دا، بە باشترین ڕێگا زانی. ئەو، کە ئەم قسانەی دەکرد دەیزانی کە لە نێوان تورکیە و ئێران و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ پرسی کورد دا، ئەگەر لە هێندێک ڕووەوە ویکچوون هەیە، بەلام لە یەک ڕووەوە جیاوازییەکی گەورە هەیە. ئەویش ئەوەیە، لە تورکیە،سەرەڕای هەموو گرفت و بەربەستەکان، خەڵکی کوردستان، دەتوانن حیزبی قانوونیی خۆیان هەبێ، بەشداری پێشبڕکێیەکانی هەڵبژاردنی سەرانسەری بکەن ،شارەوانییەکانی خۆیان بۆ خۆیان هەڵبژێرن، نوینەرانی ڕاستەقینەی خۆیان بنێرنە پارلمان و نوێنەرانیان پشت ئەستوور بەو خەباتە جەماوەری و مەدەنییە سەرانسەرییەی بەرەوپێشی دەبەن دەتوانن قسەی دڵی نەتەوەکەی خۆیان لە نیو پارلمان دا بکەن. لە تورکیە ڕاست لە نیوەندی پێتەختەکەیدا، پارتێکی وەک پارتی ئاشتی و دیموکراتی ، دەتوانی کۆنگرە و کۆبوونەوەی هەزاران کەسیی خۆی بە بەشداریی ڕێبەران و نوێنەرانی حیزبەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، پێک بێنێ و لە دەر و ژووری کۆنگەرەکەیدا بانگ و داوای ئازادیی ئوجەلان و هاوپیوەندی لە گەڵ پ.ک.ک بەرز بکاتەوە.

بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی دا، کام زەمینە بۆ دیالۆگ لە نیوان خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و نوینەرانی پرسی کورد لە گەڵ دەسەلاتی ناوەندی دا هەیە؟ چ دەرەتانێک بۆ خەبات بە شیوەی هێمنانە و ئاشتیخوازانە هەیە؟ئەو ڕێژیمە جگە لەوەی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە، بە شەڕ و سەرکوت بەرەوڕووی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بۆوە،کاتێکیش لە ساڵی ١٣٥٨بۆ یەکەم جار ئەو دەرفەتە بۆ خەڵکی کوردستان ڕەخسا کە نوینەرانی ڕاستەقینەی خۆیان(بۆ مەجلیسی دامزرینەران و مەجلیسی شوورای میللی) هەڵبژێرن ، کۆماری ئیسلامی ڕێگای چوونی نوینەرانی ئەوان بۆ مەجلیسی بەست و ئاکامەکانی هەڵبژاردن لە کوردستانی هەڵوەشاندەوە. لەمانەش تاڵتر و سەرسوڕمێنتر ئەوەیە ئەم ڕیژیمە،هیچ دەرسی لە بێئاکامیی شەڕفرۆشی و گرتنەبەری ریگای سەرکوت وەرنەگرت و ڕێگای دیالۆگیشی تەنیا بۆ ئەوەندە ویست کە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات و دیارترین ڕێبەری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، د.قاسملووی پێ لە داو بخا و تێرۆری بکا!

ل ٣

# بە بەشداریی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆنگرەی نائاسایی B.D.P بەڕێوە چوو

سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەمە، ١٤ی ئۆکتۆبر، دووهەمین کۆنگرەی پارتی ئاشتی و دێموکراسیی باکووری کوردستان (B.D.P ) بە دروشمی «ئێمە بە بەرخودانی خۆمان خەبات بۆ ئازادی ئێوە دەکەین»و بە بەشداریی نزیکەی ١٢٠٠ نوینەر و بە ئامادەبوونی دەستەی نوێنەرایەتیی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان کارەکانی خۆی، لە شاری ئانکارا دەست پێکرد. لە ڕیورەسمی دەسپێکی کۆنگرە دا ژمارەیەکی بەرچاو لە حیزب و ڕێکخراوەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان کە بۆ ئەم کۆنگرەیە، بانگهێشت کرابوون، وتاریان پێشکەش کرد.

لە دەسپێکی کۆنگرەدا بەڕێز گوڵتان کشاناک هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دێموکراسی وێڕای بەخێرهاتنی حیزب و لایەنەکان و خۆشحاڵی دەربڕین لە بەشدارییان لەم کۆنگرەیەدا، وتارێکی پێشکەش کرد. بەدوای ئەودا نۆرە گەیشتە وتاری بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش سەرۆکی پارتی ئاشتی و دێموکراسی.



پاشان نۆرە گەیشتە وتار و پەیامی حیزب و لایەنەکانی کوردستان کە لەم بەشەدا بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وتەیەکی پێشکەش کرد. بەڕێزیان وێڕای پیرۆزبایی پێکهاتنی کۆنگرەی دووهەمی پارتی ئاشتی و دێموکراسی، لە قسەکانی دا وتی دەبێ هەموو لایەک هەوڵ بدەین بە ڕێگە چارەی ئاشتی و دیالوگ کێشەکان چارەسەر بکەین. ئەو ڕێگەیەی پارتی ئاشتی و دێموکراسی گرتوویەتەبەر ڕێگەچارەیەکی گونجاوە بۆ چارەسەری کێشەکانی کورد لە باکووری کوردستان. هەروەها بەڕێزیان تەئکیدی لەسەر قسەکانی بەڕێزان گوڵتەن کشاناک و سەلاحەدین دەمیرتاش کردەوە کە بەخۆشییەوە تەئکید لە سەر خەباتی ئاشتییانە و پارلمانی لە باکووری کوردستان دەکەنەوە و هەروەها داوای لە دەوڵەتی تورکیە کرد کە پێویستە ئاوڕێکی جیددی لە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد بداتەوە.



ئێوارەی هەمان ڕۆژ دوای کارەکانی کۆنگرە ئێوارە خوانێک بە خانەخوێیی پارتی ئاشتی و دێموکراسی و بە بەشداریی میوانانی کۆنگرە، بەڕێوە چوو. لەو ئێوارەخوانەشدا بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەلاحەدین دەمیرتاش، گوڵتان کشاناک و ئەحمەد تورک لە کۆڕێکی گەرم و دۆستانەدا بۆ جارێکی دیکە هەموو لایەک تەئکیدیان لەسەر یەکگرتوویی کورد و خەباتی ئاشتیانە کردەوە. هەر لەم کۆڕەشدا بەڕێز خالید عەزیزی وێڕای دەسخۆشی و پیرۆزبایی لە BDP تەئکیدی کردەوە کە خەباتی پارلمانی و خەباتی دیموکراتیک و حیزبی یەکەم جارە بە رابردوویەکی دوور و درێژ لەم بەشە لە کوردستان بەم شێوەیە بەڕێوەدەچی و هیوای خواست ئەم شێوە خەباتە لە بەشەکانی دیکەش بە ئەزموون وەرگرتن لە باکووری کوردستان کەڵکی لێ وەربگیرێ. لە هەمان کاتیشدا داوای لە بەڕێوەبەرانی BDP کرد ئەم شێوە خەباتە سەبر و حەوسەلەیەکی زۆری دەوێ بۆ لێک حاڵی بوون، بۆیە دەبێ تێبکۆشن بەسەبرو حەوسەلەوە ئەم خەباتە بەرەوپێش بەرن تا بە ئامانج دەگەن. هەروەها لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا بەڕێز عەزیزی وتی ئێمەش لە ئێران لەگەڵ ئەو کێشەیە بەرەو رووین و بە تایبەتی لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان پێویستە بۆ لێک حالی بوون زیاتر دیالۆگ و گفتوگۆ بکەین.

پێویستە بوترێ هەموو برگەکانی ڕۆژی یەکەمی کاری ئەم کۆنگرەیە لە کەشو هەوایەکی حەماسی و لە نیو دروشمدان و چالاکیی جۆراوجۆری بەشداران و هەزاران کەس لە هۆگرانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی کە لە دەرەوەی کۆنگرەکە وەستابوون ، بەڕێوە چوو. بە دوای تەواو بوونی وتاری هاوسەرۆکەکان و میوانانی بەشدار، هەڵبژاردن کرا کە لە ئەنجامدا سەڵاحەدین دەمیرتاش بە سەرۆکی گشتی هەروەها گوڵتەن کشاناک بە هاوسەرۆک هەڵبژێردرانەوە. بەدەپە پێشتر ڕایگەیاندبوو، کە ئامانجی لە پیکهینانی کۆنگرەی نائاسایی پڕکردنەوەی جیگای دەیان کەس لە ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەندییە کە ٥٦ کەس لە کۆی ١٢٠ ئەندامی ئەنجومەنی پارتەکە لە ماوەی نیوان ئەم کۆنگرەیە و کۆنگرەی پێشوو دا کەوتوونە بەندیخانە.

لەم کۆنگرەیەدا هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕیز خالید عەزیزی، سکرتیری گستی و بە ئەندامەتیی بەڕیزان عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسی، کوێستان فتوحی و برایم زێوەیی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزب بەشدار بوون.

# نوێنەری کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران لە وڵاتی نۆروێژ سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد

هەیئەتێک لە کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران بۆ کاروباری کۆچبەرانی بیانی لە وڵاتی نۆرویژ سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردو لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە پێشوازیی لی کرا.

پێشنیوەڕۆی سێ شەممە، ٢٥ی ڕەزبەر هەیئەتێک لە کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران بۆ کاروباری کۆچبەرانی بیانی لە وڵاتی نۆروێژ بە سەرپەرەستی بەریز «ئارە هوڤ دەناک» سەردانی بنکەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی لە باشووری کوردستان کردو لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازیی لێ کرا.

لەسەرەتای ئەم دانیشتنەدا وێڕای بەخێرهێنانی هەیئەتی میوان لە لایەن بەڕێز مەولوودییەوە،«ئارە هوڤ دەناک» بە نوێنەرایەتیی هەیئەتی ناوبراو سپاسی تێکۆشان و چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی دا کرد.



لە درێژەی ئەم دانیشتنە دا هەردوو هەیئەت لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی پەنابەرانی کورد لە وڵاتی نۆروێژو چۆنیەتیی وەرگرتنیان لەم وڵاتە کەوتنە راوێژ. هەر لەم دانیشتنەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای پشتگیری لە داوای پەنابەرانی کورد لە وڵاتانی ئوروووپایی، لە پێوەندی لە گەل چۆنیەتی پەڕیوەبوونی تێکۆشەرانی سیاسیی کورد بۆ وڵاتانی ئوورپایی و هۆکارە ئەمنییەتی و سیاسییەکانی ئەم دیاردەیە، بە وردی زانیاریی پێشکەش بە هەیئەتی کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران لە وڵاتی نۆروێژ کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەم دیدارەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وڵامی پرسیارەکانی هەیئەتی میوانیان لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دایەوە.

لە کۆتایی ئەم دانیشتنەدا هەیئەتی کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران لە وڵاتی نۆرویژ، پێزانینی خۆیان لە هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ دانی زانیاریی ورد لە سەر پەنابەران و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران و کوردستان دەربڕی و لە بەرانبەردا هەیئەتی حیزبی دێموکراتیش سپاسی دەوڵەتی نۆرویژی کرد کە لە رووی ئینسانییەوە سەرنجی تایبەت دەداتە پەنابەرانی کورد بە گشتی و تێکۆشەرانی سیاسیی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی.

# دووەمین کۆنگرەی زانستیی جیهانیی کورد کۆتایی بە کارەکانی هێنا

دووهەمین کۆنگرەی زانستیی جیهانیی کورد کە ڕۆژی ١١ ئۆکتۆبری ٢٠١٢لە هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە مامۆستایانی زانکۆ لە کوردستان و دەرەوەی وڵات و بەشێک لە وەزیرەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و خوێندکارانی زانکۆ دەستی بە کارەکانی کردبوو، کۆتایی پێهات.

جێگای باسە ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە بۆ ناونووسیی ئەندامانی کۆنگرە و بەشداران و یەکتر ناسینی نوێنەرانی تەرخان کرابوو. لە ڕۆژی دووەم دا کاری کۆنگرە بە پەیامی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ڕەسمی دەستی بە کارەکانی کرد.

بابەتی گەڕانەوە بۆ وڵات و گەشەسەندنی تەوەری سەرەکی باسەکانی ڕۆژی یەکەم بوو.

لە ڕۆژی دووەم دا سێ پانێل لە بوارەکانی «تەندروستی و سلامەتی» دا لە لایەن پسپۆڕانی ئەم بوارانەوە پێشکەش کران. دکتۆراو پسپۆڕانی ئەم بوارانە لێکۆڵینەوە زانستیەکانی خۆیان هەرکام لە بواری خۆیاندا پێشکەشکرد و پەیام و ڕێنوێنیی خۆیان لە پێناوی باشتر کردن و گەشەپێدانی ئەم بوارانە لە کوردستان هێنایە بەرباس .

دوایین پانێلی ئەم ڕۆژە باسێک بوو لە سەر کوردانی تاراوگە و دیاسپۆرا و نەخش و ڕۆڵی ئەوان لە دەرەوە و پێوەندیی ئەوان لە گەڵ کوردستان .

ڕۆژی سێیەمی کۆنگرە بە پەیامی نیچیروان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە لایەن وەزیری خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان خوێندرایەوە دەستی پێ کرد، لە چەند پانێل دا بابەتەکانی «کشتوکاڵ،خوێندنی باڵا و ژینگە» هاتنە بەر باس و لیکۆڵینەوە.

لە ڕۆژی ١٤ی ئۆکتۆبر کە چوارەم ڕۆژی کۆنگرەی «زانستیی جیهانیی کوردی» بوو چەند بابەتی وەک :ئابووری، دێموکراسی، مافی مرۆڤ و کلتوور لە لایەن پسپۆڕانی هەر کام لەم بوارانە باس و ڕاوێژیان لە سەر کرا.

لە ١٥ی مانگی ئۆکتۆبر کە دوایین ڕۆژی کاری کۆنگرەکە بوو ،هەرکام لە:

دکتۆر ڕێکەوت ڕەشید وەزیری تەندروستی، دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکان، دکتۆر عیسمەت خالید وەزیری پەروەردە، دکتۆر عەلی سەعید محەمەد وەزیری خوێندنی توێژینەوە و باڵا، عەلی سندی وەزیری پلاندانان و دکتۆر سیروان بابان وەزیری کشتوکاڵ پلان و بەرنامەی خۆیان هێنایە بەر باس و باسی دەسکەوتەکان و لە باسەکانیان دا ئاماژەیان بە خاڵە لاواز بەهێزەکان کرد.

دواتر دەرگای دیالۆگ بە ڕووی بەشداران دا کرایەوە و لەم بەشەدا بۆ باشتر بوونی کارەکان لە داهاتوودا ڕاو بۆچوونەکانی خۆیان خستە ڕوو.

دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ پانێلێک بۆ باس لەسەر ئاستی زانکۆکانی کوردستان تەرخان کرابوو کە لەلایەن لە نوێنەرانی زانکۆکانی،

سەلاحەدین، زانکۆی دهۆک، کوردستان، کەرکوک و زانکۆی ئەمریکایی لە سلێمانی موناقەشە و گفتوگۆ لەسەر گرفت و کەم و کوورپییەکان کرا .

کۆنگرەی زانستیی جیهانیی کورد بە کۆنسێرتێکی جەلال نەقشبەندی و ئێوارە خوانێک بۆ بەشداران کۆتایی بە کارەکانی هێنا.





# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی گەورەی یەکیەتیی کۆمارخوازانی ئێران دا

ناوەندی هەواڵی کوردستانوکورد: لە ١٢ هەتا ١٤ی ئۆکتۆبر، پێنجەمین «هەمایش» (کۆبوونەوەی گەورە)ی کۆمارخوازانی ئێران لە شاری کۆڵنی ئاڵمان بەرێوە چوو . ئەو کۆبوونەوەیە کە وەک کۆنگرەی پێنجەمی ئەو ڕێکخراوە دەهاتە ئەژمار، بابەتگەلێکی وەک بارودۆخی سیاسیی وڵات، قەیرانی ئەتۆمی،گەمارۆکانی ئابووری و کارتێکەریان لە سەر بارودۆخی وڵات، جووڵانەوەی سەوزو و داهاتووی ئەو جووڵانەوەیە ، دەور و نەقشی کۆمارخوازان، پێویستیی لێک نیزیکبوونەوەی هێزە سیاسیەکان و بەربەستەکانی سەرڕێگا،و ڕێگاکانی بەردەم ئۆپۆزیسیۆن کەوتنە بەر باس و لێکۆڵینەوە .

بۆ ئەو هەمایشە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک میوان بانگهێشتن کرابوو هەیئەتێک بەسەرپەرستیی خالید حەسەنپوور راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی و بە ئەندامەتیی کاک حەمەخانی مرۆتی ئەندامی کۆمیتەی ئاڵمان و کاک عەلی قادری ئەندامی حیزب،بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەشداری کۆنگرەی کۆمارخوازەکانیان کرد. لەگەڵ ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک میوان بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بانگ کرابوو، بەڵام لەسەر داوای هەیئەتی ئیجرایی ئەو ڕێکخراوەیە، ماوەیەکی بۆ دیاری کرا کە لە بەشی پێوەندیدار بە یەکیەتیی هێزە سیاسیەکان و داهاتووی ئێران، لە سەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب بۆ بەشداران بدوێ . لەو بەشەدا خالیدحەسەنپوور بە نوێنەرایەتی لەلایەن هەیئەتی حیزب،بۆ ماوەی ١٥ خولەک سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلە سیاسیە جۆراوجۆرەکان، ستراتیژیی حیزب، ڕوانگەکانی حیزب سەبارەت بە حکوومەتی داهاتووی ئێران، بۆ بەشداران دوا . خالید حەسەنپوور لە درێژەی قسەکانیدا، ئاماژەی بەوەکرد کە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە نیزیکەی حەفتا ساڵە دامەزراوە دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان لە ئێرانێکی دێموکراتێکدایە . ستەمە جۆربەجۆرەکانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی کارێکی وایان کردوە کە بوونی حیزبێکی وەک حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەیەکی وەک جووڵانەوەی کورد لە ئێران، ببێتە زەروورەتێکی مێژوویی . ئەوەش وایکردوە کە ئەو حیزبە لەلایەک ،ڕەهەندێکی کوردستانی و ناوچەیی هەبێ و لەلایەکیترەوە، چونکە نیسبەت بە داهاتووی سیاسیی ئێران لە سەر هەستە، ببێتە خاوەن ڕەهەندێکی ئێرانییش . تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هەواڵانی لە بێرلین، کە لە ڕەوتی کۆبوونەوەیەک دەگەڵ بەشێک لە ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ هاوئاهەنگی ڕوویدا، وێنەی هەرە بەرچاوی ئەو ئیدیعایەیە .

هەیئەتی حیزب لە ڕەوتی کۆبوونەوەی کۆمارخوازاندا، دەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە کەسایەتی و نوێنەرانی هێزەسیاسییەکان لە سەر مەسەلە جۆربەجۆرەکانی سیاسی راوێژ و گفتوگۆی کرد .



# بە بەشداری نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان سمینارێک لە ژێرناوی «پرسی فەلەستین و ڕەوشی ئێستای» بەڕێوەچوو

بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە حیزبی و حکوومەتییەکان و یەک لەوان بەڕێز برایم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر، سەرکۆنسوولی گشتیی فەلەستین سمینارێکی لە ژێرناوی «پرسی فەلەستین و ڕەوشی ئێستای» لە هەولیری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبرد.

ڕۆژی چوارشەممە ١٩ ڕەزبەر، سەرکۆنسوولی گشتیی فەلەستین، نەزمی حزووری، لە پێوەندی لە گەڵ پرسی دەوڵەتی خودموختاری فەلەستین و ڕەوشی سیاسیی ئێستای وڵاتەکەی سمینارێکی لە شاری هەولێر بەڕێوەبرد.

لەم سمینارەدا سەرکۆنسوولی گشتیی فەلەستین، وێڕای ئاوڕدانەوە لە پرسی ڕەوای خەڵکی فەلستین و خەباتی ئەم گەلە ئازادیخوازە بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی، باسی لە کەندو کۆسپەکانی بەردەم خەباتی خەڵکی فەلەستین و هێزە سیاسییەکانی کرد.

لە بەشیکی دیکەی ئەم سمینارەدا، بەڕێز برایم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی لە پێوەندی لە مێژینەی نێوان هەردوو لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین کرد کە بە هۆی بوونی هێندێک خاڵی هاوبەش و لە لایەکی دیکەش هەڵوێسست و ڕوانگەی مرۆڤدۆستانە کە لەسەر بنەمای بەرگری لە جووڵانەوە ئازادیخوازانەی گەلانی چەوساوەو ژێردەستە بنیات نراوە.



# هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئید، پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی کورد دەباتە ڕێکخراوی ئەمنێستی ئەنتێرناسیۆناڵ




ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٢/١٠/٨ی زایینی هەیئەتێکی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کومیتەی سوئید بە سەرپەرستیی بەڕێز سەید عەزیز نژادیان و هاوڕێیەتی بەڕێزان ئەسعەد یوسفی و نەوژین ڕۆستەمی، سەردانی لقی سویدی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی لێبووردن، (ئامنستی ئینتێرناسیۆناڵ)یان کرد. لە بنکەی سەرەکی ئەو ڕێکخراوە، خاتوو ئیلیزابێت لۆڤ گرێنی، ڕێکخەری ئەمنێستی لە وڵاتی سوید، بە گەرمی پێشوازی لە هەیئەتی حیزبی کرد. خاتوو ئیلیزابێت لە سەرەتای قسەکانی سپاسی هەیئەتی حیزب کرد کە سەردانی ئەو ڕێکخراوەیان کردووە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە سەبارەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان باس و خواس بکەن. خاتوو ئیلیزابێت لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا باسی لە ئەرک و کارەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە جیهان بە گشتی و لە وڵاتی سوید بە تایبەتی کرد و باسی لەوە کرد کە بە داخەوە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو دا کێشەی ناوەکی ڕژیمی ئێران و شەر و تێکهەڵچوونەکانی سوریە، کارتێکەری خراپی لە سەر ئەرک و چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە، کە کاری سەرەکی بە دواداچوونی مافی مرۆڤە کرد.

پاشان هەیئەتی حیزبی دیموکرات سپاسی خۆیان ئاراستەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی لێبووردن و بە تایبەت خاتوو ئیلیزابێت کردو لە سەرەتای باسەکەیان دا تیشکیان خستە سەر ئەو تەوژمی گرتن، ئەشکنجە و ئیعدامەی کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە دژ بە گەلی کورد، بە شێوەیەکی تەواو سیستەماتیک لە لایەن کاربەدەستانی ڕژیمی ئێرانەوە پەیڕەو دەکرێ.

لە بەشێکی دیکە ئەو دیدارە دا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاماژەی بە ڕەوشی نالەباری ئەو پەنابەرە کوردانە کرد کە ڕوویان لە وڵاتی سوید کردوە و بەشێکی زۆریان، سەرەڕای ئەوەی کە ساڵانێکی زۆری تەمەنیان لە پێوانی ڕزگاری گەلەکەیان و بۆ خەبات دژ بەو ڕژیمە دیکتاتۆرە سەرف کردوە، بەڵام بەداخەوە هێشتا لە وڵاتێکی دیمۆکراتیکی وەک سوید بێ وڵام ماونەتەوە.

لە کۆتایی ئەو دیدارە دا هەیئەتی حیزبی وێڕای سپاس و پیزانین سەبارەت بە ئامادە بوونی خاتوو ئێلیزابێت لۆڤ گرێن بۆ ئەو دیدارە، ڕاپۆرتێکی ١٤ لاپەڕەیی لە ناوی بەندکراوانی سیاسی کورد لە چاڵە ڕەشەکانی ڕژیمی ئیسلامیی ئێراندا پێشکەشی بەڕێزیان کرد و هیوایان خواست کەو ئەو دیدارانە هەروا بەردەوام بن، کە لە بەرامبەر دا خاتوو ئێلیزابێت، ئامادەیی و خۆشحاڵی خۆی بۆ درێژە دانی ئەو دیدارانە دەربڕی..

# هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ بەشداری لە کۆریادی یەک ساڵەی تێرۆرکرانی شەهید مەشعەل تەمۆدا کرد



دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەک شەمە ٢٣ی ڕەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی، بەرانبەر بە ١٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ی زایینی، بە بەرشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ساڵیادی تیرۆر کرانی شەهید مەشعەل تەمۆ، سەرکردەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بە دەستی ڕێژیمی بەعسی سوریە بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد، پاشان لە لایەن بەڕێوەبەرانی کۆریادەکە باسێک لە سەر تیرۆر کردنی شەهید مەشعەل تەمۆ کرا.

دواتر لە لایەن ئەختەر چاودری، ئەندام پارلمانی نۆرویژ سەر بە حیزبی سوسیالیستی چەپ وتارێک لە سەر ترۆر کردنی شەهید مەشعەل تەمۆ و مەسەلەی چەوساندنەوەی گەلی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

شایانی باسە کە پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ لە لایەن بەرێز ئەحمەد نەقشی خوێندرایەوە و لە بەشێک لەم پەیامەدا هاتبوو؛ بێگومان شەهیدکرانی مەشعەڵ تەمۆ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەورە گرنگەی لە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژئاوای کوردستان و ڕاپەڕینی ئێستای خەڵکی سووریە لە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی بنەماڵەی ئەسەدو حیزبی بەعس دا هەیبوو، بە خەسارو زەبرێکی بەژان دەژمێردرێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە خەڵکی ڕاپەڕیوی سووریە بە کورد و عەرەبەوە بەم زەبرانە بە چۆکدابێن و بەڵکوو ئازادیخوازانی سووریە بە شەهیدبوونی مەشعەلەکان لە بڕینی ڕیگای خەبات شێلگیرتر دەبن.

جێگای ئاماژەپێکردنە کە وەڤدی کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرێزان ئەحمەد نەقشی، عەبدوولڵا شەقاس، سەعید باختە و حوسێن حاجی ئەحمەدی پێک هاتبوو.

# سمیناری «مێژووی خەباتی ژنی کورد و پەروەردە و فێرکردن لە دوو کۆمەڵگاو کولتووری جیاوازدا» لە نۆروێژ بەڕێوەچوو



_٢٠١٢ی زایینی یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە نۆروێژ سێمیناریکی بۆ بەرێزان گەلاوێژ قادری و ئەوین ڕۆستەمی لە شاری سترۆممێن پێک هێنا.

سەرەتا سمینارەکە بە یەک خولەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان بەرێز مەحبووبە ڕەحیمی، بەرپرسی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ بەخیر هاتنی میوانانو بەشدارانی سێمینارەکەی کرد.

دواتر گەلاوێژ قادری باسێکی لە سەر مێژووی خەباتی ژنان بەگشتی و ژنی کورد بە تایبەتی پێشکەش بە بەشداربووان کرد. ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بە خەباتی ژنان لە پێناوی وەدیهێنانی مافە سەرەکیەکانی خۆیان بۆ وێنە مافی دەنگدان، خوێندنی باڵا و هەروەها مافە سەرەتاییەکانی کرد و ئاماژەی بە خەباتی ژنی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و هۆکارەکانی بەردەوامی زوڵم و زۆر لە سەر ژنان کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەم سمینارەدا بەرێز ئەوین ڕۆستەمی لە سەر پەروەردە و فێرکردن بەتایبەت زمانی دایک لە دوو کۆمەڵگاو کولتووری جیاوازدا و ڕۆڵی دایک، باسێکی پێشکەش کرد. ناوبراو بە ئاماژەدان بەو بابەتانە وتی، بەشێکی بەرچاو و گرینگ لە پەروەردە و فێرکردن باس لەوە دەکا کە چۆن منداڵ فێری هەڵسوکەوتی نێو کۆمەڵگا بکرێت و هاوکات ڕابهێنرێت بۆ خۆ گونجاندن لە ناو کۆمەڵگادا. یەکێک لە ئەرکەکانی دایک و باوک ئەوەیە کە هەوڵ بدەن بۆ هاندان و فێرکردنی منداڵ لە پێوەندی لە گەل هەڵسوکەوتی گونجاودا. خاتوو ئەوین ڕۆستەمی لە پیوەندی لە گەڵ گرینگیی زمانی دایک لە پەروەردەی منداڵ دا کوتی کە، زمانی دایک پردێکە لە نێوان دایک و باوک و منداڵ و زمانی دایک سەرچاوەیە بۆ بوونی گفتوگۆیەکی ئاشکرا کە لە ئاکامدا شوناسی منداڵی لێ دەکەوێتەوە.

لە داویین بەشی ئەم سمینارەدا ژمارەیەک لە بەشارانی کۆرەکە بە پرسیارو و باسکردنی تێبینییەکانیان لە سەر بابەتە پێشکەشکراوەکان، بەشداریی باسەکانیان کرد.

# کۆڕێک بۆ بەرپرسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو

ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممە ١٨ی ڕەزبەری ١٣٩١ (٩ ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢) بە بەشداریی بەڕێزان دۆنی گاوەر، سەفیری فەڕانسە لە عیراق و ئالەن گێپرات، کۆنسولی گشتیی فەڕانسە لە هەولێر و ژمارەیەک لە وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییە کورد و بیانییەکان، کۆڕێک لە ئەنستیتۆی فەڕانسەیی هەولێر بۆ بەڕێز سۆکۆل کۆندی، بەڕێوەبەری ئۆفیسی نەتەوە یەککگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان پێک هات.





لە سەرەتای کۆڕەکەدا پاش وتەیەکی بەخێرهێنانی ڕێکخەران و بەڕێوەبەرانی کۆڕەکە کە بریتی بوون لە بەڕێزان ستێفان تێلیە، لەلایەن ئەنستیتۆی فەڕانسەیی و د. ئاسۆ حەسەن زادە، لەلایەن ڕۆژنامەی لومۆند دیپلۆماتیکی کوردییەوە، خاتوو نەزەند بەگیخانی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی لومۆند دیپلۆماتیکی کوردی بەکورتی بیرۆکەی دەرکردنی ئەو ڕۆژنامەیە بە زمانی کوردی و هەروەها ئەو کۆڕانەی کە لەلایەن ئەو ڕۆژنامەیەوە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنستیتۆی فەڕانسەیی دەبەسترێن شی کردەوە.

پاشان بەرێز سۆکۆڵ کۆندی، بەرێوەبەری ئۆفیسی یوونامی (واتە پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عیراق) لە کوردستان باسەکەی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد لەژێر سەردێری «ئەزموونەکانی ناوبژیوانیێکی ئاشتی» کە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتبوو کە بریتی بوون لە کورتەیەک لە بنەمای یاسایی و مێژووی ئۆپەراسیۆنەکانی پاراستنی ئاشتی لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان و هەوڵدان بۆ وڵامدانەوە بەو پرسیارە کە ئایا لە مەیدانی واقیعدا چالاکییانە زۆر جیاواز و ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەرداهاتوە. لەحاڵێکدا کە لە سەرەتادا ئەرکی ئەم مەئموورییەتانە زۆرتر چاوەدێری کردن بەسەر ئاگربەس و پاراستنی ئاشتی لەنێوان لایەنەکانی ناکۆکیدا بووە، لە سەردەمی نوێدا نەتەوە یەکگرتووەکان ناچار بووە لە هێندێک لەو وڵاتانەدا حکومەتی ئەو هەرێمانە کە دەستێوەردانی مرۆڤیی تێدا کراوە بە دەستەوە بگرێ. ئەو کێشەی کۆسۆڤۆی وەک نموونە بۆ بەشداربووانی کۆنفرانسەکە باس کرد و گوتی کە لەگەڵ ئەوەدا کە لە سەرەتادا هەموو بوارەکانی خزمەتگوزاریی گشتی و ئاسایش بەدەست ئیدارەی نێودەوڵەتیەوە بوو، بەڵام دواتر نەتەوە یەکگرتووەکان لە چەند هەنگاودا بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی بە نوخبەکانی ئەم وڵاتە سپارد و هەر ئەوەش خەڵکی کۆسۆڤۆی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی ئامادە کرد. بەرێز کۆندی دواتر باسی کێشەی نێوان باشوور و باکووری سوودانی کرد وەک نموونەیەک کە لەودا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەتی لە دیاریکردنی سنووری ئەو ناوچانەی بەهۆی بوونی نەوتێکی زۆر کێشەی لەسەرە سەرکەوتوو نەبووە و سەرکەوتنی وێڕای تێبینی دان و پرسیار کردن لە پێکهاتە و سیستمی کاری نەتەوە یەککگرتووەکان و هەقی ڤێتۆ لە ئەنجومەنی ئاسایش و ناکارایی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دەرکردنی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەسەر پرسی سووریە، باسەکەی بەرێز کۆندییان بەستەوە بە مەسەلەی کورد، مەسەلەی کەرکووک، و مافی دیاریکردنی چارەنووس، پرسی جیابوونەوە و سەربەخۆیی. لەو بەشەدا کاک برایم زێوەیی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر کە یەکێک لە ئامادە بووانی ئەم کۆنفرانسە بوو ئاماژەی بە پێشێلکردنی مافی کوردەکان لە ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کرد و وەک نموونەش ئاماژەی بە کەیسی محمەد سەدیقی کەبودوەند کرد.

شایانی گوتنە کە لە بەشێکی سیمینارەکەدا بەرێز سەفیری فەڕانسە لە عیراقیش ڕوانینەکانی خۆی و دەوڵەتی فەڕانسەی لەمەڕ قەیرانی سووریە و بە گشتی لەپێوەندی لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی سەردەمی ئەمڕۆ لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا خستە ڕوو

# کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریە لە وڵاتی سویس کۆ بوونەوە



ناوەندی هەواڵی کوردستان و کورد: ڕۆژی شەممە ٢٠ / ١٠ / ٢٠١٢ لە شاری زوریخ لە سەر داوای کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سویس، هەیئەتێکی کۆمیتەی ناوبراو، لە گەڵ هەیئەتی دەستەی بەرێوەبەری ئەنجومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریە کە نوێنەرایەتیی ١٦ حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکا، کۆ بۆوە.

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەدا بەرێز یاسین مەولوودی، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی سویس، بەخێرهاتنی هەیئەتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریەی کرد و پێوەندییەکانی ئەنجومەنی ناوبراوی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرز نرخاند.

پاشان بەرێز محەممەد سەعدوون، بەرپرسی هەیئەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە باسێکی کورتی لە مێژووی دروست کردنی ئەنجومەنی کورد لە سووریەی کرد و هۆی پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنەی باس کرد.

لە درێژەی ئەم دیدارەدا هەردوو هەیئەت وێڕای زانیاری گۆڕینەوە لە سەر مێژووی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان، لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی ئەمرۆی ڕۆژاوای کوردستان و قەیرانەکانی سووریەو هەر وەها بارودۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم پێوەندییانەدا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لە دوایین بەشی ئەم دانیشتنەدا هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆمیتەی سویس و ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە لە سەر درێژەدان بە پێوەندییەکانی هەردوو لا پێیان داگرتەوە.

درێژەی:

## پرسی کورد، دیالۆگ و ئەزموونەکانی دوو وڵاتی تورکیە و ئێران

پرسی کورد لە تورکیە ئەزموونیکی باشە ئەگەر کەسانێک عەقڵی لێوە فێربوونیان هەبێ. بۆ ماوەی دەیان ساڵ، دەولەتە شوێنیشتەکانی ئەو وڵاتە، بە توندترین شێوەکانی سەرکوت هەوڵیان دا، «کێشە»ی کورد و بەرهەڵست وبەربەرەکانیی ئەو نەتەوەیە بۆ داکۆکی لە مانەوەی خۆی و گەیشتن بە مافەکانی، نەک هەرلە قووڵایی شار وناوچەکانی باکووری کوردستان، بەڵکوو لە سنوورەکانیش نەهێڵن. بەڵام «کێشەکە« نەک هەر لێیان دوور نەکەوتەوە، بەڵکوو وەک دەبینین لە ئانکارا و لە ئەستانبوول بەربینگی پێگرتوون! هەر ئەوەشە وای کردوە ئەو عەقڵییە تە لەو وڵاتە دا سەرهەڵ بدا کە دەبێ تورکیە ئەو پرسە، بە ڕیگایەکی غەیری سەرکوت، تواندنەوە وئینکار، بە دیالۆگ چارەسەر بکا . ئەو عەقڵییە تە لە سەرەتای ڕێگە دایە و هێشتا کۆسپی زۆری لە بەردەمە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر بە ڕاستی پشتی پی ببەسترێ، دەتوانێ بناغەیەکی پتەوە بۆ پێکەوەژیانی برایانە و ئاشتیانە و بە دوور لە خوێنڕیژی، بۆ دوو نەتەوەی کور و تورک لەو وڵاتە بدۆزێتەوە. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی دا هیچ ئاسەوارێک لە پەیدابوونی بیرکردنەوەیەکی ئەوتۆ دیار نییە و نەک هەر دەسەڵاتداران، بەڵکوو زۆر لەو کەس و لایەنانەش کە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕیژیمەن، لە پیوەندی لە گەڵ پرسی کورد و نەتەوە بندەستەکانی ئێران دا وەک دەسەڵاتدارە شوێنیستەکان بیر دەکەنەوە و هەر وا دەم لە ئینکار و سەرکوتی نەتەوەکانی دیکە دەدەن.

بەڵام ئێران وڵاتیکی فرەنەتەوەیە و نەتەوە بندەستەکانی، بە سیاسەتی ئینکار و سەرکوت، لە نیو ناچن. ئەو نەتەوە جۆراوجۆرانە دەبی بە یەکەوە و بە دیالۆگ و دانیشتن و ڕێککەوتن، بناغەی داهاتووی هاوبەشیان، دابنێن. بەم دوارۆژبینییەوەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە هەوڵی پێکهێنانی دەرفەتێک دایە کە بەم زووانە هیز و لایەن و کەسایەتییە کورد و ئێرانییەکان، لە سەر بناغەی قبووڵی جۆراوجۆر ییەکانی ئێران ڕووبەڕوو لە گەڵ یەکتر بکەونە دیالۆگ، بۆ ئەوەی ئەزموونەکانی دەولەتانی ناوچە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ پرسی کورددا دەرسیان لێ وەربگیرێ و ئێران وئێرانییەکانی داهاتوو، ناچار نەبن بەردەوام ڕابردووی خۆیان دووپات بکەنەوە.

# کێ دژی راگرتنی گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکانە؟



مەسعود ڕەواندوست

هەژدە مانگ دوای بەڕێوەچوونی گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکان (یارانەکان) لە ئێران، ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی ڕەزبەر مەجلیسی ئێران گەڵاڵەی یەک فەورییەتیی راگرتنی فازی دووهەمی ئەم گەڵاڵەیەی بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرد. گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکان دوای لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی کارناسانەی ئابووریناسانی دەوڵەتەکانی پێشوو و بە مەبەستی هاوتەرازکردنی نرخی سەرچاوەکانی وزە وەک نەوت و گاز و بێنزین و ئاو و بەرق لەگەڵ نرخی بازاڕە جیهانییەکان دارێژرا، بەڵام هیچکام لە دەوڵەتەکانی پێش ئەحمەدی‌نژاد بە هۆکاری جۆراوجۆر نەیانتوانی بەڕێوەی بەرن. لە سەردەمی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد و بە پاڵپشتیی تەواوی خامنەیی سەرەڕای دژایەتی و هاوار و باسی جۆراوجۆر لەسەر گونجاو نەبوونی کات و هەلومەرجەکە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم گەڵاڵەیە و هۆشداری‌دان لەسەر ئاسەوار و ئاکامەکانی لەسەر ئابووریی لاوازی ئێران، گەڵاڵەکە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بە پێی ئەم گەڵاڵەیە دەوڵەت نرخی سەرچاوەکانی وزەی هەتا ئاستێکی دیاریکراو بەرز دەکردەوە و لە بەرامبەردا بەشێک لە داهاتی گران کردنەکەی وەک سوبسیدی نەغدی دەداوە بە خەڵک. ئەم سوبسیدە نەغدییە تا ئێستا بە پێی قانوون بە خەڵک دراوە. بەڵام ئێستا دوای ١٨ مانگ مەجلیسی ڕێژیم بەڕێوەبردنی فازی دووهەمی ئەم گەڵاڵەیە رادەگرێ.

لە ماوەی ١٨ مانگی رابردوودا کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی گرنگ بەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووریی ئێران‌دا هاتوە. لەباری سیاسییەوە هەم لە نێوخۆ و هەم لە پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزتر و شێواوتر بۆتەوە. لە پێوەندییە نێوخۆییەکانی ڕێژیمدا بە پێچەوانەی دەوری پێشووی سەرۆک کۆماریی ئەحمەدی‌نژاد کە پشتیوانیی تەواو و بێ ئەملا و ئەولای خامنەیی لەپشت بوو، ئەمجار خامنەیی و ئەحمەدی‌نژاد کەوتوونەتە دوو بەرەی دژ بەیەک و نەک پشتیوانییەکانی خامنەیی لە ئەحمەدی‌نژاد نەماون بەڵکوو بناژۆخوازان و داروودەستەی خامنەیی بە ئاشکرا دژایەتیی ئەحمەدی‌نژاد و دەستوپێوەندەکانی دەکەن و بە هۆکاری گرفتاری و کێشەکانی ئەمڕۆی ئێرانی دەزانن. ئەحمەدی‌نژادیش لەم ماوەیەدا بە سیاسەتە غەڵەت و سەرەڕۆیانەکانی ئەوەی لە تێکدان و وێرانترکردنی بارودۆخی ئێران‌دا دەکرا کەمی درێغی نەکردوە و ڕێژیمی تووشی قەیراناویترین دۆخی تەمەنی کردوە.

لە پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا، بەردەوامی و ملکەچ نەبوون بە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی‌دا ڕێژیمی زۆر زیاتر لە پێشوو تەریک و تەنیا کردۆتەوە و بازنەی گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکان بۆ سەر ئێران لە هەر کاتێکی دیکە تەنگتر بوونەتەوە. بەڕێوەبەریی سەقەت و نازانستیانەی ڕێژیم و گەمارۆ ئابوورییە قورسەکان کارێکی وایان کردوە ئابوریی ئێران تووشی قەیران و نشوستییەکی بێ‌وێنە بێت و بەرزبوونەوەی نرخی دراوە بیانییەکان و دابەزینی نرخی دراوی ئێران و نزیکبوونەوەی دۆلاری ئامریکا لە سنووری ٤٠٠٠ تمەن، بازاڕی ئێرانی تووشی پشێوی کردوە و نرخی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیانی خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ گۆڕانیان بەسەردا دێ و توانای کڕینی پێداویستییەکانی خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە.

لەم بارودۆخەدا و لە حاڵێکدا کە لە قانوونی بودجەی ساڵی ٩١ی ئێراندا جێبەجێکردنی فازی دووهەمی گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکان پێشبینی کراوە، مەجلیس راگرتنی فازی دووهەمی ئەم گەڵاڵەیە پەسند دەکا.

ئەم گەڵاڵەیە راگرتنەکەشی وەک دەستپێکردنەکەی پڕ بوو لە باس و موناقەشە و، دژایەتی و لایەنگریی زۆری لەگەڵ کرا و لایەنگران و دژبەرانی گەڵاڵەکە بەڵگە و هۆکاری خۆیان خستەڕوو. بەڵام جیاواز لە هەموو بیروبۆچوونە نەزەری و تیۆریکەکان ئەوەی جێی لێوردبوونەوەیە هەلومەرجی ئێستا و هۆکارەکانی گەیشتنی هەلومەرجەکە بە دۆخی ئێستایە کە مەجلیسی ناچار بە راگرتنی گەڵاڵەکە کردوە.



لە پێوەندی لەگەڵ خودی گەڵاڵەکە و شێوەی بەڕێوەبردنی‌دا، دەوڵەت وەک زۆربەی کار و بەرنامەکانی دیکەی شێوازێکی غەڵەت و نازانستیی گرتەبەر. هەروەک گوترا لە بناغەڕا مەبەستی گەڵاڵەکە بردنەسەری نرخی سەرچاوەکانی وزە و نزیک کردنەوەی لە نرخە جیهانییەکان و لە بەرامبەردا دانی سوبسید بە خەڵک و بە تایبەت بە بەشی پیشەسازی بوو بۆ ئەوەی بەشی پیشەسازی بەهێز بکرێ و بکەوێتە دۆخێکی ڕکەبەرانە و ئاستی بەرهەمهێنان بەرز بێتەوە و ئەوەش ببێتە هۆی دابەزینی نرخەکان. بەڵام دەوڵەت لەم بوارەدا بە پێچەوانەوە جووڵاوە و سوبسیدی نەغدیی خەڵکی دا، بەڵام یارمەتییەکەی بە بەشی پیشەسازی یان هەر نەبوو یان لە ئاستێکی زۆر کەمدا بوو کە ئەوە جگە لە زیادکردنی پووڵی نەغد لە بازاڕ و زیاترکردنی ئاوسانی ئابووری، ڕێژەی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی دابەزاند چونکە کارگە و کارخانەکان بەهۆی گرانبوونی کەرەسە سەرەتاییەکان و نەدانی سوبسیدی تایبەتی بەشی پیشەسازی توانای بەرهەمهێنانیان نەما و ئەوە بووە هۆی ئیفلیج بوونی زیاتری پیشەسازیی نێوخۆیی و زەبرێکی قورس لە ئابووریی وڵات.

لە لایەکی دیکەوە ناسەقامگیریی بازاڕی دراو و هەڵکشانی لەڕادەبەدەری نرخی دراوە بیانییەکان و نزیک بوونەوەی نزخی دەلار لە سنووری ٤٠٠ تمەن ئەگەری بەڕێوەبردنی ئەم گەڵاڵەیەی ئەوەندەی دیکەش کەم کردەوە و تەنانەت ئاستەم کرد. هەروەک گوترا ئامانجی سەرەکیی ئەم گەڵاڵەیە گەیاندنی نرخی سەرچاوەکانی وزە بە نرخە جیهانییەکان بوو کە بە چوونەسەری زۆری نرخی دراوە بیانییەکان ئەم کارە زۆر زەحمەت و تەنانەت نامومکینە. چونکە بۆ وێنە نرخی یەک گاڵۆن بێنزین لە بازاڕەکانی ئامریکا چوار دۆڵارە کە ئەگەر وای‌دانێین دۆڵار بە سێ هەزار تمەن بێ، نرخی ئەم گاڵۆنە بێنزینە دەکاتە دوازدە هەزار تمەن کە گەیاندنی نرخی نێوخۆیی بێنزین بەم ئاستە لە بارودۆخی ئێستای ئێران‌دا مەحاڵە. کەوابێ بە کردەوە لەم قۆناغەدا ئەم گەڵاڵەیە شکستی خواردوە.

جگە لەوە ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە بودجەی ئەمساڵدا پێشبینی کرابوو کە داهاتی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکان نزیک بە ٦٦ هەزار میلیارد تمەن بێ کە بەو چارەنووسەی تووشی گەڵاڵەکە بۆوە ئاشکرایە ئەم داهاتە وەدی نایە و ڕوون نییە چارەنووسی تەرازی بودجەی ئێران بۆ ساڵی ٩١ بەو ئاڵوگۆڕانە بە کوێ دەگا و چی بەسەر دێ؟

ئەم دۆخەی بە کورتی ئاماژەی پێکرا نیشان دەدا کە دەوڵەت سەرەڕای دژایەتیی رواڵەتی لەگەڵ راگرتنی فازی دووهەمی ئەم گەڵاڵەیە باش دەزانێ توانای بەڕێوەبردنی گەڵاڵەکەی نیە و ئەم گەڵاڵەیەی کە دەیتوانی یارمەتییەکی باش بە ئابووریی ئێران بگەیەنێ، بە بەڕێوەبەریی غەڵەتی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد بەڵایەکی وای بەسەر هات کە زەرەکانی زۆر زیاتر بوون لە قازانجەکەی. هەر بۆیە سەرەڕای دژایەتی و ناکۆکیی رواڵەتیی نێوان دەوڵەت و مەجلیس لەسەر راگرتن و رانەگرتنی فازی دووهەمی ئەم گەڵاڵەیە ڕوون و ئاشکرایە کە هەر دوولا بە دڵ خوازیاری راگرتنی گەڵاڵەکەن.

# کۆماری ئیسلامی، لە ژیان لە ناو قەیرانەوە بەرەوە مەرگ لە قەیران دا



مادح ئەحمەدی

قەیرانی ئێران بە قووڵییەکی زیاترەوە درێژەی هەیە. قەیرانی ئەمڕۆ لە ئێران، قەیرانێکی ئابوورییە کە خۆی بەرهەمی قەیرانی دیکەیە. ئەگەر پێشتر دەمانگوت کۆماری ئیسلامی سیستمێکە کە بەرهەمی قەیرانە و بەردەوام لە قەیراندا دەژیت، ئەوا ئەمڕۆ قەیران تەنگی پێ هەڵچنیوە و گەرووی گرتوە و خەریکە بیخنکێنێ، ئەویش قەیرانێک کە گەمە لەگەڵ ژیانی مرۆڤەکان دەکا.

قەیرانی ئابووری لە ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە و ریکۆردی تازەتر تۆمار دەکا، بە جۆرێک لە ماوەی هەفتەی رابردوودا دۆلار سنووری چوارهەزار تمەنیشی تێپەڕاند! لە ئاکامی ئەم قەیرانەدا ئاستی بەرهەمهێنانی نێوخۆ بە ڕێژەیەکی زۆر دابەزیوە و ژمارەیەکی زۆر لە کارگە و کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان داخراون و لە ئاکامی گەمارۆکان و پچڕانی پێوەندیی ئابووریی وڵاتان لەگەڵ ئێران هاوردەکردنی شتومەکیش زۆر زۆر کەمە. تەنانەت ئەگەر هەشبێ بەو پێیەی کە بە پێی نرخی دۆلار دەکڕدرێ، لە نێو ئێران تێچووی کڕینی بۆ خەڵک چەند قات بۆتەوە. ئەمە قەیرانێکە کە ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێرانی گرتۆتەوە و سات بە سات کاریگەرییەکانی لە سەر ژیانی خەڵک هەست پێدەکرێ.

**قەیران لە قەیران دا**

سەرەڕای ئەم دۆخە، خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئەم قەیرانە خۆی دەرکەوتەی چەند قەیرانی دیکەیە کە ئەوانیش ریشەیان لە سیاسەت و ستراکتۆری کۆماری ئیسلامی دایە. بۆیە دەرکەوتە و زیانەکانی ئەم قەیرانە ئابوورییەی ئێستا بە چەند قات ڕەنگدانەوەی لە سەر ژیانی خەڵک هەبووە و هەتا دێ خەڵک زیاتر دەکەونە ژێر گوشارەوە. سیاسەتە فراوانخوازەکانی کۆماری ئیسلامی بووە هۆی دروست بوونی قەیرانێک بە ناوی «قەیرانی ناوکی». ئەم بابەتە ئێرانی لە ئاستی نێودەوڵەتی دا تووشی قەیرانێکی قووڵ کرد. بۆیە هەرچەشنە متمانەیەکی لە نێوان ڕۆژئاوا و ئێران دا لە ناو برد و وەک پرۆژەیەکی شەڕهەڵایسێنانە هاتە گۆڕێ و قەیرانیی گەورەی دیکەی لێکەوتەوە. بە پێی ئەوەی کۆماری ئیسلامی گوێی بە دواکارییەکانی ڕۆژئاوا نەدا و پێداگر بوو لە سەر پیتاندنی یۆرانیۆم، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکیەتیی ئورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاکامدا ناچار بوون لە ڕێگای سەپاندنی چەند گەمارۆیەک بە سەر کۆماری ئیسلامی دا، ئەو وڵاتە ناچار بکەن کە پاشەکشە بکا. بەڵام کۆماری ئیسلامی کۆڵی نەدا و ئەم گەمارۆیانەش چەند قۆناغی دیکەی بڕی و گەمارۆی دیکەی لێکەوتەوە و گەیشتە کەرتی وزە کە بڕبڕەی پشتی ئابووریی ئێرانە و هەفتەی رابردوو بواری پێوەندییەکان و ڕاگەیاندنیشی گرتەوە. بە جۆرێک کە تمەن هەموو ڕۆژێک ریکۆردی تازە تۆمار دەکات و هەموو ڕۆژێکیش ریکۆردەکانی لە کتێبی تۆماری ریکۆردە جیهانییەکانی «گینس»دا دەنووسرێتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە لە ئاستی نێوخۆدا لە ئێران چەندین گرووپ و قۆڵی جیاواز لە ململانێ لەگەڵ یەکتری دان. لە ماوەی سێ ـ چوار ساڵی رابردوودا، ئەوەندەی دەبینرێ بەرژەوەندی ئەم قۆڵانە جیاوازیان پێکەوە هەیە و بۆیە بەردەوام لێک دوور دەکەونەوە و کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان قووڵتر دەبێتەوە. قەیرانی ئێستا چونکە بە ڕواڵەت ڕووی لە ئەحمەدی نژاد و کابینەکەیەتی، لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا و بەتایبەتی لە یەک ساڵی رابردوودا ئەوەندەی قۆڵەکانی دیکە بۆیان کراوە هەوڵی قووڵتر کردنەوەیان داوە. بە تایبەتی ئێستاکە ئێران بەرەوە هەڵبژاردنی خولی یازدەیەمی سەرکۆماری دەچێ، ململانێی ئەم ڕەوت و لایەنە سیاسیانەی نێوخۆی ئێران لەگەڵ یەکتری بێگومان کاریگەریی زۆری دەبێ لە سەر قووڵتر کردنەوەی کێشەکە.

> **ئەگەر ئەم دۆخە درێژە بکێشێ خەڵک قبووڵی ناکەن و ڕەنگە ناڕەزایەتیی گەورەی لێ بکەوێتەوە کە کۆتایی بە کۆماری ئیسلامی بێ. ئەگەریش ببێتە هۆی ئەوەی گۆڕانێک دروست بکا و کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتەکانی دا بچێتەوە (کە ئەگەرێکی زۆر دوورە) و لە نێوخۆ کرانەوەیەک بێتە ئاراوە و لە ئاستی نێودەوڵەتییش لەگەڵ ڕۆژئاوا ڕێک کەون، دیسان بەو مانایەیە کە ئەو کۆماری ئیسلامییەی ئێستا، نەماوە**

بەگشتیی ئەگەر بمانەوێ کورتی بکەینە، قەیرانی ئابووریی ئەمڕۆی ئێران، قەیرانێکە کە بەرهەمی قەیرانی ناوکی و قەیرانی نێودەوڵەتییە و بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی نێوخۆیی ئەو وڵاتە. بە واتایەکی دیکە ئەمە قەیرانە لە نێو قەیرانی دیکەدا.

**ژیان لە قەیران دا**

لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا بەردەوام ئەم بابەتە کە «کۆماری ئیسلامی بەرهەمی قەیرانە و لە قەیران دا دەژی» ڕەنگدانەوەی لە گوتاری سەرجەم هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی دا هەبووە. لە هێزە چەپە رادیکاڵەکانەوە بگرە تا هێزی میانەڕەو و راست و کۆنەپارێز، بەردەوام مانۆڕیان لە سەر ئەم بابەتە داوە و لە بەیاننامە و وتار و ڕاگەیەندراوەکانیدا ئەمە دەردەکەوێ. بەردەوام دەڵێین کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکاری خۆوەوەی، بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لە تاران بە هێز بکا و ڕێگا نەدا پەراوێز بەهێز بێ، شەڕی کوردستانی دروست کرد و هێرشی کردە سەر کوردستان. لەم قەیرانەدا ویستی ناوەندێکی بەهێز دروست بێ و هێزەکانی دیکە بخاتە دەرەوەی هاوکێشەکان و پەراوێز لاواز بکا. بەردوام دەڵێین کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی پەرە بە دەسەڵاتی ملیتاریستیی خۆی بدا، چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەستگیر دەکات و تۆمەتی جۆراوجۆریان دەخاتە پاڵ و بشێوی و نائارامی دروست دەکا بۆ ئەوەی فەزایەکی پۆلیسی دروست بکا. بەردەوام دەڵێین کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی لە ناوچەکەدا وەک جەمسەرێک دانی پێدابنرێ، کێشە دروست دەکا و لە دژی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، پشتیوانیی تیرۆریزم دەکا. لە عێراق دەستێوەردان دەکا و بشێوی دروست دەکا بۆ ئەوەی ڕۆڵی زیاتری هەبێ. لە ئەفغانستان بەهەمان شێوە، لە سوریا و وڵاتانی کەنداو و... بەشێوەیەکی دیکە. تیرۆری ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و سیاسەتوانانی نەیاری خۆی لە وڵاتانی جۆراوجۆر و ناوخۆی ئێران و ... هەموو ئەمانە پێشتر وا لێکدەدرانەوە کە کۆماری ئیسلامی بە دروستکردنی قەیران دەژی و درێژە بە تەمەنی خۆی دەدا. ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا بۆ ئەو، نیشانەی سەرکەوتنێکی گەورە بووە و توانیویەتی لە دروستکردنی قەیران کەلک وەربگرێ.

**مەرگ لە قەیران دا**

بە لە بەرچاو گرتنی بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە ئێستا بەرۆکی خەڵکی ئێرانی گرتۆتەوە، بەو ئاکامە دەگەین ئەمڕۆ هاوکێشەکە گۆڕاوە و قەیرانی ئەمڕۆ ناتوانێ یارمەتیی کۆماری ئیسلامی بدا بۆ ئەوەی تەمەنی درێژتر بێ. دیار ئەمە بەو مانایە نییە کە بڵێین کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆ یان سبەی لە ئاکامی ئەم قەیرانەدا دەرووخێ. مەبەست زیاتر ئەوەیە کە ئەگەر لە رابردوودا کۆماری ئیسلامی قەیرانی دروست دەکرد بۆ ئەوەی بژی و خۆی بەهێزتر بکا، ئەمڕۆ لە ئاکامی ئەم قەیرانەدا نەتەنیا لاواز دەبێ، بەڵکوو بەرەوە ئەوە دەچێ کە ئەم قەیرانە مەرگی کۆماری ئیسلامیی لێ بکەوێتەوە.

ئەگەرچی ئەم قەیرانەی ئێستا بەرهەمی سیاسەتی قەیران خوڵقێنی کۆماری ئیسلامییە لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا، بەڵام هاوکات کۆتایی بە تیۆری «کۆماری ئیسلامی بەرهەمی قەیرانە و لە قەیران دا دەژی» هێناوە و ئەمجارە قەیرانەکە لە کۆنترۆڵی کۆماری ئیسلامی دا نییە و کۆماری ئیسلامی دیاریکەر نییە. هەر وەک ئاماژەی پێ کرا، قەیرانی ئەمڕۆ راستەوخۆ لەگەڵ ژیانی خەڵک بەرەوڕووویە و ئەمەش مەرگێکی گەورەی بۆ کۆماری ئیسلامی بەدوا دا دێت. واتە ئەگەر ئەم دۆخە درێژە بکێشێ خەڵک قبووڵی ناکەن و ڕەنگە ناڕەزایەتیی گەورەی لێ بکەوێتەوە کە کۆتایی بە کۆماری ئیسلامی بێ. ئەگەریش ببێتە هۆی ئەوەی گۆڕانێک دروست بکا و کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتەکانی دا بچێتەوە (کە ئەگەرێکی زۆر دوورە) و لە نێوخۆ کرانەوەیەک بێتە ئاراوە و لە ئاستی نێودەوڵەتییش لەگەڵ ڕۆژئاوا ڕێک کەون، دیسان بەو مانایەیە کە ئەو کۆماری ئیسلامییەی ئێستا، نەماوە.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ٣٤ ساڵ لەمەوبەر لە ئاکامی قەیرانێکدا لە دایک بوو و زیاتر لە سێ دەیە لە قەیران دا ژیا، ئەمڕۆ خەریکە لە چوارەمین دەیەی تەمەنی دا لە قەیران دا بمرێ. بەڵام نابێ پەلە بکەین و دەبێ چاوەڕوانی ڕووداوەکانی داهاتوو و دەرکەوتەکانی ئەم قەیرانەی ئێستا بین. چونکە ڕووداوەکانی داهاتوو و دەرکەوتەکانی ئەم قەیرانە چارەنووسسازن و دەتوانن سەرەتایەک بن و بۆ لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی ئێراندا.

### وتووێژ لە گەڵ بەرپرسی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر

# لە بارەی کۆنگرەی نائاسایی دووهەمی B.D.P



هەروەک ئاگادارین ڕۆژی یەکشەممە ١٤ ی ئۆکتۆبر بەرامبەر بە ٢٣ی ڕەزبەر کۆنگرەی دووەمی نائاسایی پارتی ئاشتی و دێموکراسی (BDP) لە شاری ئانکارا پایتەختی تورکیە بەڕێوەچوو کە لە ڕێوڕەسمی کرانەوەی کۆنگرەکەدا جگە لە کۆنسوولی نزیک بیست وڵاتی ئورووپایی و زۆر ئۆرگان و ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنیی نێوخۆی تورکیە، نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان بەشدار بوون. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەشداری لەم کۆنگرەیەدا بانگهێشت کرابوو. کاک براییم زێوەیی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری هەولێر، یەکێک لە ئەندامانی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو لەم کۆنگرەیەدا. ماڵپەڕی «کوردستانوکورد» لە پێوەندی لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم کۆنگرەیە چەند پرسیارێکی لە گەڵ هێنایە گۆڕێ. سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی دەقی وتووێژەکە ڕادەکێشین:

**کوردستان و کورد: یەکەم پرسیارمان لە ناوی کۆنگرەکەوە دەست پێ دەکەین. هەروەک گوترا ئەم کۆنگرەیەی BDP کۆنگرەیەکی نائاسایی بوو. هۆکارەکانی ئەوەی ئەم کۆنگرەیە نائاسایی بوو چیە؟**

**براییم زێوەیی:** دەبێ بگوترێ کە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی کە کۆنگرەی دووهەمی B.D.P بە کۆنگرەی نائاسایی ناوی دەبرێ ئەوەیە کە لە ژمارەی ٨٠ کەسی ڕێبەری پێشووی ئەو حیزبە ٥٧ کەسیان لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمی تورکیەوە دەسگیر کرابوون و لەلایەکی دیکەش چەند کەسیان لە دەرەوەی وڵات ژیانیان دەبردە سەر، دەنا بە گوێرەی پێوەری نێوخۆیی حیزبی ئاشتی و دیموکراسی نێوان دوو کۆنگرە مەودایەکی ٢ ساڵەی بۆ داندرابوو. بێجگە لەوەش لەوانەیە کە ئاڵوگۆر و ڕووداوە کتوپڕەکانی ناوچەکەش فاکتەرێکی دیکەی زووترگرتنی کۆنگرەکەیان بوو بێ.

**کوردستان و کورد: بە ڕای جەنابتان لێک کۆکردنەوەی نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە دەوری یەک لەم کۆنگرەیەدا چ پەیامێک دەگەیەنێ و ئایا ئەوە دەتوانێ نیشایەک بێ لە دەسپێکی لاپەرەیەکی نوێ لە مەسەلەی کورددا بە گشتی؟**

**براییم زێوەیی:** دەعوەتی نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان و کۆ کردنەوەیان لە دەوری یەکتر لە کۆنگرەیەکی ئەوتودا، خۆی لە خۆیدا دەتوانێ هەڵگری هێندێک پەیام و ئاماژەی جۆراوجۆر بێ. یەکێک لە پەیامەکانی، چوونە سەری هەست و شعووری نەتەوەیی و گەشەی ناسیونالیزمی کورد و پێویستیی هاوکاری و هەماهەنگیی کوردەکانی چوارپارچە لە ڕاستای یەکریزی و یەکگرتوویی وتاری نەتەوەیی کورد دایە. شتێکی حاشاهەڵنەگرە لێک نزیک بوونەوە و دانیشتن و لێک تێگەیشتنی کوردەکانی چوارپارچە خاڵێکی ئیجگار گرینگە لە فورمولەکردنی ویستە هاوبەش و ستراتێژیکەکانی کورد کە دەتوانێ ڕوو بە دەرەوە لە ڕەهەندی جۆراوجۆری دنیای دەرەوە و دیپلۆماسی دا، حاڵەتێکی یەک هەڵوێستی و یەک وتاری بە پرسی کورد بدا.

حوزووری حیزبی ئێمەش لە کۆڕی هێزە کوردستانییەکاندا، شتێکی سروشتی و چاوەڕوانکراوە، چونکە وەک دەزانن حیزبی ئێمە ماوەیەکی زۆرە لە سەر ٢ خاڵی سەرەکی و لە عەینی حاڵ دا سەرەتایی، پێداگری دەکا کە یەکێکیان تەحریمی شەڕی کورد بە کوردە و ئەوەی دیکەش چەشنێک کونتراکتی نەتەوەیییە.

**کوردستان و کورد: پێتان وایە پێوەندییەکی مەنتیقی هەبێ لە نێوان گیرانی ئەم کۆنگرەیە و کۆنگرەی حیزبی دەسەڵاتدار لە تورکیە (پارتی داد و گەشە) کە چەند ڕۆژێک پێشتر گیرا و تێیدا ئاماژە بە پێویستیی چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە کرابوو؟ ئایا ئەمە دەتوانێ نیشانەی هاتنە ئارای سیاسەتێکی نوێ و جیددیتر بێ بەرەو چارەسەری مەسەلەی کورد لە توکیەدا؟**

**براییم زێوەیی:** لە پێوەندی لەگەڵ گیرانی کۆنگرەی نائاسایی B.D.P کە بە شوێن گیرانی کۆنگرەی A.K.P هاتە گۆڕێ و مەودایەکی زەمانیی کورتیان هەبوو، هەر چەند لە وڵامی پرسیاری پێشووتان دا، ئاماژەم بە هۆکاری سەرەکیی گرتنی کۆنگرە بەر لە وەختی دیاریکراوی خۆی دا کرد، بەڵام سیاسەت و دیپلۆماسی چەمگەلێکی ئیجگار ئاڵۆز و فرەڕەهەندن و لە دنیای پێشکەوتووی ئێستادا، بۆ چارەسەری بەشێکی زۆر لە گرفت و کێشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و نێودەولەتی، سەرەتا دیالۆگ و دانیشتنەکان لە پشتی پەردە و بە دوور لە چاوی کامێرا، بەڕێوە دەچن کە دەکرێ ئاماژە بە دانیشتنی پێشووی تورکیە و بەرپرسانی P.K.K لە دەرەوەی وڵات بکرێ. هەر ئەو ڕۆژانەش ئەردوغان ڕایگەیاند کە لە پێناو بەرگری لە خوێن ڕشتن، ئەگەر پێویست بێ، لە ئیمرالی لەگەڵ ئوجەلان کۆ ببنەوە. ڕاستە لە کۆنگرەی A.K.Pدا، بە جۆرێک باس لە چارەسەری پرسی کورد کراوە و خۆم لە سەر ئەو باوەڕەم کە تا زەمان دەڕوات جۆری ڕووداوەکان بە ڕادەیەک خێران کە پرسی کورد بە گشتی و پرسی کوردی باکوور وەک قەرینە و ئاراستەی ڕەوتی ڕووداوەکان پێمان دەڵێن، ئەم کێشەیە هەنگاو بەرەو چارەسەری دەنێ. بەڵام دەمارگرژی (افراطگری) و خۆبەزلزانی هەر لایەنێکی کێشەکە، دەتوانێ ڕۆڵی تورمزی بگێڕێ و کەندوکۆسپ دروست بکا.

**کوردستان و کورد: هەروەک ئاگادارن تورکیە لە سیاسەتی دەرەوەی‌دا لە ناوچەکە لە گەڵ دوو ڕێژیمی تاران و دەمێشق کەوتۆتە بەرامبەر یەکتر و بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ سووریە کە لە ڕووخانی بەشار ئەسەد نزیک دەبێتەوە و تێیدا مەسەلەی کورد یەکێک لە مەسەلە جیددییەکانە و سیاسەتی تورکیە لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد لە دەرەوە و نێوخۆی تورکیەدا جۆرێک پارادۆکسی تێدا بووە. پێتان وایە دوای ئەم دوو کۆنگرەیەی باسی لێکرا تورکیە بەرەو ئەوە بچێ سیاسەتێکی ڕوونتر و کراوەتری هەبێ بەرامبەر مەسەلەی کورد بە گشتی؟**

**براییم زێوەیی:** ڕاستە لە سەر ئەم بارودۆخە تایبەتی‌یەی کە لە سوریەدا هەیە، ئۆپۆزیسیون و هێزەکانی ڕیژیمی سوریە بە توندی لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستاون و لە حاڵی شەڕ دان و دیارە ئەم کێشە و ڕووداوانە لە ئاستی ناوچەیی و ئیسلامی و جیهانی دا، دەنگدانەوە و کاردانەوەیەکی بەربڵاوی بەدواوە بووە و جۆرێک لە نێو ئەو هێز و دەوڵەتانەدا، ڕیزبەندیی پێک هێناوە و تا ڕادەیەکیش کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان توانیویانە ئەم دەرفەتە بە قازانجی پرسی نەتەوەیی کورد بقۆزنەوە و هەر لەو ڕاستایەش دا، سیاسەتی تورک بە نیسبەت پرسی کورد جۆرێک پارادۆکسی لێ کەوتۆتەوە و پێی‌خۆشە لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردی سوریەدا، یەکەم: کوردی ئەم پارچەیە بە لانی کەمی مافەکانی خۆی بگات و دووهەمیش ئەو هێزە سیاسییەی کە لە ژێر کاریگەری P.K.K دایە، لە ڕۆژئاوای کوردستان دا، جڵەوی کاروبارەکانی ئەم پارچە نەگرێتە دەست خۆی. بەڵام لە سەر سیاسەتی تورکیە پاش گیرانی کۆنگرەی A.K.P و B.D.P، دەبێ بزانین کە خودی تورکەکانیش زۆر بە چاکی لەوە تێگەیشتوون کە ئاڵوگۆڕەکان زۆر قووڵ و ڕیشەیین و ئەگەر بیانهەوێ پێگە و هەڵکەوتەی ژیئۆپۆلەتیک و ژیئوستراتێژیکی خۆیان لە ئاستی ناوچەیی و ئیسلامی و جیهانی‌دا، بپارێزن و بە هێزی بکەن و زیاتر لە ئاستی ئابووری و بازرگانی و دیپلۆماسی‌دا پەل باوێژن، هیچ ڕێگاچارەیەکیان نیە، بێجگە لەوە کە کێشە ناوخۆییەکانی خۆیان کە زۆرتر لە پرسی کورددا، دەبیندرێ بەشێوەیەکی ڕیشەیی چارەسەر بکەن.

**کوردستان و کورد: بە بڕوای ئێوە BDP بە گرتنی ئەم کۆنگرەیە توانیویەتی ئەو پێداویستییانەی بوونە هۆی گیرانی کۆنگرە نائاساییە بەجێ‌بگەیەنێ یان ئەگەر بە جۆرێکی دیکە بڵێین ئایا BDP بە گرتی ئەم کۆنگرەیە هیچ ئاڵوگۆڕێکی بە پێی هەلومەرجی سیاسیی نوێی ناوچەکە و بە تایبەت تورکیە لە بەرنامەی کاری خۆیدا پێک هێناوە؟**

**براییم زێوەیی:** جارێ B.D.P بە گرتنی ئەم کۆنگرە نائاسایی‌یە، یەکەم توانی ئەندامانی ڕێبەریی حیزبەکەی هەڵبژێرێتەوە و بەتاڵایی ئەندامانی پێشووی خۆی کە زۆریان دەسگیر کرابوون، پڕ بکاتەوە.

لە لایەکی دیکەش سەبارەت بەوەی کە داخوا ڕێبەری B.D.P پاش ئەم کۆنگرەیە چ بەرنامەیەکی کاریی بە گوێرەی هەلومەرجی سیاسیی نوێی ناوچەکە و بەتایبەت تورکیە داناوە دەبێ بڵێم کە هەر حیزبێکی سیاسی واقع‌بین و دوورئەندیش ئەگەر لە بەرنامەی کاری سیاسیی خۆی‌دا، چەندو چۆنی ئاڵوگۆر و ڕووداوەکان و هەلومەرجی عەینی و زیهنی لەبەرچاو نەگرێ، لە ڕاستی‌دا ناتوانێ خۆی لەگەڵ پێشهات و ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکان تەتبیق بدا و لە ئاکام دا، دەرفەتەکان لە دەست دەدا کە ئێمەی کورد لە نەقۆستنەوەی ئەو دەرفەتە مێژوویی‌یانە زەرەرێکی زۆرمان پێگەیشتوە. بەو شناخت و ناسیاوییەی کە لە سەر ڕێبەرانی B.D.P هەمانە، وێدەچێ ئەوان لە بەرنامەی کاری سیاسیی داهاتووی خۆیان دا، ڕێکاری تازەتر و میکانیزمێکی گونجاوتر لە ڕاستای وەدیهێنانی ئامانجە سەرەکی‌یەکانی پرسی کورد لە باکووری کوردستان دا، بگرنە بەر.




# لە کۆنگرەی ( ب.د.پ ) دا بانگی یەکبوونی نەتەوەیی دەدرێت

وەرگێڕان لە تورکیەوە: یاسین مەولوودی

لە دووهەمین کۆنگرەی نائاسایی ئاشتی و دێموکراسی، داوای یەکگرتنی نەتەوەیی لە نوێنەرانی پارتە سیاسیەکانی باشووری کوردستان کرا.

کۆنگرەی پارتی ئاشتی و دێموکراسی لە ئانکارا، لە ساڵۆنی ئەحمەد تانە قشلالی بەڕێوەچوو. دووهەمین کۆنگرەی نا ئاسایی بە وتەی بەشدارانەوە بەردەوامە.

لە کۆنگرەکەدا نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان( ئێران) ، بزووتنەوەی گۆڕان، و پارتی چارەسەری کوردستان ، وتاریان پێشکەش کرد.

سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، خالید عەزیزی، دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و درێژەدانی ئەو ڕیگایەی لە لایەن مەلامستەفا بارزانییەوە وەبیر گشت دیکتاتۆرەکان هێنایەوە و وتی ئێستا ئەو خەباتە( خەبات لە پێناوی ئەم ئامانجە دا) لە تورکیە،سوریا، ئێران و ئیراق بەردوامە.

عەزیزی گوتی، خەباتی تیکڕای خەڵک لە باشووری کوردستان سەرکەوتنی بە دەست هێناوە و دەسکەوتی بووە، لە ڕۆژئاواش هیوادارم دانیشتوانی ئەو پارچە لە کوردستانیش لە ئازادی و ئاشتی دابژین.دیارە خەبات لەو پێناوە دا بەردەوامە بەڵام بە باوەری من ریگاچارەی سەرەکی دیالۆگە.

عەزیزی کوتی ئێستا لە تورکیە، سوریە، ئێران و ئێراق دا هەوڵ و ماندوو بوونەکان بۆ ئەوەیە( هەر بۆ هەمان ئامانجە).

بە وتەی عەزیزی، ئەو ڕاپەرینەی لە باشووری کوردستان، بە تێکرای گەل کرا، دەسکەوتی لی کەوتەوە. ئەو وتی: هیوادارم ئەو ڕەوشەی لە باشووری کوردستان دا هەیە، لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان ، نەتەوەی کورد لە ئاشتی و ئازادی دا بژین. ئەوەش بە یەکگرتن و یەکریزیی هەموومان دێتەدی و دوایین چارەسەر و دوا ڕێگە هەر دیالۆگە و باوەڕیشم بە دیالۆگ هەیە.

هەڤاڵ کوردستانی، سەربە بزووتنەوەی گۆران لە پارلمانی کوردستانی فیدراڵ، لە پەیامی کۆنگرەدا کوتی ، هەروەک باشووری کوردستان، لە سەر ئەو باوەڕەین لە باکووری کوردستانیش هەموو هێزە سیاسی و دامەزراوەکان لە پیناو وەدەست هێنانی سەربەخۆیی کوردان دا پێویستە خەبات بکەن . بە بێ سەرنجدان بە هیچ ئیدۆلۆژییەک بۆ بە ئازادی گەیشتنی کوردان ئەوەی پێویستە دەبێ بکرێ.

هاوسەرۆکی پارتی چارە سەری کوردستان، دیار غەریبیش لە قسەکانیدا وتی: ڕۆڵی پارتی ئاشتی و دێموکراسی بۆ ڕزگار کردنی کوردان گرینگیی خۆی هەیە. سڵاو لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد کە لە هەمبەر سیاسەتی ئینکار و تەخریب دا خۆراگرە. بە تایبەتی سڵاوم هەیە بۆ ئەو بەندییانەی کە لە بەندیخانەکان دا خۆراگرن. هەروەک پێش ئێستا ئەو برادەرانەی لێرە وتاری یەکریزییان پێشکەش کرد ئێمەش وەک پارتی چارەسەری گرینگی پێ دەدەین. ئەو پەیامانەی لێرە دەدرێن گرینگن پێویستە لە داوی دەستەڵاتداران نەکەوین. لەبەر ئەوەی ١٠ ساڵە ئێران، تورکیە، ئێراق و سوریە لە هەمبەر کوردان دا هەموو شتێکیان کردوە و دەیکەن و یەک هەڵوێستن. ئیمەش هەرچی دەبێ با ببێ لە بەرانبەر ئەو سیاسەتەی ئینکارو تەخریبی ئەوان دا بۆ پووچەڵ کردنەوەی سیاسەتەکانیان پێویستە هەر بەو تابلۆیەی کە لەو ساڵۆنە دا لە خۆمان نیشان داوە نیشانیان بدەین.

ماڵپەڕی : etha

لینکی بابەتەکە بە تورکی:
http://www.etha.com.tr/Haber/2012/10/14/politika/bdp-kongresinde-ulusal-bir-lik-cagrisi

ئەم بابەتە لە «سایتی کوردستانوکورد» وەرگیراوە.



### کوێستان گادانی (ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری کۆنگرە):

# ئامانجی کۆنگرەی زانستیی جیهانیی کورد، دروستکردنی پردی پێوەندی لە نێوان ئاکادێمیسیەن و خوێندکارانی کورد لە دەرەوە و نێوخۆی کوردستانە

**ئاماژە:**
**لە رۆژانی ١٢تا ١٥ی ئۆکتۆبری ئەم ساڵ دا دووهەمین کۆنگرەی زانستیی جیهانیی کورد لە شاری هەولێر بە بەشداریی سەدان ئەکادیمیسیەنی کورد و چەندین ئەکادیمیسیەنی بیانی، بەڕێوە چوو.بۆ تیشک خستنە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم کۆنگرە زانستییە و هەر وەها ئاشناکردنی زیاتری خوێنەرانمان بە ڕێکخراوی کۆنگرەی زانستیی کورد، وتووێژێکمان لە گەڵ خاتوو کوێستان گادانی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەم کۆنگرەیە پێک هێناوە.**
**«کوردستان»**

***

**«کوردستان»: بەڕێز کوێستان گادانی! وێڕای پیرۆزبایی بەڕێوەچوونی دووهەم کۆنگرەتان لە شاری هەولێر، وەک کەسێک کە لە دەستەی دامەزرێنەری ئەم کۆنگرەیە دا بووی و هەر لە رۆژی یەکەمەوە، تێکەڵ بە کارەکانی بووی، سەرەتا حەز دەکەین، کورتەیەک لە بارەی ڕێکخراوی کۆنگرەی زانستیی کورد بۆ خوێنەرانمان باس بکەی؟(ئامانجەکانی، چۆنیەتی بەڕێوەچوونی و دەسکەوتەکانی)؟**

**کوێستان گادانی:** پێشەکی سپاس لە ئێوەی بەرێز دەکەم کە ئەم هەلەتان رەخساندوە و سەرنج دەدەنە ئەم جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوانە و دەنگی ئێمە بە هاوولاتیان رادەگەیەنن. هەروەها لە لایەن کۆمیتەی بەرێوبەریی کۆنگرەی دووهەمی زانستی جیهانیی کورد سپاسی پیرۆزبایی کردن و هاوکاریی ئێوە بەرێزان دەکەم.

لە سەرەتاوە حەز دەکەم ئیشارە بەوە بکەم کە دەمێکە ئاکادێمیسیەن و خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی ولات لە هەولی وەسەریەک خستنی هیز و تواناکانی هاوولاتانی کورد دان بۆ ئەوەی هەموو بە یەکەوە بتوانن بەو جۆرەی کە بۆیان دەگۆنجێت زانیاریی خۆیان لە خزمەت گەشەسەندنی کوردستان دا بنێن و هاوکار و یاریدەریان بن. چەند سالێک لەمەوبەر هەولی ئەم کارە درا بەلام بە هەر هۆیەک بووبێت ئەم ئیدەیە لە پراکتیکدا جێبەجێ نەبوو و شتێکی ئەوتۆی لێ دەست نەکەوت. دووسال لەمەوبەر هیندێک لە هاورێیانی پسپۆر و ئاکادێمیسیەن ئەم ئیدەیان جارێکی دیکە خستە بەر نەزەری هیندێک لە خوێندکاران و ئاکادێمیسیەنانی دەرەوەی ولات و کوردستان کە بە خۆشیەوە ئەم جارە بە توانایی و پشتیوانیی هەموومان توانیمان ریکخراوەیەک دابمەزرێنین کە بە هاوکاری و یەکەم هەنگاو هەلێنانەوەی بەرێز پرۆفیسۆر ئالان دیلانی و پرۆفسۆر ئەلماس حیشمەتی یەکەم کۆنگرە لە سالی رابردوودا لە هولەند ریکخرا وسەرەتای کارەکانمان دەست پێ کرد.

ئەم ریکخراوەیە، رێکخراوێکی ئاکادێمیستیە و سەر بە هیچ حیزب و رێکخراو و نەهادێکی سیاسی نیە و هاوکات پێشوازی لە یارمەتی و رێنوێنیی هەموو دلسۆزێکی کورد دەکات کە دەیانهەوێ لە راستای گەشەسەندنی کۆمەلگەی کوردی و بەرەوپێشچوونی کوردستان یارمەتیدەر بێت.ئامانجی ئەم کۆنگرەیە ساز کردنی پردی پەیوەندی لە نیوان ئاکادێمیسیەن و خوێندکارانی دەرەوەی ولات و ناوخۆی کوردستانە، هەنگاوێکی نوێیە لە بە ئۆرگانیک کردن بۆ هاندان و ناساندنی پسپۆران و ئاکادێمیسیەنانی دەرەوەی ولات کە زانست و توانایی خۆیان بەو جۆرەی کە بویان دەکرێت لە خزمەت گەشەساندنی ولات بنێن. جێگای ئاماژەیە بلێم کە ئەم پردە تەنیا بۆ گەرانەوە یان یارمەتیدانی کوردانی دانیشتووی دەرەوەی ولات بۆ ناوخۆ نییە، بەلکو ئەم پردە رێگایەکەی دوو تەرەفەیە و هەولی ئەم رێکخراوەیە یارمەتیدانی هاولاتانی دانیشتووی کوردستانیشە لە ئاستی پێگەیاندن و بەرەوژوور بردنی پسپۆریی ئەوان و ئاشنا بوونیان لە گەل دەرەوەی ولات . هەر چەند ئەم رێکخراوەیە تازە دەست بە کار بووە و لە زۆر بوارانداساوایە. بۆ نموونە لە باری چۆنیەتی بەرێوبەریی و کولتۆر و شیوەی کار کردنی لە گەل ناوخۆی ولات ، بەلام بێ دەسکەوت نەبووە ودەکرێ بلێین کە درێژەدانی ئەم کارە و گرتنی کۆنگرەی یەکەم دەسکەوتەکانی کە لە کۆنگرەی دووهەمدا دیار بوون و لە داهاتووشدا دەسکەوتەکانی لە مەیدانی کار وکردەوەدا دەبینین.

**«کوردستان»: هەر لە جیدا، دامەزراوەکەتان تا چە رادەیەک لە جێبەجیکردنی ئەرکی خۆی، کە بوون بە پردێکی پەیوەندی لە نیو زانستکارانی کورد لە ولاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان دایە، سەرکەوتوو بووە؟ لە ژێر چەتری ئەم دامەزراوە دا، چ رێژەیەک لە ئاکادیمییەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات کۆ بوونەتەوە؟**

**کوێستان گادانی:** دەبێ بلێم کە تا ئەو جێگایە کە ئیمکانی هەبووبێت ئەرکەکانی بەرێوە بردوە بەلام دەیتوانی باشتریش کار بکات . هەرچەند سالێک کار کردن بۆ گرتنی کۆنگرە و کۆ کردنەوەی ئەم هەموو توانایە کە بە خۆشییەوە گەلی کورد لە هەنداران هەیەتی، ماوەیەکی زۆر کەمە. بەلام پێشوازیکردنی کوردانی تاراوگە نشین بە ئێمەی نیشانداوە کە ئێمە دەبێ زۆر ئاسان نەبوو و گەرانەوەی ئێمە لە دەرەوە بۆ کوردستان ئاسانتر بوو، بۆ ئەوەی لە نێوخۆی کوردستانیش خەلک زیاتر بەشدار بێت و هاوکات زیاتر خەلکی دەرەوە لە نیزیکەوە لە گەل دام و دەزگای هەرێمی کوردستان( کە تەنیا بەشی ئازادی کوردستانە کە کوردەکان بە ئازادی دەتوانین کاری لێ بکەن و هاتوچۆی بۆ بکەن) ئاشنا بن و ئاگاداری ئەو بوارانە بن کە دەبێ یارمەتیی زیاتر بکرێن، پێمان باش بوو کە ئەم کۆنگرەیە بینینەوە کوردستان ، بۆ ئەوەی لە نیزیکەوە بزانین ( هەم کۆمیتە و هەم بەشدار بوان) کە ئەرکی داهاتوومان چییە و دەبێ لە چ بوارێک دا چ بکەین.. تێکەلاو کردنی کورادنی ئاکادێمیسیەن و خوێندکاری دەرەوە لە گەل ناوخۆی ولات و کولتۆری کار کردن و لە یەک تێگەیشتن پێویستی بە دیالۆگ و لە نیزیکەوە یەکتر ناسین و تێکەل بوونی زیاتر هەیە، بۆیە ئێمە کوردستانمان بە گونجاوتر زانی بۆ ئەم کۆنگرەیە و هەروەها بۆ ئەوەی بزانین کە رێژەی بەشداربووان و ئاکادێمیسیەنی کوردمان لە تاراوگە چەندە و چۆنە و گەرانەوە یان بۆ کوردستان چۆن پێشوازیی لیدەکرێ و دیتنی وەزعی مەوجوود و هەلسەنگادنی وەزعەکە ، چ کاریگەرییەکی لە سەر ئەوان دەبێت . لەبەر ئەم ئامانجانە بۆ ئێمە زۆر گرینگ بوو کە کە ئەم کۆنگرەیە لە کوردستان بگرین.

بووان بەو پەری دلسۆزی و عەلاقەوە بەحس و پرسیار و کۆمێنتیان هەبووە. هاوکات لە باری چۆنیەتیی پێشکەش کردنی باسەکان بە بڕوای من ئەم سال هەنگاوێک بەرەوپێشتر چووین.هەرچەند دەتوانم بلێم کە کەم و کووڕیشمان هەبووە و هیندێک لەو بابەتانەی کە وەرمان گرتبوون لە پێشکەش کردنیدا رەنگ بێت ئەوە نەبووبێت کە ئیمە لە هەلسەنگاندنی خۆماندا بیرمان لێ کردبوونە وە، بەلام ئەوە شتێکە کە تا ئێستا رێگا چارەسەرێکی باشی بۆ نەدۆزراوەتەوە و هەر کۆنگرە و کۆنفرانسی ئێمەش ناگریتەوە، بەلکو لەئاستی نێونەتەوەییش دا شتی وا روودەدات. بەلام باسە جۆراوجۆرەکان و سەتحی باسەکان بەشی هەرە زۆریان لە سەتحێکی زانستی لە سەرەوەی ماستەر دابوون و بە کوالیتێتێکی باش و لە سەتحی زانستیی زانکۆ ناسراو و باشەکانی جیهان دا بوون. بە هۆی ئەوەی کە رێژەی بەشداربووان و ئەو کەسانەی کە لە بوارە جواروجۆرەکاندا بابەتیان پێشکەش دەکرد لە کۆنگرەی یەکەمدا بە بەراورد لە گەل کۆنگرەی دووهەم کەمتر بووە، دەبێ بلێم کە کۆنگرەی دووهەم لە گەل هەموو کەم و کورییەکانی خۆی سەرکەوتووتر بوو. لە بواری تێکنیکی یەوە ئێمە بێکەم و کووری نەبووین و من ئەوە بە کارەسات نازانم و بەڕێوبردنی کۆنگرەیەکی ئاوا بەربەرین حەتمەن زیاتر و باشتر لە بواری ریکخستن و زانستیەوە کار بکەین و وردبینتر بین لە بەرێوەبردنی ئەرکەکانماندا. کۆنگرەی دووهەم بە ئێمەی نیشان دا کە ئێمە کێمان لە دەورەیە و چەندە خەلک بە دلخۆشی و بە ئۆمێدی خزمەت کردن بە کوردستان پێشوازی لە کاری رێکخراوەکەمان دەکات. بەلام هاوکات ئەوەش بلێم کە ئێستا ئێمە کارێکی زۆرمان لە پێشە و بە دلنیایەوە زۆر خوێندەوار و ئاکادێمیسیەن و پسپۆر هەن کە رەنگ بێ هەر ئاگادار نەبووبن و ناوی ئێمەشیان نەبیستبێت بۆیە دەکرێ بلێم کە ئێمە تا ئێستا نەمان توانیوە کە هەموو ئەم هێزە لە دەوری خۆمان کۆ بکەینەوە و ئەوە یەکێک لە ئەرکەکانی داهاتووی ئێمە دەبێت و هاوکات ئەو ئەرکەشمان لە سەر شانە کە لە بوارە جواروجۆرەکاندا پسپۆری باشتر ببینینەوە کە پێمان وایە باشتر دەتوانێت ئەرکەکان بە باشی بەرێوە ببات. هەر لەو پەیوەندیەشدا داوای هاوکاری لە هەموو راگەیەنەکان دەکەین کە هەر لایەنە و بە گوێرەی ئیمکانی خۆی دەنگی ئێمە بە هاولاتانی نیشتەجێی ولاتان رابگەیەنێت و یارمەتیدەرمان بن.

**«کوردستان»: هۆی بەستنی دووهەم کۆنگرەتان لە کوردستان، چی بوو؟**

**کوێستان گادانی:** لە راستیدا ئێمە لە کۆنگرەی یەکەمدا بریارماندا کە ئەم کۆنگرەیە لە ولاتی دانمارک لە کۆپێنهاگ بگرین، بەلام بە هۆی ئەوە کە هاتنی بەشداربووان لە باری کارو باری ئیداری و ویزا وەرگرتن بۆ دەرەوە

**«کوردستان»: جیاوازییەکانی ئەم کۆنگرەیەتان کە لە کوردستان پێکتان هێنا، لە گەڵ کۆنگرەی یەکەم کە لە روتردام(هولەند) بەڕێوە چوو، چی بوون؟ هەم لە ڕووی بەشداریی زانستخوازانەوە، هەم لە ڕوانگەی ئەو ئاکامانەی کۆنگرەکان لێیان کەوتەوە، هەر وەها لە ڕووی تیکنیکەکانی بەڕێوەچوونەوە؟**

**کوێستان گادانی:** جیاوازیی کۆنگرەی یەکەم و دووهەم لە روانگەی منەوە هەم لە باری چەندایەتی و هەم لە رووی چۆنیەتی بوو. مەبەست لە چەندایەتی ئەوەیە کە رێژەی بەشداربووان زۆر لە کۆنگرەی یەکەم زیاتر بوو، هەم لە نێوخۆی کوردستان زیاتر بوو لە کۆنگرەی یەکەم و هەم لە نێو کوردەکانی دانیشتووی ولات، کە ئەمە خۆی دەسکەوتێکی باش بوو. ئەمە بەربلاوی و پەرە سەندنی پەیوەندیی نیوان خویندکاران و ئاکادێمیسیەنەکان لە گەل رێکخراوەکە نیشان دەدات. رەنگ بێ هیندێک کەس لە گەل من هاورا نەبن و زۆریی رێژەی بەشداربووان بە شتێکی موسبەت نەزانن و زیاتر بیر لە چۆنیەتی بەشداربووان بێنە بەر باس ، لەو بارەوەش بە دلنیایەوە دەلێم کە ئەگەرچی هەموو پانێلێک و کات و ساتێک بەشداربووان هەموویان لە هۆلەکەدا نەبوون بەلام ئەوەی کە بەشدار بووە بە دلنیاییەوە لە بەر بێکاری و بێ جی و رێیی لەوێ ئامادە نەبووە بەلکۆ بە پێی عەلاقەیەک کە بەو بەشە هەیبووە لە هۆلەکەدا ئامادە بووە. لە کۆتایی هەر پانێلێکدا بەشدار کەم و کووری لە باری تێکنیکیشەوە دەبێت. تازە دەکرێ بلێم کە بە داخەوە لە شێوەی بەرێوبردنی کاریشدا ئێمە بە هۆی تاراوگە و دەربەدریی کوردان بە گشتی تووشی فەرهەنگی کار کردنی جیاواز بووین کە هەموو گروپێکمان پێمان وایە کە خۆمان لە ئەوانی دیکە باشتر کار دەکەین و لە گەل ئەوەشدا من پێم وایە بە بوونی ئەم باکگراوەندە جیاوازە لە شێوەی بە سیستم کردن و کار کردنی ئیداری و راپەراندنی کار، ئێمە توانیومانە بە هاوکاریی هاورێیانی ماندوو نەناسمان لە کوردستان بەپیی ئیمکان کەم و کوورییەکان کەم بکەینەوە وخالە بە هێزەکان بە هێزتر بکەین و لاوازەکانیش کەمتر و کەمتر بکەینەوە ،بەلام راستە کە بێ کێشەی تێکنیکییش نەبووین.

**«کوردستان»: لە کۆنگرەی دووهەم دا جگە لە زانستکارانی کورد، ژمارەیەکی بەرچاو ئاکادیمیسیەنی بیانییش ، بەشدار بوون و لێکۆڵینەوە و بابەتیان پێشکەش کرد. لێکۆڵینەوە و بابەتی ئەم دوو دەستە لە زانستکارانی بەشداری کۆنگرە(کورد و بیانی)، هەر وەها زانستکارانی کوردستان و دەرەوەی ولات، لە ڕووی ناوەرۆکەوە، چۆن بەراوەرد دەکەی؟ کامیان زانستی تر و هەڵگری زانیاریی زیاتر و نوێ بوون؟ بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان بە سوودتر بوون؟**

**کوێستان گادانی:** پێش وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئامانجی ئەم رێکخراوەیە کۆ کردنەوە و ناساندنی ئاکادێمیسیەنی کورد بە یەکتر و پتەوتر کردنی پەیوەندیی نیوان ئەوانە لە گەل یەکتر و لە گەل ناوخۆی ولات کە واتە فۆکۆسی کاری ئێمە رووی لە کوردەکانە و نەک لە بیانییەکان. هاوکات هیندێک لە بیانیەکانمان هەن کە لە بوارەجیاوازەکاندا لێکۆلینەوەی تایبەتیان لە سەر کوردەکانی تاراوگە یان لە سەر بوارێکی تایبەت لە ناوخۆی کوردستان کردوە کە ئێمە پێمان وا بووە دەبێ ئەوانیش ئەو مەجالەیان هەبێت کە لە رێگای رێکخراوەکەوە بتوانین زیاتر لە کوردەکان نیزیک ببنەوە و کار و دەسکەوتەکانی توێژینەوەی خۆیان بەو شیوەیە کە لە دوارۆژدا قازنج بە کوردان و کوردستان بگەیەنێت هاوکارییان بکەین و وەختیان بدەینێ. من توێژینەوەی زانستکارانەی دەرەوە چ کوردەکان و چ بیانیەکان وەک یەک بە ئەژمار دێنم و لێکۆلینەوە و بابەتاکانی کوردانی دانیشتووی ناوخۆی ولاتیش هەر وەها. بەلام لە بیرمان بێت کە بلێم بە داخەوە ئەم جارە کەمتر بابەتەکان لە لایەن دانیشتووانی کوردستان بوون و زیاتر لە دەرەوەی ولات بۆمان هاتبوون کە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ رێکخراوەکە کە لە سەرەتای راگەیاندنیدا زیاتر فۆکوسی کارمان لە سەر ئەم کەسانە بوو کە لە دەرەوەی ولات دەژین و بابەتی ئەوانمان وەرگرت تا زەمانێک کە ئێمە بە بریارەکەماندا چووینەوە و کە دانیشتووانی کوردستانیش دەتوانن بابەت بنێرن درنگ بوو و بە داخەوەوە کەمتر لە کوردستان مەجالی بابەت پێشکەش کردنیان هەبوو، ئەوانەی کە هەشبوون بە جۆرێک لە پەیوەندی لە گەل کار کردن یان پرۆژەیەکی هاوبەش لە گەل دەرەوەدا بووە. بۆیە دەبێبلێم کە لە باری زانستییەوە لە بوارەکاندا جیاوازییەکە دەبیندرا نەک ئەوەی کە ئەمە هی کوردستانە یان ئەوی دیکەیان هی دەرەوەی ولاتە. پاشان زانست لە هەموو شوێنێک ئەگەر وەک یەک بە پێی ئوسوولی زانستی تەدریس بکرێت و کەلکی لێ وەربگیرێت دەبێ وەک یەک بێت بەلام ئەوەی کە ئیمە بە چ سیستمێک و چۆن لە کوردستان ئەوە بە کردەوە جێ بە جێ دەکەین و چ نەتیجەیەکی دەبێت ئەمە باسێکی دیکەیە. کەواتە دەکرێ بلێم کە بابەتەکان بە پێی ناوەرۆکی زانستیانەیان هەلسەنگیندراون و رەنگدانەوە یان هەبووە نەک ئەمە هی کوردێک بووە یان هی بیانییەک و لە راستیدا کار و نەتیجە و دەسکەوتی باسەکان گرینگی بە باسەکان دەدەن نەک بیانی بوون یان کورد بوونی خاوەنەکەی.

**«کوردستان»: ئەو بوارانەی لێکۆڵینەوە و بابەتیان لە بارەیەوە پێشکەش کرا، زۆر و بەربلاو بوون. ئیوە بۆ خۆتان لە دەستەی بەڕیوەبەریی کۆنگرە دا، خویندنەوە و هەڵسەنگاندنتان بۆ ئەم لایەنەی کاری دووهەم کۆنگرە چییە؟ ئایا باشتر نییە، لە هەر کۆنگرەیەک دا لێکۆڵینەوە و باسەکان لە سەرچەند بوارێکی تایبەت چڕ بکرێتەوە؟**

**کوێستان گادانی:** ئەمە راستە کە کۆنگرەکە درێژخایەن بوو، باسەکان بەربلاو بوون و تەنانەت هێندێک پێیان وابوو کە خەلکێکی زۆریش بەشدار بووە و رێژەکەی دبووا کەمتر کراباوە. پێش ئەوەی ولامی پرسیارەکە بدەمەوە حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە ئێمە لە کۆتایی باسەکاندا لە رۆژی ئاخری لانی کەم نیزیک بە ٢ کاتژمێرمان دانا بۆ ئەوەی کۆمیتە گوێ لە رەخنە و پێشنیاری بەشداربووان بگرێت و ئەوەندەی بۆمان کراوە ولامان داوەتەوە و ئەوەی کە دەبێ باشتر بکرێت هەولی بۆ دەدەین. هەر بۆیە ئەم پرسیارانەی بەرێزتان پێشتر بە دەست ئێمە گەیشتوون و بە دلنیایەوە هەولی باشتر بوونی بۆ دەدەین. ئەگەر بگەرێمەوە سەر ولامی پرسیارەکەتان. دەکرێ بلێم کە بە خۆشیەوە کورد لە هەندارن وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە لە هەموو بوارەکاندا کەسی شارەزاو و پسپۆری هەیە واتە هەر لەبواری پزشکی یان پەروەردەوە نییە کە بلێی سالێ دووجار دوو کۆنفرانسی گەورە لەم دووبوارەدا دەگرم. هەر وەک خۆتان باستان کرد ئێمە لە چەندین بواردا بابەتمان هەبووە کە ئەوە نەزەری شەخسی خۆمە کە کەس نابێ ئەم چاوەروانییە لە تاکێکی دیکە بکات کە عەلاقەی بۆ هەموو بوارەکان و باسەکان هەبێت کە لە هەمووی باسەکاندا بەشدار بێت و لە هۆلەکەدا بمێنێت. هەم لە باری عەلاقە و هەم لە بواری توانا و تاقەت ئەم چاوەڕوانییە بە راست لە جێگای خۆی دانییە.خالێکی پۆزێتیڤ کە من پێموایە لە کۆنگرەیەدا تا رادەیەکی زیاتر لە چاوەروانی خۆمان هەبوو ئەوەیش بەربلاویی باسەکان بوون . مەبەستم ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار ئێمە زانیمان کە لە بەشەکانی دیکە واتە ئابووری، پەروەردە و زانستی پزیشکی و کشتوکال و راپەراندنی کارو باری ئیداری کە ئیمە هەموو بە یەکەوە بەستراوینەوە بە بێ ئەوەی بۆخۆمان بزانین ،بەربلاویی ئەم باسانە، ئێمەی لە پیداویستیی ئەم بوارە جۆراوجۆرانە زیاتر لە گەل یەکتر شارەزا کرد. ئەگەر کاری من لە بواری لێکۆلینەوەی پزیشکیدا کە رەنگ بێت ئێستا لە و نەخۆشخانەیە کە من دەمهەویست کارێکی بۆ جیبەجێ بکەم ئەم مەجالەم نییە با لە بوار ئابوورییەو لە رووی پزیشکیەوە بێم بۆ نموونە ئامارگیری دەرمان و مەسرەفی دەرمان و شیوەی پێکهاتەی و کەلکوەرگرتن لەو بوارەدا هاوکاری بکەم و زۆر نموونەوەی دیکە ...کەواتە بەربلاویی باسەکان لە گەل ئەوەیدا کە رەنگ بێت بۆ هیندێک لە بەشداربووان ماندوویەتی هێنابێت بەلام قازانجی خۆشی هەبووە. هەر وەک باسم کرد ئێمە پێشنیار و رەخنەی زۆرمان بە دەست گەیشتوە کە رەنگ بێت ئێمە لە سەر پێشنیاری بەشداربووان ئالۆگۆر لە شیوەی بەرنامەرێژیی کۆنگرەی داهاتوومان دا بکەین و بەشەکان و بوارەکان جیا بکەینەوە بەلام هاوکات و هاوزەمان لە هۆلی بچووکتردا، هەربەش و بوارێک بە بەشداریی پسپۆران و هۆگرانی ئەو بوارە باس و لیکۆلینەوەی خۆیان پێشکەش بکەن. بۆیە پێشنیار و تێبینیی هاورێیانمان زۆر بەلاوە گرینگە و هیوادارین زیاتر لە شیوەی بەرێوەبەری و رەنگدانەوەی ئەم کۆنگرانە ئاگادارمان بکەنەوە.

**«کوردستان»: ئەگەرچی پێشوازیی حکوومەتی هەرێم هەم لەو کۆنگرەیە و هەم لە کۆنگرە و کۆنفرانسە زانستییەکانی دیکە کە لە کوردستان**

ل ٧



کوێستان گادانی



# سێهەمین ڕاپۆرتی ئەحمەد شەهید و هەڵوێستی ڕێژیمی ئێران



**چیا عەبدوڵڵاپوور**

ئەگەر ئاوڕێکی کورت لە پێشینەی دیاریکردنی ڕاپۆرتتێری تایبەت لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بدەینەوە سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە ئێراندا ئەوە سێهەمین جارە کە لەم پێوەندیەدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپۆرتتێری تایبەت سەبارەت بە پرسی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دیاری دەکات. کە یەکێک لەو ڕاپۆرتتێرانە ‹‹موریس کاپیتۆرن›› بوو کە لە ساڵی ١٩٩٥ تاکوو ساڵی ٢٠٠٢ ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ بوو. ناوبراو لەو ماوەیەدا یەکجار لە پێوەندی لەگەڵ کارەکەی دا سەردانی ئێرانی کرد، بەڵام ڕێگری لێدەکرا کە بە ئازادانە لە گەڵ خەڵک بدوێت و سەردانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران بکات. هەنووکەش ئەحمەد شەهید کاری ڕاپۆرتتێری لەئەستۆیە کە ساڵی پار دیاری کراو تاکوو هەنوو کە سێ ڕاپۆرتی لە پێوەندی لە گەڵ مافی مرۆڤ لە ئێراندا ئامادە کردوە و پێشکەشی شۆرای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە و لەو پێوەندیەدا هەرچەند ئەحمەد شەهید داوای لە کاربەدەستانی ئێرانی کردوە کە هاوکاری بکەن و ڕێگەی پێ بدەن کە سەردانی ئێران بکات، بەڵام داواکەی لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە ڕەد کراوەتەوە.

سێهەمین ڕاپۆرتی ئەحمەد شەهید سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە ئێراندا

ئەم ڕاپۆرتە کە لە ٢٣ لاپەڕە پێک هاتوە تێیدا ئاماژەی بە ١٢٤ جۆری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران لە ماوی شەش مانگی ڕابردوودا کردوە. ئەحمەد شەهید بە دوورو درێژی ئاماژەی بە پێشێلکرانی ئازادییە مەدەنییەکان لە ئێران دا کردوە کە ئازادیی ڕادەڕبرین و ئازادیی پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و ئازادیی دەستراگەیشتن بە زانیاری و ئازادیی ئاینی و جیبەجێکردنی دادپەروەری لە خۆ دەگریت. لەو پێوەندییە دا ئاوڕی لە کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکانی ناوخۆی ئێران داوەتەوە و هەروەها ڕەخنەی لە یاسای نوێی سزادان کۆماری ئیسلامی گرتوە و بە پێچەوانەی ئەو پرۆتۆکۆلانەی داناوە کە کۆماری ئیسلامی واژۆی کردوون. ئەحمەد شەهید بە بەڵگە و ئەرگۆمێنتی ورد سێهەمین ڕاپۆرتی خۆی ئامادە کردوە و داوای لە ئێران کردوە کە کۆتایی بە سزای لەسێدارەدان بێنێت و هەروەها ئاماژەی بەوە کردوە کە مافی مرۆڤ لە ئێراندا بەشێوەیەکی سیستماتیک پێشێل دەکرێت.

هەڵوێستی ئێران سەبارەت بە سێهەمین ڕاپۆرتی ئەحمەد شەهید

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە و بە داگیر کردنی سەفارەتی ئەمریکا لە لایەن خوێندکارانی لایەنگری ئیمامئەو پەیامەی دایە دنیا کە ئێران ڕێز لە پەیماننامە و پەسەندکراوە نیودەوڵەتییەکان تەنانەت ئەوانەی کە واژۆشی کردوون ناگرێت و لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە دەسەڵاتی خۆیدا ئەوەی بە کردەوە سەلماندوە لە بەرچاوترینیان تیرۆری دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات بە کەڵکوەرگرتن لە سەفارەتخانەکانی لەو وڵاتانەدا و دیپلۆماتەکایشی وەک تیرۆریست لە ڕاپەراندنی پلانی تیرۆرەکاندا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە.

کۆماری ئیسلامی ئەمجارە جیا لە جارەکانی دیکە کە کەسایەتیی ئەحمەد شەهیدی بردۆتە ژێر پرسیار و ڕاپۆرتی یەکەم و دووهەمی ڕاپۆرتنێری تایبەتی شوورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکانی بێ وڵام هێشبۆوە، ئەمجار بە فەرمی وڵامی نووسراوی ئەحمەد شەهیدی دایەوە و لە وڵامەکەیدا ئاماژەی بەوە کردوە کە ئەم ڕاپۆرتە پشتی بە سەرچاوەی نادروست بەستوە و ڕاپۆرتێکی کۆپی کراوە و کەڵکی لە ئاماری نادروستی لایەنەکانی دژی کۆماری ئیسلامی وەرگرتوە. بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەیە خۆدی ئەم وڵامە نشان لەوە دەدات کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەم ڕاپۆرتەوە و وای لێ کردوون کە جیا لە ڕاپۆرتەکانی دیکە وەدەنگ بێن و قسەی لەسەر بکەن.

کاریگەرییەکانی دیاریکردنی ڕاپۆرتنێری تایبەت لە سەرباشتر بوونی ڕەوشی مافی مرۆڤ

لە گەڵ ئەوەدا کە زەخت و فشاری نێودەوڵەتی لە سەر ئێران و دواتر بایکۆتی ئێران لە سەر پرسی ناوەکی، لەم ساڵ دا گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی کە تاکوو هەنووکە وێنەی نەبووە و بە خۆشیەوە ئەمجارە جیا لە جارەکانی دیکە پرسی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بە تایبەت پێشێلکرانی مافی کەمینە نەتەوە و ئاینیەکانی ناو خۆی ئێران زیاتر کەوتۆتە بەر سەرنج و دیاریکردنی ڕاپۆرتنێری تایبەت بە ئێران سەبارەت بە مافی مرۆڤ لەم وڵاتەدا لە لایەن شۆڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو پێوەندییە دایە کە بێگومان ئاگادار کردنەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ڕەوشی کەمینە نەتەوەیی و ئاینەکانی ئێران لە لایەن چالاکانی مافی مرۆڤ و ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی دەورێکی بەرچاوی لەو پێوەندیە دا بینیوە بە گشتی دەتوانی بڵێن کە هەم پرۆتستۆکردنی ئابووریی ئێران و هەم فشار و زەخت لەسەر ئێران سەبارەت بە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ ئەوا یەکتر تەواو دەکەن و لە ئاکامدا دەبێ هۆی ئەوەی کە یان ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ژەهر نۆش کات و کۆتایی بە پرۆسەی دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ناوەکی بێنێت و تاڕادەیەک ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرێت کە ئەوە بە دوور نازاندرێت و یان ئەوەی کە هێرشی چەکداری بۆسەر ئێران بکرێت و لەم ڕێگایەوە ڕیگری لەبەردەم دەست ڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوەکی بگیرێت یان ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ڕاپەڕن و بۆخۆیان کۆتایی بەدەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دا بێنن.



دریژەی:

## کوێستان گادانی (ئەندامی کۆمیتەی بەڕیوەبەری کۆنگرە):

## ئامانجی کۆنگرەی زانستیی جیهانیی کورد، دروستکردنی پردی پێوەندی

## لە نێوان ئاکادێمیسیەن و خوێندکارانی کورد لە دەرەوە و نێوخۆی کوردستانە

**پێک هاتوون، زۆر باش بووە، بەڵام لە سەر یەک ، بە تێگەیشتنی خۆت و ڕێکخراوەکەتان، هەریمی کوردستان، بۆ ئەوەی لە هەموو بوارەکان دا لە سەر ئەساسێکی زانستی بنیات بنرێتەوە و بەڕێوە بچێت، تاچەند ئامادەیی تێدایە؟ کۆسپەکانی بەردەمی چن؟**

**کوێستان گادانی:** هەروەک خۆتان باستان کرد کە هەرێمی کوردستان ئەمە یەکەم جار نییە بە هانای ئەم جۆرە کۆنگرە و کۆنفرانسانەوە دەچێت و بە باشیش نیشانی داوە کە لایەنگری لە هەموو کوردێک دەکات کە دەیهەوی وزە و توانایی خۆی بۆ خزمەت گەشەسەندنی وڵات تەرخان بکات جا ئەوە چ وەک تاک بێت و چ وەک ڕێکخراوە. بۆیە ئیزن لە ئێوەی بەرێز دەخوازم کە دووبارە لە ڕێگای ڕاگەیاندنی ئێوەشەوە سپاسی هەموو میوانداری و هاوکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە لە هیچ چەشنە هاوکارییەک درێغی نەکردوە و بەو پەڕی تواناوە و سەبوورییەوە یارمەتیی گرتنی کۆنگرەی دووهەمی ئێمەیان دا. من لە ماوەی لانی کەم یەکساڵی ڕابردوودا وەک ئەندامێکی بەڕێوبەریی ئەم کۆنگرەیە لە هەردووک کۆمیتەی زانستی و ڕێکخستن دا هاوکاری و بەحس و گفتۆگۆمان لە گەڵ هیندێک لە هاورێیانمان لە حکوومەتی هەرێم هەبووە کە دەکرێ بە دڵنیایەوە بڵێم کە حکوومەتی هەرێم بە دەست و دڵێکی کراوە بە بێ هەدەفێکی تایبەتی یارمەتیی ئێمەی داوە و بە تێگەیشتنی خۆم و هەر وەک سەلماندووشیانە و لە وتەکانی سەرۆکی هەرێم بەرێز کاک مەسعوود بارزانییش لە کردنەوەی کۆنگرەکەدا گوێمان لێ بوو کە ئەمە کۆنگرەی زانستیی کوردانە و هەدەفی ئەسڵیی حکوومەتی هەرێمیش کۆ کردنەوەی وزەی بەربڵاوی ئاکادێمیسیەن و خوێندکارانی کوردە بە ئامانجی گەشەسەندن و پێشکەوتنی کوردستان کە ئێستا ئەم مەجالە لە باشووری کوردستان دەبیندرێ. بۆیە دووپاتی دەکەمەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی هەیە کە یارمەتی بدات و هاوکار و پشتیوانمان بێ ، هاوکات ئەم ئامادەییەی حکوومەت و ئەم پشتوانییە دیسانەوە بەستراوەتەوە بە شێوەی کاری ئێمە، بە گەشەسەندنی کاری ئێمە هەم لە بواری زانستی و هەم لە بواری بەڕێوبەری و وردبینیی ئێمە و دەرک کردنی وەزعی ئێستای حکوومەتی هەرێمی کوردستان. بۆیە ئێمەین کە دەبێ زیاتر فوکوسی ئەسلیمان ئەوە بێت کە ئامانجی گشتیی ڕێکخراوەکەیە، نەک شتێکی دیکە زیاتر لەوە کە کۆسپی زیاتر بخەینە سەر ڕێگای حکوومەتی هەرێم کە نەتوانێ یارمەتیدەری ئەم جۆرەکارانە بێت. هەر وەک پێشتر باسم کرد ئەم ڕێکخراوەیە سەر بە هیچ نهادێکی سیاسی نییە و ئەرکی بەڕیوەبردنی هیچ سیاسەتێک نییە و تەنیا لە ڕووی زانستییەوە کار دەکات. کە واتە ئەرکی ئێمە تەنیا ڕێکخستن و لێک نیزیک کردنەوەی زانستکارانی کورد لە جیهاندایە نەک بەڕێوەبردنی سیاسەت. ئەم بەشە بۆ ئەحزابی سیاسی و حکوومەتی هەرێم بە جێ بێڵین باشترە، بەم جۆرە ئێمە کۆسپمان کەمتر کردۆتەوە لە سەر ڕێگای حکوومەت و لە بوار زانستیی دا کە ئامانجی ئێمەیە سەرکەوتووتر دەبین.

**«کوردستان»: لە کاتی بەڕیوەچوونی پانێلەکان و پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەکان دا، ژمارەیەکی کەم لە هۆگران و تینووانی باس و بابەتی زانستی لە هۆڵەکە ئامادە دەبوون. ڕاگەیەنەکانیش، تەنیا ڕاپۆرتیان لە بارەی کاری ڕۆژانەی کۆنگرەکە بڵاو دەکردەوە و نەدەپرژانە سەر ناوەڕۆک و پەیامی لێکۆڵینەوەکان. بۆ ئەوەی خوێندکارانی زانکۆکان و هۆگرانی لێکۆڵینەوە و باسی زانستی لە نیوەرۆکی ئەو وتار و باسانەی لەم کۆنگرەیە دا پێشکەش کران بێبەش نەبن، ئایا پرۆژەیەکتان هەیە کە بڵاویان بکەنەوە؟**

**کوێستان گادانی:** هەر وەک لە پێشتردا باسم کرد چاوەڕوان ناکرێت کە هەموو کات و ساتێک هۆڵەکە پڕ بێت لە بەشدار بووان بە تایبەت کە ئێمە پرۆگرامێکی ئاوا چڕو پڕمان دارشتبوو کە هەر لە بەیانییەوە تاکۆ ئێوارە درێژەی هەبوو، بۆیە ئەمە یەکێک لە خاڵەکانە کە دەبێ پێداچوونەوەی پیدا بکەین، بەتایبەت لە کوردستان بە هۆی شێوەی ژیانی هاووڵاتیان و ڕوتینی کار دەبوو ئێمە بە شێوەیەکی دیکە بەرنامەکانمان دارشتبا کە بەشداربووان توانیبایان بە بێ ئەوەی ماندوو بن بەشداری زیاتری باسەکان بن. ئێمە دەتوانین چ بکەین بۆ ئەوەی ئەم باسانە زیاتر لە خزمەت خوێندکار و کەسانی شارەزا و پسپۆر دابێت کە ئەم هەلەیان لە دەست داوە، لە یەکەم مەرحەلەدا دەمانهەوێت ئەم کەسانەی کە ئامادەن ئێمە باسەکانیان بەو شێوەیە کە بابەتەکەیان پێشکەش کردووە یان وەک مقالەیەکی زانستی لە دوای ئامادە بوون و ئیزن وەرگرتن لە خۆیان لە سەر سایتی ڕێکخراوەکە بڵاو بکەینەوە و هاوکات هەر وەک کۆنگرەی یەکەم دەمانهەوێت کە ئەگەر ئیمکانی مالی هەبێت ئەم باسانەی کە پێمان وایە زیاتر پێویستن، لە کتێبێک دا کۆ بکرێنەوە و بخرێتە بەر دەست خوێنەران. سەبارەت بە ڕاگەیاندن ڕاستی ئەوەیە کە ئێمە یەکەم جارمان بوو کە کۆنگرەمان لە کوردستان دەگرت و لامان وابوو کە ڕاگەیاندنەکان خۆیان داوا دەکەن بە پێ ئەوەی کە ئەو کانالانە چەندە خۆ بەم جۆرە کارانەوە ماندوو دەکەن، بۆیە ئەوەندەی من ئاگاداربم لە لایەن کۆمیتەی بەریوبەریی دەرەوە هیچ ڕاگەیانێکمان بە فەرمی بانگهێشت نەکردبوو و هیندێک لە ڕاگەیەنەکانیش بە هۆی ئەوەی باسەکان بە زمانی ئینگلیزی بوون ئەو جۆرەی کە دەبوو بۆیان نەگونجابوو کە کەلکی باشتری لێ وەربگرن و ڕەنگدانەوەی زیاتری میدیایی هەبێت بۆیە بۆ جاری داهاتوو کۆمیتەی بەریوبەری دەتوانی ڕۆژانە ڕاپۆرتی خۆی ئامادە بکات و بگەیەنێتە ڕاگەیانەکان ئەگەر خۆشیان بە هەر هۆیەک مەجالی بەشدار بوونیان نەبێت.

**«کوردستان» : دوا پرسیار! کۆنگرەی داهاتووتان لە چ وڵاتێک بەڕیوە دەبن؟ ئیوە خۆتان بوارەکان بۆ باس و لێکۆڵینەوە دیاری دەکەن؟ بە چ میکانیزمیک ڕای زانستکارانی کورد لەم بارەیەوە وەردەگرن؟ ئەو کەسانەی بیانهەوێ بە لێکۆڵینەوەی زانستی بەشدار بن، چۆن دەستنیشان دەکرێن و بابەتەکان، بە چ میکانیزمێک پەسەند دەکرین؟**

**کوێستان گادانی:** کۆنگرەی داهاتوو لە وڵاتی سوئد لە ستۆکهۆلم پێکدێت. بەو ئەزموونەی ئێمە لە گرتنی ئەم دوو کۆنگرەیە هەمانە هیندێک ئالو گۆڕ لە وەرگرتنی بابەت و هەڵسەنگاندنی بابەت دا پێک دێنین و دەکرێ بڵێم لە سەر پێشنیاری بەشداربووان و پسپۆران ئێمە هەول دەدەین بە ڕێنوێنی لە لایەن پسپۆران و وەزارەتەکانی کوردستان کە لە چ بوارێکەوە چمان پێویستە، دەبێ چ باس بکەین و چ پێشکەش بکەین ، دەبێ لە ئێستا ڕا کاری بۆ بکەین و کەسانی پسپۆریان بۆ بدۆزینەوە. هەر وەک باسم کرد پێشنیارێکی زۆر بۆ ئێمە هاتوە کە ئێمە لە یەکەمین کۆبوونەی خۆمان بۆ هەڵسەنگاندی کاری بەڕێوبەریی و زانستیی دا هێناومانە بەر باس و دەبێ زیاتر لە سەریان بدوێن و بگەینە بریارێک کە چۆن دەتوانن ئەم ئاڵ و گۆڕانە پێک بێنین کە باشتر بێت لە کۆنگرەی ئەم ساڵمان هەم لە سەر شێوەی بابەت وەرگرتن ، بەڕیوەبردن و موشارەکەت کردنی خەڵکی زیاتر لە بوارە جیاوازەکاندا. بۆیە کۆنکرێت ناتوانم ئێستا لەو وتوویژەدا بڵێم چۆن دەبێت بەڵام بە دڵنیایەوە ئەم کەم و کۆرییانەی ئەم جارە بەر چاو و زەق بوون کەمتر دەبن . ئەم جارە ئێمە زووتر لە ساڵی ڕابردوو دەست بە کار دەبین و لە بانگەوازەکانماندا هەوڵ دەدەین کە هەر بە سایتی ڕێکخراوەکەمان قەناعەت نەکەین بەڵکۆ کەڵک لە زۆر ڕاگەیاندنی دیکەش وەرگرین، بە وەخت و زۆر لە ساڵی ڕابردوو زیاتر هاووڵاتییان لە شێوەی ناردنی بابەت و هەڵسەنگاندن و پێشکەش کردنی ئاگادار بکەینەوە بۆ ئەوەی کاری خۆمان و بەشداربووانمان ئاسانتر کردبێتەوە لە ڕۆژانی گرتنی کۆنگرەی داهاتوومان‌دا. ئێمە ئێستاش و لە داهاتووشدا چاواەڕوانی ڕێنوێنی و پێشنیار و ڕەخنەی هاووڵاتییانی کوردی ئاکادێمیسیەن و خوێندکارین کە بتوانن یارمەتیی زیاتری ئێمە بدەن بۆ ئەوەی بە هەمووومان نەتیجەیەکی باش بۆ دوارۆژی کوردستان مسۆگەر بکەین و ئەوەش بە کوردانی هەر چوار پارچە دەکرێت و بە یەکێتی و دڵسۆزیی هەموو لایەکمان سەرکەوتنی زیاتر بە دەست دێنین لە گەشەساندن و پێشکەوتنی وڵاتماندا.



# تیشکێک بۆ سەربزووتنەوەی خوێندکاریی کوردستان و «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد»

## دامەزرینەرانی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد:

## داخوازە نەتەوەییەکان، خاڵی جیاکەرەوەی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردن لە بزووتنەوەی خوێندکاریی ناوەند

هەڤپەیڤین: پێشەوا عەلیپوور

**ڕۆژانی ٦ و ٧ی ڕەزبەری ئەو ساڵ ڕێکخراوێکی خوێندکاری بە ناوی «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» بە گرتنی کۆنگرەی یەکەمی خۆی بە فەرمی چاڵاکییەکانی دەست پێ کرد. ئەو ڕێکخراوەیە لە پەیامێکدا کە بە بۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی یەکەمی بڵاوی کردۆتەوە، خواستی نەتەوەیی وەک سەرەکیترین داواکاریی خۆی ڕاگەیاندوە و قبووڵ کردنی مافی دیاری کردنی چارەنووس، وەک بنەمایەک بۆ دەستەبەربوونی دیمۆکراسی لە ئێراندا لە قەڵەم دەدا. هەر لەو پێوەندییەدا لەگەڵ مەحموود شەریفی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و ڕەحمان سەلیمی سکرتێری «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» چاوپێکەوتنمان کردوە کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.**



**پ: کاک ڕەحمان دۆخی ئارایی بزووتنەوەی خوێندکاریی سەراسەری لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**سەلیمی:** بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئەکتیوترین و چالاکترین بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە کە بە پێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی لە هەر کۆمەڵگایەکدا ڕۆڵی جیاواز دەبینێ، هەندێ جار لە ئاستی کۆمەڵگادا ڕۆڵی گەورە وەئەستۆ دەگرێ و خوازیاری گۆڕانکاری لە بنەما فکرییەکانی کۆمەڵگایە و گشتیەتی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکاتە ئامانج و، هەندێک جاریش ویستە سینفیەکانی خوێندکاران وەک باشتر کردنی ژیانی خوێندکاران و سیستەمی خوێندن و . . دەبنە ئەولەویەت. لە کۆمەڵگای ئێراندا کە ڕێژیمە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکان حوکمیان بە سەردا کردوە و تا ئێستاش بەردەوامن، دەرفەتی چالاکیی قانونیی پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان کە نوێنەرایەتی داخوازییە باڵاکانی کۆمەڵگا بکەن لە ئارادا نەبوە، هەر بۆیە بزووتنەوەی خوێندکاری هەوڵی داوە ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە و تا ئاستی پارتێکی سیاسی دەرکەوێ.

لە پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بزووتنەوەی خوێندکاری بە قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە، هەندێک جار فەزایەکی کراوەتری لە بەردەم خۆیدا دیوە. هەر چەند سەرکوتی بزووتنەوەی خوێندکاری لە هەموو ئەو ساڵانەدا سیاسەتی نەگۆڕی کۆماری ئیسلامی بووە، بەڵام ئەو سەرکوتە هەندێک جار شەدیدتر بووە. لەو ساڵانەی دواییدا فشار بۆ سەر خوێندکاران بەوپەڕی خۆی گەیشتوە و بەشێکی بەرچاو لە چالاکانی خوێندکاری ناچار بوون وڵات بەجێ بێڵن و پەڕیوەی هەندەران بن. ئەوەش وای کردوە هێزێکی کارای خوێندکاری لە دەرەوە پێک بێ کە دامەزراندنی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لە دەرەوە و یەک لەوان یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەرهەمی ئەو بارودۆخەیە. لە ڕاستیدا نەبوونی دەرەفەتی چالاکی لە ناوخۆی ئێران زوروورەتی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوانەی سەلماندوە.

**پ:چۆن لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندکاری ئاشنا بوون و لەو بوارەدا چ چالاکی گەلێکتان کردوە ؟**

**محمود شەریفی:** من لە ساڵی ١٣٨١وە دوای ڕۆیشتن بۆ زانکۆ بەرەبەرە لەگەڵ چالاکیی خوێندکاری ئاشنا بووم و وەک گرینگترین چالاکییەکانم دەتوانم ئاماژە بە : دامەزراندنی لقی کوردی ئەنجومەنیی ئەدەبیی «باد و باران» لە زانکۆی پەیامی نووری هەمەدان، ئەندامەتی لە شوورای ناوەندیی ئەنجومەنی ئەدەبیی «بەیان» زانکۆی بووعەلی سینای هەمەدان، سەرنووسەری گۆڤارە خوێندکارییەکانی «بەیان»، «باد و باران» و «عصر سکوت» و هەروەها ئەندامەتی لە دەستەی دامەزرێنەری «یەکیەتیی دیمۆکراتیکی خوێندکارانی کورد» لە ناو زانکۆکانی ئێران»، بکەم.

**پ: بەو پێیەی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد تازە دامەزراوە و لە قۆناغی خۆپێناسە کردن دایە، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە هێڵە گشتییەکانی ئەو یەکیەتییە چین و ئەولەویەتەکانی کاریتان چیە؟**

**سەلیمی:** هەروەک ئاماژەم پێکرد ستەمی نەتەوەیی لە ژیانی ڕۆژانەی هەر کوردێک لە هەموو ئاستە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگییەکاندا بەر چاو دەکەوێ، دەبینین داگیرکەران لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی کورد دەدەن و لە هەمان کاتیشدا ئاستی وشیاریی خەڵک بەرز بۆتەوە و بیری ڕزگاریی نەتەوەیی ئەگەر لە کۆندا تەنیا لە نێو ڕۆشنبیران و نوسەرانی کورددا دەبینرا ئێستا بەشێکە لە ژیانی ئاسایی خەڵک. خوێندکارانیش وەک هەموو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردی لە ئاست ئەو ستەمەدا دژکردەوەیان هەیە و بگرە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵتر لە هەموان ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ دۆخی ئارایین. بەو خوێندنەوەیە یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد پرسی نەتەوەیی بە ئازاری هاوبەشی هەموو کوردان دەزانێ و هەموو هەوڵەکانی لە پێناو یارمەتیدان بە چارەسەریی ئەو پرسە دەخاتە گەڕ.

دیمۆکڕاسی یەکێکی دیکە لەو ئامانجانەیە کە ئەو یەکیەتییەی لە پێناودا دامەزراوە، بە بێ نەهادینە کردنی دیمۆکراسی هیچ نەتەوەیەک ناتوانێ بەختەوەر بژێ. بەختەوەریی مرۆڤەکان گەورەترین ئامانجی ئێمەیە. مرۆڤی کورد دەبێ بەختەوەر بژێ کە واتە دەبێ فەرهەنگی دیمۆکراسی لە نێو خۆیدا جێگیر بکا و بنەماکانی پێکەوە سازان و پێکەوە هەڵکردن بەهێز بکا. دامەزراندنی یەکیەتی و سەندیکا و کۆڕ و کۆمەڵی جۆراوجۆری مەدەنی بەردی بناغەی نەهادینە کردنی دیمۆکراسییە

**پ: بەڕێز شەریفی! بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوی «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» چۆن پەیدا بوو و هەر لە بنەڕەتەوە چ پێویستییەک وایکرد کە ئێوە هەوڵی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیە بدەن ؟**

**شەریفی:** لە ڕاستیدا کۆمەڵێک چالاکی خوێندکاری کورد لە ساڵی ١٣٨٥وە بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیان هەبوو، بەڵام بە هێندێک هۆ نەیانتوانی ڕێکخراوەکە دابمەزرێنن. ئێمە پاش هەڵسەنگاندنی هەوڵی ئەو هاورێیانە و بە پشت بەستن بە پوتانسیەڵی خوێندکارانی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان ئەو ڕێکخراوەیەمان پێک هێنا. هەر وەک ئاگادارن لەو بوارەدا ڕێکخراوی خوێندکاریی دیکەش دروست بووە و چالاکی دەکەن، بەڵام ئێمە لە سەر بنەمای پرسی کورد و شۆناسی کورد ئەو ڕێکخراوەمان بنیات ناوە تا خوێندکارانی کورد بتوانن بەدەر لە لایەنگریی حیزبیان لەو ڕێکخراوەیەدا ڕۆڵ بگێرن. یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە پێناو تیۆریزەکردن و کاناڵیزەکردنی خواستی خوێندکاریی و نەتەوەیی خوێندکارانی کورد و هەروەها دروستکردنی بەستێنخۆلقێنی بۆ کاری گرووپی پێک هاتوە.

**پ: دەکرێ باسی هەوڵەکانتان بۆ پێکهێنانی کۆنگرە و دواتر دامەزرانی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد زیاتر شی بکەنەوە ؟**

**شەریفی:** ئێمە لە یەکەم هەنگاودا هەوڵی هاورێیانمان لە ساڵی ١٣٨٥ دا هەڵسەنگاند هەتا لەگەڵ ئەزموونی ئەوان و گرفتەکانیان ئاشنا بین. لە هەنگاوی دووهەمدا هەوڵماندا تا بە پێکهێنانی سمینارێک کۆمەڵێک لە خوێندکارانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان لە دەوری یەک کۆ بکەینەوە. هەر لەو سمینارەدا بیرۆکەی دامەزرانی «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» هاتەئارا و ١٥ کەس بە نوێنەرایەتی ئەو خوێندکارانە بۆ هەڵگرتنی هەنگاوەکانی دیکە ( نووسینی ڕەشنووسی بەرنامە و پێڕەو، ئەندامگیری و ئامادەکاری بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرە) هەڵبژێردران. ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر بە پێکهێنانی چەند کۆمیتە هەوڵەکانیان بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرە خستەگەڕ. دواجار پاش ئەندامگیری و ئامادەکاریی پێویست «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» بە بەشداریی نوێنەرانی خوێندکارانی کورد کۆنگرەی یەکەمی خۆی، لە ژێر دروشمی «خوێندکار دەنگی نەسرەوتووی مافی دیاری کردنی چارەنووس»، پێک هێنا.

**خوێندکار، دەنگی نەسرەوتووی مافی دیاریکردنی چارەنووس**

**پ: کاک ڕەحمان کۆمەڵێک ڕەخنە لە سەر ناوی ڕێکخراوەکەتان هەیە کە دەڵێن ئەو ڕێکخراوە دروشمی گەورەی هەڵگرتوە و دەیهەوێ نوێنەرایەتیی خوێندکاری کورد بکا. کۆمەڵگای هەدەفی ئەو یەکیەتییە کوێیە؟ هەموو کوردستان یان بەشێک لە کوردستان؟**

**سەلیمی:** ئاخێوی زاڵ بە سەر یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورددا ئاخێوێکی نەتەوەییە و ئەو یەکیەتییە هەوڵ دەدا خوێندکاری کورد بە بیری نەتەوەیی گۆش بکا و بە پێچەوانەوە وەرگری بیری نەتەوەیی لە خوێندکارانی کوردەوە بێ و لە هێز و پوتانسیەلی خوێندکاریی بۆ بەرەوپێش بردنی پرسی نەتەوەیی کەڵک وەرگرێ. ئایا هەڵگرتنی دروشمی نەتەوەیی بە تایبەت بۆ خوێندکاران کە بە پێی سروشتی خوێندکار بوونیان ئایدیالیست و ئارمانگەران، تاوانە؟ هەرگیز خوێندکاران، نەتەوەیی بوونی خۆیان لە چوارچێوەی دژایەتیی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و تەنانەت نەتەوە باڵادەستەکان و ئەوانەی کوردیان چەوساندۆتەوە، پێناسە نەکردوە. ئارمانگەرا بوونی خوێندکاران خۆی لە دژایەتی لە گەڵ هیچکام لە بەها مرۆڤایەتییەکانی سەردەم دا نابینێتەوە. ئێمە ڕووی چالاکییەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و هەوڵ دەدەین بە کاریگەری و کارتێکەری لە خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان یارمەتی بدەین لە بەرەوپێش بردنی پرۆژەی نەتەوەسازی و پەرە بە فەرهەنگی پێکەوە کارکردن بدەین و هەوڵەکانمان بۆ لێکنزیک کردنەوەی جۆراوجۆرییە سیاسییەکان بخەینە گەڕ تا یەکیەتیی نەتەوەیی کورد کە لە گرینگترین ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەیەیە، بێتە دی. هەڵبەت نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان کێشەیەکی هاوبەشی هەیە و ئەوەش وا دەکا ڕێگا چارەکانیش هاوبەش بن. بەو تێبینییەوە یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێ بەرگری لە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بدا و لە سەر پرسی نەتەوەیی هەڵوێست بگرێ.

**پ: لەو ماوەیەدا کە «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» بە فەرمی چاڵاکییەکانی خۆی دەست پێ کردوە لە لایەن هێندێک لە چاڵاکانی خوێندکاری ڕەخنەی لێ گیراوە و ئەو کەسانە جەخت لە سەر ئەوە دەکەن کە زانکۆ گۆڕەپانی چاڵاکیی خوێندکارییە. وڵامی ئێوە بە نیسبەت ئەو ڕەخنانە چییە ؟**

**شەریفی:** ئەوە ڕاستە کە چاڵاکیی خوێندکاریی دەبێ لە نێو زانکۆکاندا ئەنجام بدرێ چونکە توێژی خوێندکار لە کاتی خوێندنیدا بە نیسبەت کۆمەڵگەکەی ڕەخنەگرە و هەروەها کێشەی بەڕێوەبردنی بنەماڵەشی نییە. بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین کە بزووتنەوەی خوێندکاری لە وڵاتێک کە لە باری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و ... دواکەوتوون وەک توێژێکی پێشرەو ڕۆڵ دەگێرێ و دەبێ بە دینامیزمی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک ژنان و کرێکاران و ... .

بەو پێیە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کوردستان و ئێران، کە سیستمێکی دیکتاتۆری بە سەریدا زاڵە، ئێمە دەبینین کە بەشێکی زۆر لە چاڵاکانی خوێندکاری ناچار دەبن پەڕیوەی دەرەوەی وڵات بن. لە لایەکی دیکە ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان یان ئۆرووپا دەژین. لە ئێستادا بەشێکی زۆر لە منداڵانی ئەو بنەماڵانە لە زانکۆ خەریکی خوێندنن و بە داخەوە هیچ هۆشیارییەکیان بە نیسبەت فەزای خوێندکاری ئێران و خواستەکانی خوێندکارانی کورد نییە. ئێمە بە دامەزراندنی ئەو یەکیەتییە هەوڵمان داوە لە لایەک بەستێنێک بخۆلقێنین تاکوو پێوەندی نێوان خوێندکارانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دیکە ڕێک بخرێ و کاناڵیزە بکرێ و لە توانایی ئەوان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان کەڵک وەربگرین و لە لایەکی دیکە بە سوود وەرگرتن لەو خوێندکارانەی لە نێوخۆی وڵات چاڵاکیان هەبووە، ئەزموونی ئەوان بەو خوێندکارانەی لە ئێراندا نەبوون ڕابگوازین. بەو پێیە یەکێک لە سەرەکیترین هەوڵی «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی نێوخۆی ئێران و هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەوان دەبێ.

**پ: پێوەندیی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لەگەڵ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان چۆن پێناسەی دەکەی؟ ئایا ئەو ڕێکخراوەیە سەربەخۆیە یا لە ڕاستیدا یەکێکە لە ئۆرگانەکانی ئەو حیزبە؟**

**سەلیمی:** دوو چەمکی سەر بەخۆیی و بەستراوەیی واتایەکی ڕوون و کۆنکرێتیان نیە و بۆچوونی جۆراو جۆر سەبارەت بەو دوو چەمکە لە ئارا دایە. هەرگیز ناتوانین سیفەتی سەربەخۆیی ڕەها و بەستراوەیی ڕەها بخەینە پاڵ ڕێکخراوێک و یا تەنانەت مرۆڤێک و دیاردەیەک. پێویستە بە ڕوانینێکی ڕێژەییەوە بڕوانینە ئەو چەمکانە. ئەو ڕێکخراوەی بە تەواوی سەربەخۆیە و کارتێکەریی دەوروبەری لە سەر نییە لە ڕاستیدا تا ئێستا بوونی نییە.

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە بەو مانایەی کە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردن و بڕیاردانی بە شێوەیەکی دیمۆکراتیک و و لە پڕۆسەی هەڵبژاردنێکی ئازاد دا هەڵدەبژێردرێن، بڕیار لە ناو ڕێکخراودا دەدرێ و جێبەجێ دەکرێ و هیچ چەشنە ڕوانینێکی حیزبی (حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان) بەربەست نییە لە بەر دەم ئەندامەتی لەو ڕێکخراوەیەدا. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو یەکیەتییە پشت ئەستوورە بە پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و پشتیوانی لە سیاستەتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ئەو حیزبە دەکاو ئەو حیزبە بە ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی وردستان دەزانێ.

**پ: سەرەکیترین بابەتی کاری «یەکیەتیی نەتەوەیی**



**خوێندکارانی کورد» جەختکردن لە سەر شۆناسخوازی و خواستەکانی نەتەوەیی نەتەوەیەی کوردە. ئێوە وەک یەکێک لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر پێویستی ئەو بابەتە چۆن هەڵدەسەنگێنن ؟**

**شەریفی:** یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە پێی بەرنامە و پێڕەوی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەمی خۆی پرسە خوێندکاری و نەتەوەییەکانی وەک گرینگترین بواری چالاکی خۆی دیاری کردوە. لە ڕاستیدا خاڵی جیاکەرەوەی چالاکیی خوێندکارانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندکاریی ناوەند، بابەتی شۆناسخوازییە. خوێندکارانی کورد هاوهەنگاو لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندکاریی ناوەند، لە پێوەندیی لەگەڵ دیمۆکراسیخوازی، ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ و ڕەخنەگرتن لە پێکهاتەی دەسەڵات و ... هەوڵ دەدەن، بەڵام خوێندکارانی کورد ئەمرۆکە بەدەر لەو بابەتانە خەبات لە پێناوی وەدیهێنانی خواستە سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی‌یەکانی نەتەوەی کورد وەک ئەرکی سەرەکی خۆیان لە قەڵەم دەدەن و لە نەبوونی ئازادیی پێویست بۆ چالاکیی حیزبەکان لە نێوخۆی وڵات، خوێندکارانی کورد ناچارن لەو بوارەدا زیاتر چالاک بن. لە ڕاستیدا ئێمە بە بنەماگرتنی خواستە نەتەوەییەکان خۆمان لە بزووتنەوەی خوێندکاریی ناوەند جیا کردۆتەوە و هەوڵ دەدەین بە پشتبەستن بە ڕۆحی ڕادیکاڵ و ئایدیاڵیستی بزووتنەوەی خوێندکاری، بە دوور لەو ڕۆحە کۆنەپارێزەی بە سەر حیزبە کوردییەکاندا زاڵە، خواستە نەتەوەییەکان بێنینە بەر باس و تیۆریزەیان بکەین.

# تورکیە هەتا ملان لە شەڕ ڕۆ چووە

عومەر ئاگین

لە تورکییەوە : عەزیز مەعروفی

تەیب ئەردۆغان، دەڵێی دۆنکیشۆتە شمشیری هەڵکێشاوە و، شاڵاو بۆ هەموو کەس دەبا. وەک، «ئیدی ئەمین» سەرۆکی دەسەڵاتی تانزانیا، شەوانە خەون دەبینێ و پێی وایە خەونەکەی ڕاستە، کە ڕۆژ بۆوە بە ڕاست و چەپ دەست لە خەڵک دەوشێنێ. هەمیشە کوردەکانن دەچن دە خەونی ئەردۆغانەوە. شۆڕش و تێکۆشانی نەپساوەی کوردەکان حکوومەتی شڵەژاندوە. ڕەزامەندیی پارڵمان بۆ دەرچوونی ئیزنی ئاکەپە بەو خێراییەی خۆ بۆ شەڕیکی گەورە ئامادە دەکات، دەری دەخات کە بە هەڵەداوان بە پیل شەڕەوە دەچێ. ئەوەی کە دەوڵەتان لە دوژمنایەتی کورد ناپرینگێنەوە و هەتا سنووری شەڕ دەیان با، ئەگەری یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ وەدەست هێنانی دەسکەوتەکانیان و دووهەمیشیان بۆ بیر وبۆچوونی هاوبەشی کەماڵیزم و بەعسێتی دەگەڕێتەوە کە « کوردەکان جیاییخوازن و بوونەتە دار دەستی هێزە دەرەکییەکان».

هەتا ئەمڕۆ، ڕاست روانگە و هەڵوێستی هاوبەش و یەکگرتووی دەوڵەتانی ناوچە ، کۆسپی بەردەم ڕزگاریی کوردەکان بووە. ڕۆژگار گەڕاوە و سەردەم گۆڕا، ئیدی کوردەکان زۆر دەسکەوتی ئازادی و ڕزگاریان بردۆتەوە و کەوتوونەتە بەر سەرنجی بیرو ڕای گشتیی جیهان و بەو خەباتەیان، سیاسەتی ملهۆڕی و سەرەڕۆیانەی دەوڵەتانی ناوچە و، حاشا لیکردن، یەکدەست خوازی و قڕ کردنیان لە بەر یەک هەڵوەشاندوە. تەنیا بە پاشەکشە پێکردن بەو جۆرە سیاسەتە نەوەستاون، بەڵکو هەر لەو کاتەدا ناکۆکیی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەشیان قووڵتر کردۆتەوە.لە ڕاستیدا، ئەوەش وای کردوە کوردەکان ببنە هۆی کاریگەریی قورسی دێموکراسی. پەرەی بە ناکۆکی داوە و ململانێ و تێک هەڵچوونی خێراتر کردوە . بۆیە کەوتوونەتە بەر هیرشی دەوڵەتانی ناوچە و لە ڕیزی هەرە پێسوەشیاندا ئی تورکیە. هۆیەکەی؟

تورکیە حاڵەتی داگیرکەریکی بە خۆوە گرتوە. لە ڕەوتی گۆڕانەکانی ناوچەدا، دەیهەوێ بەشی خۆی لە برەو و تالانەکان، بپچڕی. ئەندام بوونی لە ناتۆدا، پاڵی پێوەناوە بە وەستان دژی گەلانی ناوچە پەرە بە سیاسەتی مەزن خوازانە بدات. ئەوەی کە وا لە ئاکەپە دەکات ڕێگای هێرش و شاڵاو بگریتە بەر، گرینگترین هۆی دەگەڕیتەوە بۆ هەڵوێست و نیزیکبوونەوەی کوردەکان لە گەیشتن بە ئازادی، بەرانبەری و خۆ بەڕێوەبەرییەکەیان. ترسەکەیان تەنیا لە ئازادیی کوردەکانەوە سەرچاوە ناگرێ بەلکو وێڕای ئەوە، دەسکەوتی تورکیش لە هەنگاوەکانی دیموکراسی دا، دەیان ترسێنێ. تەیب ئەردۆغان وتوویەتی:» ناچارن وەها خۆ بۆ شەڕ ئامادە بکەن کە وابزانن پێویستە ئێستا شەڕ بکەن. ئەگەر توانای ئەوەت نییە دیارە تۆ دەوڵەت نی و نابێ ببی بە میللەت. ئەگەر خۆت ئامادە بکەی و هەر کاتێک تووشی داپلۆسین بی، تۆش دەتوانی ئەوەی پێویست بێ بیکەی».

عەبدوڵلا گویل، لە پێوەندی لە گەڵ ڕەزامەندیی پارڵمان، لە پاش کۆبوونەوەی لە گەڵ ئەردۆغان و سەرۆک ئەرکانی سوپا، وتی:» ناخۆشترین سەناریۆ لە سووریە دەقەومێن. دڵنیا بن ناکرێ چاوەڕێ بین و هەروا وەزعەکە بچێتە پێش». تورکیە دەیهەوێ بە گرتنە دەستی دەسەڵات و حاکمییەتی سووریە، تێکڕای وڵاتانی عەڕەبی بخاتە ژێر چۆکی خۆی. ڕاست ئەوەی سوڵتان سەلیمی یەکەم کردی، جا بەوە دەڵێن «وانە» لە مێژوو فێر بوون!

زۆر ڕۆژنامە نووسی دونیا، شارەزا و لیکۆلەر، و هێندێک سیاسەتمەداریش زۆر بە ڕوونی نییەت و مەبەستی ئاکەپەیان بۆ دەرکەوتوە. هێزە دیموکڕاتەکانی نێودەوڵەتییش هەستیان بە هۆی پێداگری و ویستی حکوومەت بۆ هێرش و شاڵاو، شەڕ و مەزنخوازی، کردوە. ٥ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱۲ ڕۆژنامەی لێ فیگارۆی پاریس- فەڕانسە، دەنووسێ:» خۆ تێهەڵقوتاندنەکانی تورکیە، لە سووریە لە گرینگیی فاکتۆری کوردەوە سەرچاوە دەگرێ و لەوانەیە، تەقاندنەوەی ماشێنە بۆمبڕێژکراوەکەی حەوتووی ڕابردوو لە قامیشلوو، تورکیە ریکی خستبێ». هەروەها، ڕۆژنامەی لیبرەیشنی فەڕانسە، لێکدانەوەیەکی ئاوای کردوە: «ئانکارا، هەر زۆر زوو داوای کرد هەریمی تامپۆن ( ناوچەی دژە فڕین) لە باکووری سووریە بۆ ئەو خەڵکەی لە ترسی کوشت و کوشتار هەلدێن، بکاتەوە و بەوەش سێرەی خستۆتە سەر کوردەکان»

حکوومەتی ئاکەپە، لە نێوەوە و دەرەوەدا، سیاسەتی قۆزتنەوەی هەلەکان ڕەچاو دەکات. بە قۆزتنەوەی « پەرش و بڵاوی و نەقوستانی» کوردەکان، هەوڵ دەدات کوردەکان بە گژ یەکدا بکات و لە لایەکی تریش بە کەڵک وەرگرتن لە ڕەوتی پێشهاتوو هەوڵ دەدات کوردەکان بکا بە ژێر دەستە و کۆیلەی خۆی. بەڵام کوردەکان هەڵناخەلەتێنرێن. بە شیوەی گشتی دەسکەوتە نوێیەکان و کیان و دەسەڵاتی کوردستانی باشوور، بۆ کوردەکان گرینگیی زۆر هەل دەگرێ. لەو بەشەی کوردستان دا، بە وەدەستهینانی کیان هەدایان نەداوە، بەڵکو وێڕای ئەوە یەکێتیی نەتەوەییشیان بەدی هیناوە. ئەو کوردانەی ئایینی شعیە و سوننەیان هەیە، لە پیناو ڕزگاری و ئازادیدا لە ژێر یەک ئاڵا کۆبوونەتەوە. لە هەمووی گرینگتر، لە سووریە، ئاشوری، سووریانی، کەلدانی لە گەڵ نوێنەرانی کۆمەڵگەی ئەرمەنییەکان هینراونەتە نێو پرۆسەی دیموکڕاتیزاسیۆن. بەشداریکردنی نوینەرانی، بەدەپە و دەتەپە لە کۆبوونەوەکەیاندا،وەک هەنگاوێکی گرینگ لە ڕێگای یەکێتی دیموکڕاتیکی نەتەوەیی کورد، هاوێژرا.

کوردەکانی سووریە، سیاسەتێکی بە بڕشت و ژیرانەیان هەڵبژارد، لە بنەڕەت دا خۆیان بە شەڕ و بەربەرەکانی هێزە بەرهەڵستکارەکان سەرقاڵ نەکرد. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، باش کوردی هەلسەنگاندوە و ستراتیژی تۆکمە ،واتە لێهاتوویی و لێوەشاوەییەکەی بۆتە بەردی بناغەی پیکهاتەی هوشیاری و لیزانیی هاوبەشی کوردەکان.
د


حکوومەتی ئاکەپە، چۆتە نێو شەڕێکی ناحەق و خۆڕایی. ئەرکی هەموو لایەکمانە دژی ئەو شەڕە کە بۆ خواردنی مافەکان وەڕێ دەخرێ، بوەستین و پشتیوانی لە ویستی ئازادیخوازانەی کورد بکەین.



# ئێران و ئەمریکا _ ئاخۆ ئۆباما و رامنی لە یەکتر جیاوازن ؟

و: ڕێبوار مەعروف زادە





**وتوویێژی لیدا حوسێنی نژاد لەگەڵ مێهدی خەڵجی**

ئابووریی ئێران لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ قەیرانی هاتنەخوارەوەی لە رادەبەدەری بەهای دراوی نیشتمانی رووبەڕو بۆتەوە. هێندێک کەس ئەو قەیرانە زۆرتر بۆ سیاسەتی خراپی حکوومەتی ئێران و هێندێک کەسی دیکەش ئەو قەیرانە بۆ کاریگەریی گەمارۆکانی رۆژئاوا بە دژی ئێران دەگەڕێننەوە. هەڵوێستی فەرمیی تەبلیغاتی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ئەو گەمارۆیانە بە کەم بایەخ لە قەڵەم بدەن. لە لایەکی دیکە لە حالێکدا کە کەمتر لە یەک مانگ بۆ بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا ماوەتەوە، نوێنەرانی کۆنگرەی ئەمریکا لە هەوڵی زیادکردنی گەمارۆ ئابوورییەکان لە دژی ئێران دان. پەسندکردنی ئەو گەمارۆ تازانە بۆ پاش هەڵبژاردنی ئەمریکا دوا دەخرێ.

بۆ لێکدانەوەی هەلومەرجی کۆماری ئیسلامی بە پێی قەیرانە ئابوورییەکان و هەڵبژاردنی داهاتووی ئەمریکا لەگەڵ مێهدی خەڵجی، لێکۆلەری سیاسی «بنیاتی واشینگتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نێوەراست»، وتوویێژم کردوە.

_ ئێوە ئەو قەیرانە ئابوورییەی ئێستای ئێران چۆن لێک دەدەنەوە؟ بە بڕوای ئێوە ئەو قەیرانە ئابوورییە، ڕێژیم بەرەو گرژی زیاتر یان بەرەو دانۆستان دەبا ؟

قەیرانی ئابووریی ئێستا تێکهەڵکێشەکە لە بەرێوەبەریی خراپ و گەندەڵی، گۆشارە نێودەوڵەتییەکان و ئەو گەمارۆیانەی کە بە هۆی بەرنامەی ناوکیی ئێران بە دژی کۆماری ئیسلامی دانراون. لەو بڕوایەدا نیم کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بۆ گرفتی گەندەڵی، بەرێوەبەریی خراپ و گەمارۆکان ڕێگەچارەیەک پەیدا دەبێ و لە راستیدا ناتوانم بێلم کە ئێران لە ژێر ئەو گۆشارە ئابوورییانەدا دانوستان دەکا یان نا، بەڵام ئەوە دەڵێم کە ئەگەر ئێران دانوستان بکا، ئەو کات دەتوانین بڵێین کە گۆشارەکان کاریگەر بووە. چونکە ئێمە لە نێو وڵاتانێک کە گۆشاری زۆریان لە سەر بووە و قەیرانی ئابووری گەورەیان هەبووە، وەک کۆریای باکوور کە هەلومەرجیان زۆر خراپتر لە ئێران بوو، بەڵام ئامادە نەبوون دانوستان بکەن.

_ بەو پێیە کە لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئەمریکا نزیک دەبینەوە، بە بڕوای ئێوە بابەتی هەڵبژاردنی ئەمریکا لە سیاسەتی حکوومەتی ئێراندا چ جێگەیەکی هەیە ؟

ئایەتوڵلا خامنەیی بە دروستی لەو بڕوایە دایە کە پێش لە هەڵبژاردن دەرفەتی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا نییە، چونکە سەرۆک کۆماری ئەمریکا پێش لە هەڵبژاردن نە دەیهەوێ سیاسەتی خۆی بە نیسبەت ئێران بگۆڕێ و نە دەتوانێ لەگەڵ ئێران مامەلەیەکی جیددی بکا.کەوایە لە ئەمریکا، لە کۆشکی سپی هەموو شتێک بە نیسبەت ئێران راگیراوە و هەموو چاوەڕوانن تا بزانن ئاکامی هەڵبژاردن چ دەبێ. لە راستیدا ئایەتوڵلا خامنەیی، چونکە دیموکراسیی لە ئێراندا ناخۆش دەوێ، زۆر خۆشحالە کە دوژمنانی، حکوومەتگەلێکی دیموکراتیکن. بەو واتایە، بۆ حکوومەتی ئێران ئەو هەڵبژاردنەی ئەمریکا زۆر باشە، چونکە هەموو شتێک دوا دەخا و کاتێکی زۆرتر دەداتە ڕێژیم.

ئەوەی راستی بێ زۆر فەرق ناکا ئۆباما بێتە سەر کار یان رامنی. سیاسەتی کۆشکی سپی بە نیسبەت ئێران گۆڕانێکی بنەڕەتی بە سەردا نایە و ئەگەر ئێران دانوستان نەکا، چ ئۆباما لەسەر کار بێ چ رامنی، گەمارۆی زۆر توندتر بە سەر ئێراندا دەسەپێنن. بەڵام من لە سەر ئەو بڕوایەم کە ئەگەر ئێران لە توانایی ناوکی نزیک نەبێتەوە، ناچارە لەگەڵ ئۆباما یان رامنی دانیشتن بکا. خامنەیی و ڕێبەرانی ئێران لە سەر ئەو بڕوایەن کە دێموکراتەکان لە بنەڕەتەوە لە رواڵەتدا و لە قسەکردندا زۆر ئارامن، بەڵام لە کردەوەدا سیاسەتەکانیان بە نیسبەت ئێران توندتر بووە. هەر لە سەردەمی جیمی کارتێرەوە، یەکەمین سەرۆک کۆمارێک کە کۆماری ئیسلامی ئەزموونی کرد هەتا سەردەمی کلینتون، دوایین سەرۆک کۆماری دێمۆکراتەکان پێش لە ئۆباما و ئۆباماش کە بێ وێنەترین گەمارۆکانی بە دژی ئێران دانا. لە لایەکی دیکە ئێرانییەکان لەو بڕوا یان خەیاله دان کە کۆماریخوازان لە رواڵەتدا رەنگە زۆر توند بن، بەڵام لە کردەوەدا زۆرتر حەز بە مامەلە کردن دەکەن. هەر بەمجۆرە کە دەوڵەتی رەیگان هێندێک هەوڵی بۆ مامەلە کردن لەگەڵ ئێران دا و ئالۆگۆری چەکوچۆڵی هەبوو، تەنانەت رووداوی مەک فارلێن لە سەردەمی جۆج بووش، ئەو جیاوازییە لە نێوان دێمۆکراتەکان و کۆماریخوازان دادەنێ. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە هەنووکە هەر دوو بەرە لە سەر مەسەلەی ئێران هاوڕان. واتە هەر دوو بەرەی سیاسی، هەر دوو حیزب، لەو بڕوایە دان کە بە هیچ جۆرێک نابێ ڕێگە بدەن ئێران دەستی بە توانایی ناوکی بگا. ئەو ئیرادەیە بوونی هەیە.

تەنیا جیاوازی ئەوەیە کە رەنگە کۆماریخوازان زووتر بەو ئاکامە بگەن کە دانوستان لەگەڵ ئێرانییەکان ناکرێ و دەبێ بە هێرشی نیزامی پێش بە دەستراگەیشتنی ئەوان بە توانایی ناوکی بگرن.

سیاسەتی ئۆباما بە نیسبەت ئێران درێژەی سیاسەتی بووشە و ئەگەر رامنیش هەڵبژێردرێ، درێژە بە سیاسەتی ئۆباما دەدا. بەو واتایە کە ئەگەر بگەینە ئەو شوێنە کە دەربکەوێ ئێران لە گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی یان توانایی ناوکی نزیکە و نایهەوێ دانوستان بکا، بە بڕوای من چ ئۆباما لەسەر کار بێ چ رامنی، هێرشی نیزامی دەکرێتە سەر ئێران. بەڵام پێش لەوەی ئێمە بزانین کە ئێران دەیهەوێ دانوستان بکا یان ئەگەر لە کۆشکی سپی بەو ئاکامە بگەن کە ئێران کاتێکی زۆری پێویستە تابەو ئاستە مەترسیدارە لە توانایی ناوکی بگا، چ ئۆباما و چ رامنی هەوڵ دەدەن لە سیاسەتی دوانە واتە لە لایەک گەمارۆ و گۆشار و لە لایەکی دیکە لە دانیشتن کەڵک وەربگرن. دانیشتن و گۆشار هەروا سیاسەتی بەردەوامی دەوڵەتی ئەمریکا بە نیسبەت ئێران دەبێ مەگەر ئەوەی کە ئێران بەو ئاستە مەترسیدارە لە توانایی ناوکی بگا. لەو ئاستەدا هیچ فەرق ناکا دەوڵەتێکی دێموکراتیک لەسەر کار بێ یان دەوڵەتێکی کۆماریخواز. ئەو ئیرادە لێبراوە لە نێو بژاردەی سیاسی ئەمریکا بوونی هەیە کە پێش بە دەستراگەیشتنی ئێران بە توانایی نیزامی ناوکی بگرن.

_ دواجار دوو حالەت لەبەرچاو دەگرین : ئەگەری یەکەم ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران رابگەیەنێ کە دەیهەوێ ببێتە هێزێکی نیزامی ئەتۆمی و ئەگەری دووهەمیش ئەوەیە کە ڕێژیم دانیشتن بکا. بەڵام لە هەر دوو ئەگەردا دەبێ ئایەتوڵلا خامنەیی وەک رێبەر هەنگاو هەڵبگرێ و پیاڵەی پڕ لە «شەهد» یان پڕ لە «ژەهر» بنۆشێ. ئایا لەو حالەتەدا ئێمە دەبینین کە کۆماری ئیسلامی دەچێتە نێو قۆناخێکی تازە لە ژیانی خۆی کە چێدیکە وەڵی فەقیە ناتوانێ خۆی لە پشت بەرێوەبەرانی بشارێتەوە ؟

ئەو رەوتە کە خامنەیی خۆی راستەوخۆ بێتە نێو گۆرەپانەکە و بەرپرسیارەتی هەموو شتێکی وەئەستۆ بگرێ، لە سەردەمی خولی یەکەمی یەکەمی هەڵبژاردنی ئەحمەدی نژادەوە وەدەر کەوت. لە راستیدا خامنەیی بە پەراوێزخستنی نەوەی یەکەمی کۆماری ئیسلامی وەک رەفسەنجانی، کەرووبی، خاتەمی و میرحوسێنی مووسەوی خەیاڵی ئاسوودە بوو و متمانەی بە خۆی پەیدا کرد کە خۆی بە فەرمی بەرپرسیارەتی هەموو شتێک وەئەستۆ بگرێ. چەندین جار رایانگەیاندووە کە ئەگەر دانیشتن بکرێ، دەبێ خامنەیی بڕیار بدا. ئەگەر گۆڕانێک لە سیاسەتی ناوکیی بکرێ، خامنەیی بڕیار دەدا. ئەمرۆکە خامنەیی تەنانەت بە نیسبەت سیاسەتی کۆنترۆلی حەشیمەتیش هەر خۆی بەرپرسیارەتییەکەی وەئەستۆ دەگرێ.

من پێموایە کە ئەو رەوتە زۆر لەمەو پێش دەستی پێ کردوە و ئێمە لە حکوومەتێکی شۆڕشگێرانە بەرەو دیکتاتۆرییەکی نیزامی دەرۆین. ئەوەی کە ئەو دیکتاتۆرییە نیزامییە چەندە سەکەوتوو دەبێ یان نا، ئەوە بابەتێکی دیکەیە بەڵام ئاواتی خامنەیی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بکاتە دیکتاتۆرییەکی نیزامی. بە واتایەکی دیکە لەمەو بەدواوە دەبێ لە خامنەیی زۆرتر وەک فەرماندەی سەرجەم هێزە چەکدارەکان بڕوانین نەک وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی. واتە ئەو جەخت لە سەر بەشی نیزامی کۆماری ئیسلامی دەکا کە بە خۆدی ئەو دەسەڵات دەدا و شۆناسی کۆماری ئیسلامی پێک دێنێ. بازار، بنیاتە ئایینی و سیاسییەکان هەموو لە بنکە نیزامییەکان بەرێوە دەبردرێن. ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە دنیا هەم لە باری ناوکی و هەم لە باری دانوستان لەگەڵ ئەمریکا خامنەیی بە بەرپرسیار بزانێ. من پێموایە ئەوە نهێنییەکە کە لەمێژە ئاشکرا بووە.

سەرچاوە :
http://radiozamaneh.com/politics/2012/10/14/20664

# ژن لە پێکهاتەی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستاندا...



مەسعود فەتحی

زانای کۆمەلناسی (سمیس) دەڵێ:

( داب و نەریتە میللییەکان دەتوانن هەموو شتی بەئاراستەی جوانی و باشە بەرن یا بەپێچەوانەوە بەرەو ئاراستەی خراپی بەرن)

لە لایەک سیستەمی توتالیتێر و ئیدئۆلۆژیکی ئێران ژیانی لە ژنانی هەموو ئێران بە رۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە ئاست تەنگ کردوە، لەلایەکی دیکەشەوە پێکهاتەی نەریتیی کۆمەڵگای پیاوسالاری کوردستان، وەک سێبەری یاسا و بە شێوازی خێڵەکی ماف و ئازادییەکانی ژنان پێشێل دەکا، زۆر جار دەسەڵاتی پیاوسالاری لە بنەماڵەدا دڕندەتر لە دەسەڵاتی دادوەریی رێژیمە، بۆ وێنە رۆژانە هەواڵی کوژرانی کچان و ژنانی کورد بە دەستی ،برا، باوک ، مێردەکانیانەوە بە ناوی پاراستنی شەرەف و بە ناوی نامووس پەرەستی دەبیسترێن کە تەنانەت زۆرینەی ئەو هۆکارانەی کە ژنانی لە سەر دەکوژرێ بە پێی یاساکانی رێژیمی ئێران، هەڵگری سزای مەرگ نی. واتە لە سەر خۆشەویستیەکی سەرەتایی یان گرتنی پێوەندی لەگەڵ رەگەزی بەرانبەر و ... بە جۆرێک گۆشار دەخرێتە سەر ژنان کە بە ناچار دەست دەدەنە خۆ کوژی، خۆ کوژییەک کە کوژرانی نۆرم و بەردەوامی نرخ و بەها مرۆییەکانی کۆمەڵگای کوردستانە. بەم جۆرە چەوساندنەوەی ژنان کۆمەڵگەی کوردستانی بە سەر ، زاڵم و مەزڵووم ، چەوساوە و چەوسێنەر، کۆیلە و کۆیلەدار و... دابەش کردوە (لەئاستی گشتیدا، واتە بە زۆرینە). کۆمەڵگایەک کە هەتا رادەیەکی بەرچاو تووشی قەیرانی شوناس بووە ، بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە لێرەدا دوو نموونەی جیاواز کە بەشێکی بەرچاو لە ژنان و پیاوان زۆرجار بەکاری دێنن باس دەکەین، پیاوان بە پێوەری کۆمەڵگای پیاوسالار ژن هەڵدەسەنگێنن و بەو ژنانەی بە پێوەرەکانی ئەوان هەڵسوکەوت دەکەن دەڵێن «فلان ژن ئەخلاقی زۆر پیاوانەیە»، یان ژنگەلێک دەبینرێن کە لەکاتی بەرەورووو بوونەوە لە گەڵ پیاو دەڵێن کە «من خۆم لە تۆ بە پیاوتر دەزانم»! ئەمە مەترسیەکە لە سەر شوناسی ژن و پیاو، ئەم کولتووره هەر لە کۆنەوە لە نیو کۆمەڵگای کوردیدا ریشەی هەبووە، بە داخەوە پرسی ژن لە فۆرمگەلێکی دیکەدا و بە شێوازگەلێکی دیکە زۆرینەی کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستانیشی گرتۆتەوە ، کە لە بنەڕەتیشدا مەبەست لە نووسینی ئەم وتارە شرۆڤەیەکی کورتی ئەم پرسەیە،

گوتاری داخراویی رێژیمی ئێران بە نیسبەت ژنان پۆتانسیەلێکی زۆری بۆ خەبات لە سەر پرسی ژن دروست کردوە، کە هەتا ئێستا بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو بابەتەی بە هەند وەرنەگرتوە دەنا ژنان دەیانتوانی کۆڵەکەی بەهێزی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بن، بزووتنەوەی کورد دەبێ هەڵگری پرۆژەیەکی روون بێ، پرۆژەیەکی روونی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری ، کەلتووری و هتد، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە ، رزگاریی خاک و نیشتمان بووە بە غەمی یەکەمی بزووتنەوەی کورد و کۆمەڵێک پرسی گرینگی دیکەی کۆمەڵگای کوردستان، وەک پرسی ژن، لەپەراوێزی ئەو بزووتنەوەیەدا ماونەتەوە، هەر بۆیە فێمێنیزم لە کوردستاندا گەشەی نەکردوە و هەر لە شەپۆلی یەکەمی فێمێنیزمدا قەتیس ماوەتەوە. ئەم بابەتە بووەتە هۆی ئەوەی کە بوونی بە کردەوەی ژنان لە نیو پێکهاتەی سیاسیی کوردستان بەدی نەکرێ، بەواتایەکی دیکە ئەم گوتارە ناسیۆنالیزمی کوردی لە پۆتانسیەڵی جێگەی متمانەی ژن بێ بەش کردوە، پۆتانسیەلێک کە بە هۆی بەرفراوان بوونی بۆ خەبات، دەیتوانی هێزی یەکلاکەرەوەی پرسی کورد بێ. ئەمە بەو مانایە نییە کە ژنان بەشداری پرۆسەی خەبات نەبوون بەڵکوو بەومانایەیە کە رۆڵی بکەر و کاریگەریان نییە و تەنیا بەشدارییەکی کلیشەیی و سەمبۆلیکیان هەیە. بەتایبەت کە ژنان لە پێکهاتەی رێبەری و بەرێوەبەریی حیزبەکاندا زۆر کەم بەدی دەکرێن و لە ژووری فیکری و ناوەندەکانی بڕیارداندا رۆڵی شیاوی خۆیان نییە، بۆ وێنە بە دەیان جار کۆبوونەوەی رێبەریی حیزب یان حیزبگەلێکی کوردستانی دەبینرێ کە تاکە یەک ژنی تێدا نیە!

لێرەدا ئاماژە بەچەند هۆکار و تێبینی لە سەر ئەم خەسارە واتە بەشداریی کەمڕەنگی ژنان لە پێکهاتەی حیزبە کان دەکەین، کە سەرەکیترین نوێنەرانی کۆمەڵگای سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستانن

١_کۆمەڵگەی کوردستان پێکهاتەیەکی نەریتی و خێڵەکیی بەهێزی هەیە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد نەیتوانیوە بەرەورووی ئەو نەریتە دژە ژنانە بێتەوە کە زۆرێنەی ئەو نەریتانەش هاوردەی داگیرکەرین و پیوەندییەکی قووڵیان بە کەلتوور و شارستانیەتی لە مێژینەی گەلی کوردەوە نییە.

ئەم جۆرە مامەڵە کردنە لە گەڵ ئەو پرسە چەند خاڵی سەرەکی زەق دەکاتەوە، لەوانە: الف)ئەمە کەم نرخاندنی ئاشکرای ئازادیی تاکە، تاکی ئازاد، کۆمەڵگای ئازاد بەرهەم دێنێ، تاکی ئازاد تاکێکی وشیارە کە دیفاع لە «من» بوونی خۆی دەکا، ژنی کورد شەرەف و نامووسی پیاوە ، شەرەفێک کە جەستەی ژنە، بەڵام پیاو خاوەنیەتی، بۆ ئەوەی هزر و بیری کەسێک کۆیلە بکرێ لە هەنگاوی یەکەمدا جەستەی مرۆڤ کۆیلە دەکرێ، پیوستە ئەوەمان لەبەرچاوبێ کە ئازادی سامانێکی مرۆییە کە دەبی بە هەستیاریەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. ب) ئەم پرسە فەلسەفەی شۆڕش دەباتە ژێر پرسیار، چوونکا شۆڕش پێکهێنانی ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتیە ، بە واتایەکی دیکە شۆڕش رووخاندن و سەرلەنوێ بونیاد نانەوەی هەموو ئەو بنەما فیکری ، سیاسی، کۆمەڵایەتی ، ئابووری و ....یە کە دەبنە هۆی دواکەوتوویی و بندەست بوونی تاک و کۆمەڵگا، هەر بۆیە ئەم جۆرە مامەڵە کردنە شیاوی گەلی شۆڕشگێڕی کورد نییە ج)ئەم پرسە خەسارێکی گەورەیە لە نەتەوەی کورد، هەر وەک لەم سالانەی دواییدا بینیومانە بەشێکی بەرچاو لە ژنانی کورد رووله فیمینیزمی ئێرانی دەکەن راستە فیمینیزم لۆکاڵ نییە، بەڵام پرسی ژنانی کورد تایبەتمەندیی کوردستانیشی پێوە دیارە، بۆ وێنە ئەگەر کێشەی ژنێکی تارانی ئەوەیە کە ناتوانێ بچێتە وەرزشگای ئازادی بۆ چاو لێکردنی کێبەرکێکانی تۆپی پێ ، کێشەی ژنی کورد ئەوەیە کە بە ناوی پاراستنی شەرەف و نامووس دەکوژرێ، یان مافی ئەوەی نیە بەتەنیا لەماڵ بچێتە دەرەوە، هەر بۆیە دەبێ بزووتنەوەی کورد خۆی بە خاوەنی ئەو پرسە بکا. ئەمەش بەواتای ئەوەیە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد پتانسیڵی ژن حەولی مێحوەری ناسیۆنالیزمی کورد بهێڵێتەوە و لە راستای نەتەوە سازیدا کەڵکی ئەرێنی لێوەربگرێ بە لە بەرچاوگرتنی ئەو راستیەی کە نەتەوە درووست بووی دۆخێکی سیاسیی کۆمەڵایەتیی جیاوازە.


٢_ناسیۆنالیزمی کورد بەهایەکی شەرەفمەندانەی بەخاک و نیشتمان داوە و ئازادییەکانی مرۆڤی کورد کەوتوونەتە زەرووڕەتی دووهەم،دەنا زەرفیەت بۆ خەباتی ژن هەیە، مافی ژن و یەکسانی لە بەرنامە و پڕۆگرامی حیزبەکاندا پەسەند کراوە، خواست هەیەو... بەڵام بەکردەوە بەشداری ژنان بەدی ناکرێ،

لە نێو حیزبە کوردیەکاندا رێکخراوەی ژنان هەیە ، بەڵام ئەم رێکخراوانە لە سەر زەرووڕەتی کار بۆ پرسی ژن دانەمەزراون ، هەر بۆیە چالاکیەکانیشیان لە سەر زەرووڕەتی پرسی ژنان نییە، بە واتایەکی دیکە ئەم رێکخراوانە رێکخراوگەلێکی فیمینیست نین، چوونکا خاوەنی پرۆژەو بەرنامەیەکی کاری کورت خایەن و درێژ خایەن بۆ چارەسەری پرسی ژنی کورد نەبوون، تەنانەت ئەو ژنانەی کە لەو رێکخراوانەدا چالاکن، بە ژنگەلێکی فیمینیست ناناسرێن بەڵکوو ژنگەلێکن کە تەنیا لە راستای پرسی نەتەوایەتی کورد دا چالاکن، دەبوو زەرووڕەتی کاروچالاکی ئەوان لەسەر پرسی ژن و پرسی نەتەوایەتی بوایە، بەواتایەکی دیکە ژنان دەتوانن هاوکات لە گەڵ پرسی نەتەوایەتی پرسی ژن دوانەخەن، هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، پرۆسەی رزگاریی ژن کەوتووەتە پاش پرۆسەی رزگاریی وڵات، جێی سەرنجە کە درێژ خایەن بوونەوەی خەباتی گەلی کورد کاریگەری خراپی لە سەر هەر تاکێکی کورد و بەتایبەت ژنانی ئەو رێکخراوانە داناوە،هاوکات فیمنینیزمی کوردی پاش خستووە. پێویستە ئەو رێکخراوانە و بە گشتی ژنانی کورد هەوڵ بۆ فیمینیزە کردنی بزووتنەوەی کورد بدەن ، بەشداریی کەمڕەنگی ژنان لە بزووتنەوەی کوردیدا ، نیشانەی هەژاریی فیکری و تئۆریکی فیمینیزم و ناسیۆنالیزمی کوردە ، کە کاریگەری نێگاتیڤی کردووەتە سەر هەر دوو لایەن، پێویستە بزووتنەوەی کورد دەرگا لە شەپۆلی دووهەمی فیمینیزم واتە فیمینیزمی لیبراڵ ، فیمینیزمێکی کردەیی، بکاتەوە هەتا ژنان شان بەشانی پیاوان بەشداری گەمەی سیاسی بن. لەم راستایەدا ژنان دەتوانن بۆ پێکهێنانی شوناسێکی هاوبەشی مرۆیی رۆڵی سەرەکییان هەبێ و هەم خۆیان و هەم ناسیۆنالیزمی کوردیش لە قەیرانی پیاوسالاریی سیاسی رزگار بکەن،

٣_ بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چۆنیەتی و چەندیەتی بەشداری کردن «(مشارکت)» یەکێک لە پارامێترە بەهێزەکانی دیموکراسیە، بەشداری کەمڕەنگی ژنان دیموکرات بوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەباتە ژێر پرسیار.

پێویستە بزووتنەوەی کورد خۆی بە ئەرکداری پاراستنی نەریتە کۆنەکان نەزانێ ، یان لە بەرەورووبوونەوەی ئەو پرسانە خۆی نەدزێتەوە. یەک لە هۆکارەکانی گەشە نەکردنی فیمینیزم لە کوردستان ، نوێ بوونی ئەو چەمکەیە، کورد لە پێناو کیانێکی سیاسیدا خەبات دەکا و هەنگاو بە هەنگاو بۆ دروست کردنی دەوڵەت تێدەکۆشێ، بەڵام خۆ دەوڵەتیش بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنیتەیە بزووتنەوەی کورد لەبات ئەوەی بەردەوام بۆ دواوە بڕوانێ پێویستە بۆ داهاتوو بڕوانێ، خەباتی گەلی کورد رۆژانێکی دژواری تێپەڕاندوەو قۆناخگەلێکی هەستیاری بڕیوە، ئێستا کورد لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا خاوەن رۆڵ و پێگەیەکی بەرچاوە ، هاوکات بەشی هەرەزۆری خەباتی کورد لەشاخەوە بۆشار گوازراوەتەوە، ئیدی چارەنووسی گەلی کورد تەنیا بە چەکەوە گرێ نەدراوە، ئەمە بەو مانایە نییە کە خەباتی چەکداری تەواو بووە ، شەڕ ئامرازێکی سیاسیە کە بە پێی بارودۆخێکی تایبەت تئۆریزەو پراکتیزە دەکرێ ، بەڵام لە ئێستادا ئیدی هەم چەکەکان بێدنگن و هەمیش خەبات لە شارەکان بەرێوە دەچێ ، بەم پێیە بزووتنەوەی کورد دەبێ هەڵگری درووشم و بەرنامەیەکی کاری بێ کە پەسەندی چینی شارنشین و ژنانی کورد بێ کە پتانسیڵی سەرەکیی ئەو بزووتنەوەیەن، کورد دەبێ بەرەو قۆناخی ئازادیخوازی هەنگاوی جددی هەڵبگرێ بەتایبەت کە حیزبەکان هەڵگری دروشمی خەباتی مەدەنین ، واتە بەرەو ئازادیخوازی هەنگاو بنێ و خۆی لە گوتاری کۆنی رزگاریخوازی کە رەنگ و بۆنی خەباتێکی خێڵەکی و عەشیرەیی دەدا، بە دوور بگرێ ، خەباتێک کە نەیتوانیوە چینی شارنشین و ژنان و خوێندکاران و... لەگەڵ خۆی بکاتە هاورێ، پێڕەو کردنی گوتاری ڕزگاریخوازی ساڵهایە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی کردوە بە دژکردەوەیەکی پەتی لە بەرانبەر داگیرکەریدا، بەتایبەت کە لەو گوتارەدا مافی ژنان و پاراستنی ژینگە، تەولید و بەرهەم هێنان و... پارامێترێک نەبوون لە بزووتنەوەی کورد.







**درێژ خایەن بوونەوەی خەباتی گەلی کورد کاریگەری خراپی لە سەر هەر تاکێکی کورد و بەتایبەت ژنانی ئەو رێکخراوانە داناوە،هاوکات فیمینینیزمی کوردی پاش خستووە. پێویستە ئەو رێکخراوانە و بە گشتی ژنانی کورد هەوڵ بۆ فیمینیزە کردنی بزووتنەوەی کورد بدەن ، بەشداریی کەمڕەنگی ژنان لە بزووتنەوەی کوردیدا ، نیشانەی هەژاریی فیکری و تئۆریکی فیمینیزم و ناسیۆنالیزمی کوردە**

# لاواندنەوەیەک

## بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورە تایەر تۆفیق



عەبدولکەریم شێخانی

پایزە و وەرزی مەرگی گەڵایە
دیسان ئەوا هات
گەڵا ڕێزان دەست پێ دەکات
لە لای داری گەڵا سەوزی نیشانەی ژیانە
شین و شەپۆڕ، واوەیلایە
کەدێ بای خەزان هەڵدەکات
گەڵای وەریو لەگەڵ خۆیدا
بەرەو مەرگ و نەمان دەبات
پایزە و ئاسمان زوو بە زوو
تارای شینی پیرۆزە بی
لە بن هەوری دێز و دزێو
بزر دەکات.
بەڵام جارێکی، وەرزی بەهار بوو
جەژن و خۆشیی خەڵکی شار بوو
بەڵێ خەڵک هەم هەژار و هەم نەدار بوو
کەچی هەر ڕۆژێ خۆشی بایە
ئاسمان چرای خۆری هەڵکردایە
شار دەخرۆشا، دارا و نەدار
لە سەیران بوون
لە باخچەکانی سەرەوە، شیوی ڕەزان
بۆ بەرەو خوار،
لە باخچەی شەمە و ئۆمەر خوچان بوون
نان و ماست و نان و هێلکە و
پلاو ساوار، شای سەرخوان بوون
پیاوە خۆش و مەستەکانی شار
لەم سروشتە خۆش و جوانە
هەم خانەخوێ و هەم میوان بوون
بنەوشەی چاوڕەشی شەرمن
وەک منداڵی مەلۆتکەکراو
بەو ناسکی و بەو نەرمییەوە
بە سەری شۆلکە هەنارێک
بە گەڵای ناسک و سەوز، دەورەدراو
بە دەزوویەک، جوان بەستراو
ئەمە نۆبەرەی بەهارە
یا بە دیاری، یان بە پارە
لە دووریشەوە نێرگزی
سپی و زەردی لێ دیارە
چەپکی بۆ دڵدار دیارە
وەرزی بەهاری خەواڵوو، پێ دەکەنێ
هەستاوە و سەر پێ کەوتووە و
رادەچەنێ.
منداڵی بێ حەشرو نەشریش، لەو باخەدا
دار دەشکێنن، گەڵا دەڕنن
مستەفا غای خوالێ خۆشبووش
شورتکی جنێویان بۆ دەبڕێ
هەر ناڵە و بە یەکسانی
بەشە جوێنی خۆی پێ دەبڕێ
دایکەکانیان بە شەرمەوە،
ئەیە رۆیەکی بۆ دەکەن
یەکی تۆزێ قۆشمە و خۆشیان
کە سەرەیە و قسەزانە:
ئۆی ئاغا گیان، ئەوەی فەرمووت
بە گەنجانیش زەحمەت دەکرێ!
ئاغاش بە بزەیەکی باوکانە
لەو قسانەی کە کردوونی، پەشیمانە
شەرمێکی شەرمن دایدەگرێ
لەو ڕۆژەدا، کە شار هەموو لە سەیرانە
کوڕ و کچی تازە هەڵچوو، نیگای ئەوین
لەیەک دەگرن
دڵدارەکان لەو هەلەدا
تا شل دەبن هەڵدەپەڕن
ئەوەی ئەی ڕۆژە دۆی هەیە
وادەزانێ کە پاشایە
کەسێ لەخۆی بەختەوەرتر
بەدی ناکا لەم دنیایە
کاکە تایەر ئاغا بولبول خۆشخوانەکە
زێت لەگەڵ دەستەی یارانە
بە قاپە ئارەقی قاچاخ
کە دەسکردی جووڵەکانە
دەستی ناسکی «صلوە و ساری»ی لێ دراوە
بەو دەستە سپی و ناسکانە هەوێنی مەستی تێ کراوە
تاوێکی خۆش، بە قسەی خۆش و گۆرانی
کاکە تایەری شێخانی
دەیبەنە سەر
بەڵام خۆشی تاسەر نابێ
لەپڕ هەروەک هەموو جارێ
گەواڵە هەوری بەهاری گەواڵە هەورێکی دێنێ
داپۆشرا ڕووی ئاسمانی جوان
ڕێژنەی باران هاتە خوارێ
هەر وەک ئەوەی ئاسمان بگری
فرمێسکی بە جۆڕ دەبارێ
ئەی بولبولە سەر مەستەکە تەواو مەست بووی
تەواو مەست بووی
خۆت بە پێوە ڕانەدەگرت
نەتدەتوانی شەقاو باوێی
هەر وەک هێمنی نەمر
ئەو شێعرەی بۆ تۆ فەرمووبێ
«جا کە سەرخۆش بووم بەدەنگێکی نەوی
بۆت دەڵێم ئەو شێعرە بەرزەی مەولەوی»
«مست مستم ساقیا دستم بگیر
تا نیوفتادم ز پا دستم بگیر»
ئەمان ساقی دەخیلت بم، بگرە دەستم، گەلێک مەستم
نەک بکەوم ناتوانم لەسەر پێیان ڕابوەستم
کاکە تایەر ئەتۆش وابووی
لەو هاورێ مەستانەت دابڕابووی، بەجێ مابووی
دەتچریکاند:
«جیهانم پشکنیوە
نازدار جوانم زۆر دیوە»
بەهار ڕۆیشت، بەهاری تەمەن تێپەڕی
تۆ لەگەڵ بەهاردا، هەر بەهار بووی
هونەرمەندی گەلی کوردبوویت و ناودار بووی
چەهچەهەی تۆ لە کوردستان
نووستووی لە خەو ڕادەپەڕان
مایەی شانازیی هەمووان بووی
بۆ مەمووان بووی
ئێمە ئەمرۆ، بۆ یادی تۆ
یادی کۆچی دوایی تۆ
ئەمرۆ و هەموو ئەمڕۆیەکی
وەکۆ ئەمڕۆ خەم دەڕوێنین
لە فەرهەنگی خەمی حەسیب
کام خەم زۆر قورس و گرانە
دەریەێنین.
منیش ئەمڕۆ بۆ خەمی تۆ
لە یادی تۆ
دەستی ڕێز و قەدرزانی
دەخەمە سەر سەرو چاوم
کاکە تایەر، خۆشم دەوێی
یادت دەکەم.... هەتا ماوم، هەتا ماوم، هەتا ماوم...

# «مویان»، نووسەری چینی، براوەی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبیلی ٢٠١٢



ئازاد بانەیی

ئاکادیمی پاشایەتی وڵاتی سوید ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ی زایینی ئاشکرای کرد کە خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێلی ئەمساڵ بە نووسەری بە ناوبانگی چینی «مو یان» دەدرێت.

هەموو ساڵێک لە مانگی ئۆکتۆبر دا چەندین خەڵاتی نۆبێل بە سەر کەسانێکی شارەزا و بە ناوبانگ دا دابەش دەکرێت کە لە بوارێک دا شارەزایی، یان داهێنانێکی باشیان هەبوبێت. ئەو خەڵاتە بریتین لە خەڵاتەکانی فیزیک، شیمی، ئەدەبیات، پزیشکی، ئابووری و ئاشتی. ماوەی چەند ساڵێک بوو خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل بە کەسانێک دەدرا کە کەمتر ناسراو بوون و تەنانەت کەس نەیدەناسین، هەر بۆیە ئەمساڵیش وا چاوەڕوان دەکرا کە وەک ساڵانی پێشوو نووسەر یان نووسەرانێکی نەناسراو شانسی بردنەوەی ئەو خەڵاتەیان پێبدرێ، بەڵام ڕۆژی چوارشەممە بە ئاشکرا کردنی ناوی «مو یان»، چاوەڕوانییەکان گەیشتنە کۆتایی.

هەرچەندە ئاکادیمیی پاشایەتیی سوید بۆ دەستنیشانکردنی ئەو نووسەر و ئەدیبە نەناسراوانە لە ساڵەکانی پێشوو دا بیانووی ئەوە بوو کە ئەو کارەیان بە مەبەستی هاندانی زیاتری نووسەر و ئەدیبە نەناسراوەکان کردوە بۆ ئەوەی هەلێک بەو کەسانەش بدرێ کە لەو بوارە دا لە ئاستی نێودەوڵەتی دا بە ناوبانگێک بگەن، بەڵام دەستنیشان کردنی بەربژێری ئەمساڵ بۆ ئەو خەڵاتە، تا ڕادەیەکی زۆر گەڕانەوەیەک بوو بۆ سەر ئەو ئەسڵەی کە دەبێ خەڵات بە کەسانێک بدرێ کە بە تایبەت لە بواری ئەدەبی دا داهێنەر و بە ناوبانگ بن.

نووسەری تەمەن ٥٧ساڵەی چینی «مو یان»، بە یەکێک لە ناسراوترین نووسەرەکانی ئەو وڵاتە دێتە ئەژمار. ئەو توانیویەتی بە ئاوێتە کردنی ئەفسانەی کۆنی چینی، چەندین ڕۆمانی هەڵکەوتەی مێژوویی بێنێتە بەرهەم کە لە نەوعی خۆیان دا بە بوارێکی نوێ لە ڕوماننووسی و گێڕانەوەی مێژوو ناو دەبرێن، هەر بۆیە توانیویەتی کە ناو و دەنگێکی باش بۆ خۆی نەک هەر تە نیا لە ناو وڵاتەکەی خۆیدا، بەڵکوو لە ئاستی جیهانیش دا بە دەست بێنێت. ڕۆمانی « گەنمە شامیی سوور، یان بە واتا چینییەکەی هەرزنی سوور» کە بۆ سەر چەندین زمانی جیهان و یەک لەوان زمانی فارسی وەرگێڕدراوە، بووتە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە ڕخنە گرانی «مو یان»، ناوبراو وەک داهێنەرەی «ڕیالیزمی خەیاڵی» ناودێر بکەن. ڕومانی هەرزنی سوور ساڵی ١٩٨٧ی زایینی ناوبانگێکی جیهانی پەیدا کرد و تەنانەت گەورە دەرهێنەری چینی ژانگ ییمو فیلمیکی لە سەر ساز کرد کە پاشان لە فستیڤاڵی ساڵانەی فیلمی برلین دا خەڵاتی ورچی ئاڵتوونی بەدەست هێنا.

«مو یان» لە زمانی چینی دا بە واتای بێ زبان، یان لاڵ دێت. «مو یان» دەڵێ ناوی ئەسڵی خۆم « گوان مویە»یە، بەڵام بۆیە ناوی ئەدەبیی «مو یان»،م بۆ خۆم هەڵبژارد، بۆ ئەوەی کە لە وڵاتەکەی من و زۆر جیگەی جیهان دا قسە کردن سەبارەت بە زۆر شت یاساغ و قەدەغەیە، هەر بۆیە منیش ئەو نازناوەم بۆ خۆم هەڵبژارد، خۆ هەرچەندە لەگەڵ واقیعی من دا یەکناگرێتەوە.

زۆربەی بابەت و بڵاوکراوەکانی «مو یان» بەتایبەت ڕۆمانە مێژووییەکانی چەندین کاردانەوەی جیاوازی لە وڵاتی چین بە دوای خۆی دا هێناوە. زۆر لە ڕخنەگرانی لەو بڕوایە دان کە کەسایەتیی «مو یان»، بە هۆی نزیکایەتی لە دەسەڵاتدارانی چینەوە، دوورە لە نووسینەکانی، بەڵام بەشێکی زۆریش لە خوازیارانی پێیان وایە کە نووسینەکانی ناوبراو، باس لە ناخی نووسەر دەکات و ڕووکەش ناتوانێ ناسێنەری کەسایەتی مرۆڤەکان بێت.

ڕۆمانەکانی نووسەر زۆر کات باس لە ژیانی سەخت و تاڵی گوند نشینەکانی وڵاتەکەی دەکات. هەرچەندە ئەو ساڵانێکی زۆرە لە ژیانی لادێوە دوورە و لە «پەکین»ی پایتەخت ئەژی، بەڵام ڕوومانەکانی هێندە لە ژیانی گوندنشینەکان نزیکن، کە کەس هەست بەوە ناکات ئەو گەورە نووسەرە دانیشتووی شار بێت. بۆ وێنە لە دوایین بەرهەمەکانی بە ناوەکانی « سزادان بە کورسییە دارەکان» و» ڕاپەڕینی سیر چێنەکان» دا، نووسەر هەوڵی داوە ژیانی ڕاستەقینەی وەرزێرەکان باس بکات. لە ڕۆمانی ڕاپەڕینی سیر چێنەکان دا «مو یان» باس لە ژیانی وەرزێرەکانی باکووری ڕۆژئاوای چین دەکات کە لە ڕێگەی چاندنی سیرەوە ژیانی خۆیان دابین دەکەن. بەڵام داوەدەزگا حکومەتییەکان کە ئەرکی کڕینەوە بەرهەمی جوتیارەکانیان لە ئەستۆیە، لە ناکاو لە کڕینەوەی ئەو بەرهەمە کە تەنیا سەرچاوەی داهاتی جوتیارەکان خۆ دەبوێرن و ئەو هەڵوێستەی کاربەدەستانی ناوچەکە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جووتیارەکان و هێرش کردنە سەر دامودەزگاکانی حکومەت. «مو یان» لەو ڕومانەشی دا هەر وەک هەرزنی سوور هەوڵی داوە بە شێوەیەکی ون و کەمڕەنگ مێژوو ئاوێتەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بکات. ژیانێک کە کلیلی کردنەوەی دەرگاکانی لە دەست کۆمەڵێک دەسەڵاتدار دایە و بۆ تێپەڕین لەو دەرگانە مرۆڤەکانی سەردەم دەوری پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی کۆنی چین دەگێڕن.

ئەو شێوازە لە کاری وەرگری خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل، هەم بەشێکی زۆر لە لایان گران و ڕخنە گرانی و هەم ئاکادیمی پاشایەتی سویدی هێناتەوە سەر ئەو قەناعەتەی کە نووسین و ڕۆمانەکانی «مو یان» شێوازێکن لە خەیاڵ، ناڕوونی و ئەدەب لە قاڵبی مێژوو و سەردەم دا. شێوازێک لە نووسین کە مرۆڤەکان لە جیهانی پێشکەوتووی ئێستاوە دەباتەوە بۆ سەردەمانی کۆن و زیندوو کردنەوەی مێژوو بەڵام بە خەیاڵ و ناسک بینییەکی تایبەت کە کەم نووسەر و ئەدیبی سەردەم توانیانەی ئەو ڕێچکەیە بگرن.



ئالفرێد نۆبێلی داهێنەری سویدیی خەڵاتی نۆبێل، لە وەسیەتنامەکەی دا، پاش بوارەکانی فیزیک، شیمی و پزیشکی، ئەدەبیات وەک بواری چوارەم لە داهێنان دا ناودەبات. ئالفرێد نۆبێل لە سەر ئەو بڕوایە بوو کەسێک شایانی وەرگرتنی ئەو خەڵاتەیە کە خاوەن داهێنانێکی دەگمەن و گەورەی ئەدەبی بێت.

پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت وەک گەورەترین پێشانگای جیهان و هەروەها دۆستانی ئەدەبیات لەو پێشانگایە، زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ناساندنی براوەی خەڵاتی ئەدەبی نۆبێلی ساڵی ٢٠١٢یان دەکرد. چونکا هاوکات لەگەڵ «مو یان»، چەندین نووسەری گەورەی دیکەش لە چەندین وڵاتی جیهان، لە ڕیزی بەربژێرەکانی ئەو خەڵاتە دا بوون کە بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە کەسانێکی وەک « هاروکی موراکی- نووسەری گەوری ژاپۆنی، توماس مینچون و فیلیپ ڕۆس و باب دیلون لە ئامریکا، ویلیام تروور لە ئیرلەند و ئادۆنیس لە سوریە بکرێت.

هەڵە چێنی

# یادێک لە سمێڵی ڕەق و کڵاوی سەربەدوگمە



مستەفا شێخە

هەتا نزیکەی سی ساڵێک لەمەوبەر، یانی ئەو کاتەی دنیا بەم شێوەیە لە گرێژەنە نەچووبوو و وەک ئێستا هەر کەسە ئەسپی خۆی چوارناڵ لینگ نەدەدا و دنیا نەزم و حیسێبێکی دیکەی هەبوو، سمێڵی ڕەق و دەنک درێژیش نیشانەی پیاوەتی و بوێری و زۆرزانی بوو. جاروباریش کڵاوێکی سەربەدوگمە بە شەبکەی کورتی پێشەوەیەوە، ئەوەندەی دیکە دیمەنی خاوەن سمێڵەکەی بەهەیبەتتر دەکرد. بۆیە دەڵێم دنیا ئەوا لە گرێژەنە نەچووبوو، چونکە ئەو کات کچەتیوۆکە و ژن و ژاڵیش وەک ئێستا دەم لەپێش نەبوون و سەرڕاو و بنڕاویان نەدەگرت و لە مەجلیسی پیاواندا هەژدەر وەسەریان نەدەکرد.

ئەوکات ئەوەندە بەس بوو پیاوێکی کەمێک چوارشانە و تێکسڕماو بای و چڵەکانی سمێڵ وەک باقە بەڵمی چەڵتووکی نەکوتراو بەسەر یەکدا کەوتبان و لێوی ژێرەوەتیان ختۆکە دابا. ئەو دیمەنە بەهەیبەتە، بە کڵاوێکی پێش بەشەپکەی بۆرەکەڵەی سەربەدوگمەوە ئەوەندەی دیکە سام و هەیبەتی دەنواند. ئەوەندەت هەبایە، لە مەجلیس و کۆڕی ڕووناکبیران و شۆڕشگێڕاندا دەبوویە نێرەهەرامەی زەمانە.

ئەوکات وەک ئێستا پیاوی پیاو سمێڵیان بە تیغ و گوێزان و دەواو دەرمان دانەدەماڵی و ژنانیلە بوونیش مایەی شەرم و شوورەیی بوو. پیاوە بەهەیبەتە سمێڵدارە کڵاو سەربەدوگمەکان کە دادەنیشتن دەبوایە چەند جووت گوێ و چاوی دیکەت قەرز کردبایە و چاوە قەرز و نەغدەکانت وەک کامێرای وردبین زوومی سەر بەژن و باڵایان کردبایە. بە هەموو گوێیەکانیشت فاکت و ڕێنوێنی و ڕێنومایییەکانی مارکس و ئێنگێلس و لێنین و مائۆ و هوشی مین و ڕەفیق ئەنوەرخووجە و ئەم فیدڵەی ئێستات تۆمار کردبا.

کاتێک کابرای سمێڵ بابڕی کڵاو سەر بەدوگمە دەگەیشتە لێکدابڕان و بەرەنگار بوونەوەی ڕەفیق ئیستالین و ئۆف و مۆفەکان لەگەڵ گەڕەکی ماڵی مائۆ و دەروێشەکانی، تۆی گوێگریش ماندوو دەبووی، چاوەکانت شل دەبوون و گوێیەکانیشت لە تۆمارکردن دەکەوتن.

قسەی خۆمان بێت، سمێڵ و کڵاوە سەر بەدوگمەکەی ئەوکات، ئەگەرچی خەریک بوون ژانی برینی دابڕانی بەرەی ستالین و مائۆی بۆ جەندەکی ئێمەمانان بگوێزنەوە، کۆمەڵگاکەمان یەکدەستتر بوو و وەک ئێستا ژن و ژاڵ و کچەتیوۆکە دەم لەپێشییان پێنەدەکرا هیچ، پیاوانی کۆسە و ژنانیلەش بەزەحمەت چەند چڵە موویەکیان لە پشت لێوی سەرەوەیان ڕێک دەخست و ئەوکاتیش لەڕوویان هەڵنەدەهات وەک زانا و خەباتگێڕە سمێڵزلەکان سینگ ڕەپێش خەن و لافی شۆڕشگێڕی و زانایی لێبدەن.

کاتێک سمێڵتاشین دەستی پێکرد و وردەوردە دەموچاوی پیاوان لە ڕەنگ و ڕووی دەموچاوی ژنان نزیک بۆوە، پیاوانی کۆسە و کەممووش هاتنە مەیدان و ئەمجارە هەر بەڕاستی دۆ و دۆشاو تێکەڵ بوو. گۆڕانێکی مەترسیدار دنیای لە خۆ گرتەوە، ئیدی ئێستا کاتێک سەیری تەلەڤزیۆن دەکەین، لە بەرانبەر پیاوی سمێڵ بابڕی خاوەنی کڵاوی سەربەدوگمە چاومان زەق ناکەینەوە و دەم داناپچڕین و لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیش بۆ گەڕان بەدوای بابەتی بەپێز و بەهێزدا بەدوای وێنەی سێبەچواری پیاوی سمێڵ بابڕی سەر گۆشەی ڕاست یان چەپی بابەتی ڕۆژنامەکاندا ناگەڕێین. بەداخەوە ئەوەی لە سەر شاشەی تەلەڤزیۆن و لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا سەرنجمان ڕادەکێشن، وێنەی ژن و ژاڵی دەموچاو تیفتیفە دراو و سینگ دەرپەڕیو و هەتیوۆکە و مەتیوۆکەی ژنانیلەیە.

ئەمڕۆژانە خەریکە یادی سمێڵ بابڕە کڵاو سەربەدوگمەکان زیندوو بێتەوە. ئەو دەنگە لەناو کۆمەڵە کەسێکدا دەرکەوتووە ئەگەرچی وەک ئێمە تێکەڵاوێکن لە خەڵکی بەسمێڵ و بێ سمێڵ، بەڵام ئێستاش هەر هیوایان بە سمێڵی ڕەق و شەپکەی سەربەدوگمەیە.

دوو ڕێکخراوی ڕەسەنی لایەنگری کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێ پێڵاوان و ڕووت و ڕەجاڵان و بێ هاوسەران و .... ڕاگەیەندراوێکیان دەرکرد کە داوا دەکەن پێخاوسان و زەحمەتکێشان و ڕووت و ڕەجاڵان و بێ هاوسەرانی ئێران دژ بە مەترسیی دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی و ڕەگەزپەرستانەی کوردان یەک بگرن و پێش بە خولیای ئازادی و لیبڕالیزم و ئەمپریالیزم و شتی لەم بابەتە بگرن.

ئەوەی ئاشکرایە، ئاسۆی دوارۆژی ئەم ڕێککەوتنە ستراتێژیەی دوو حیزبی میراتگری سمێڵی ڕەق و کڵاوی سەربەدوگمە، ئەم دیاردە ناحەزانە دەفەوتێنێت و لە ئاکامدا لە ژێر فەرمانی دادوەرانەی پیاوێکی سمێڵفشدا مەترسیی پارچە پارچە بوونی وڵاتان و جیهان لەناودەچێت و دوای ماوەیەک جگە لە مرۆڤەکان، گورگ و مەڕ و ڕێوی و کەڵەشێریش کڵاوی سەربەدوگمە و پێشبە شەپکە دەکەنە سەریان و دەست لەسەرشانی یەکتر بە قاقاو پێکەنینەوە، قسەی خۆش بۆ یەکتری دەگێڕنەوە.

تەنیا وێدەچێت ئەگەرێک کێشە بۆ ئەم پێشبنییە بخولقێنێت، ئەویش ئەوەیە ڕەنگە هەر لە بنەڕەتدا دژایەتی ئەم شێوازە سمێڵ بەردانەوە و شەپکە لەسەر نانە بکرێت و سمێڵەکە کورت بکرێتەوە و لە جیاتیان مووەکانی خوارتر و ئەملاوئەولای سمێڵ شۆڕ بکرێنەوە. لەم دۆخەشدا گۆڕانکارییەکی مەترسیدار ڕوونادات، چونکە لە هەردوو شێوازەکەدا موو باڵا دەستە و ژن و ژاڵ ناتوانن بیچمی خۆیان والێبکەن و پیاوانی کۆسەش نابنە خاوەنی سمێڵ یان ڕیشی ڕەشی پان و پۆڕ. لەکۆتاییدا ئەگەر کۆمەڵگایەکی ئارام و گوێڕایەڵ دەست بکەوێت، سەودایەکە سەر دەگرێت.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 594 21 okt 2012


ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

## بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی یوبیلی زێوینی هونەرمەندی گەل تاهیر تۆفیق لە شاری کۆیە




تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە بۆ ڕێزگرتن لە هونەرمەندی نەمر تاهیر تۆفیق لە ژێر دروشمی «مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان» فێستڤاڵێکی دوو رۆژەی لە هۆڵی سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە بە سەرپەرستی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەست پێکرد.

کاتژمێر ١٠ی پێشنیوەڕۆی رۆژی هەینی ٢٨ی رەزبەر، فێستیڤاڵی یوبیلی زێوینی هونەرمەندی گەل تاهیر تۆفیق بە کردنەوەی پێشانگایەکی وێنەی فۆتۆگرافی لە بارەگای تیپی باواجی و سەردانی گڵکۆی هونەرمەندی نەمر تاهێر تۆفیق و دانانی تاجە گوڵینە لەسەرمەزاری ئەو نەمرە دەستی پێ کرد.

کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆش بە بەشداریی سەدان کەسایەتیی هونەری و ئەدەبیی هەرێمی کوردستان، رێورەسمی فستیڤاڵ بە وتاری سەرۆکی تیپی باواجی درێژەی پی درا. لە بەشێکی دیکەی فێستیڤاڵەکەدا قایمقامی کۆیە وتارێکی پێشکەش کرد. هەروەها وتاری وەزیری رۆشنبیری و نووسەر و روناکبیر رەهبەری سەید برایم بەم بۆنەیەوە خوێندرانەوە.دواتر مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی بابەتێکی ئەدەبیی خۆی کە بۆ ئەم یادە نووسیبووی، پێشکەشی کرد.

لە برگەکانی دیکەی فێستیڤاڵی یوبیلی زێوینی هونەرمەندی گەل تاهیر تۆفیق دا، تیپی موسیقای باواجی، بە هاوکاریی چەند هونەرمەندی دەنگخۆش، یادی ئەم هونەرمەندە نەمرەیان، بە وتنەوەی گۆرانی و مەقامەکانی، زیندوو راگرت و چەند بەرهەمی جوانیان پێشکەشی بەشدارانی فستیڤاڵەکە کرد. هەر وەها سیدیی تایبەت بە بەرهەمەکانی هونەرمەندی نەمر تاهیر تۆفیق لە نێو بەشداران دا بڵاو کرایەوە .

ئەو هونەرمەندە دەنگخۆشانەی لە یەکەم رۆژی کاری فێستیڤاڵ دا بە پێشکەشکردنی کۆمەڵێک مەقام و گۆرانی، یادی نەمر تاهیر تۆفیقیان بەرز راگرت بریتی بوون لە هونەرمەندان: چرپە نەبەز، عەباس محەممەد، محەممەد رەئوف کەرکوکی، ئاڤان جەماڵ،سادق هەریری، داهێن شوان و هەروەها هونەمەندی گەورەی رۆژهەڵاتی کوردستان عەزیز شاروخ.

لە دووەهەم رۆژی فستیڤاڵەکەش دا کە کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆی رۆژی شەممە ٢٠ی رەزبەر بەڕێوە چوو جگە لە پێشاندانی فیلمێکی دۆکیۆمێنتی لە بارەی ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەندی گەورە تاهیر تۆفیق بە ناوی «گوڵی سەربەستی»، لە دەرهێنانی هونەرمەندی کۆچکردوو «محیّدین رەزا»، کۆنسێرتێک بۆ هونەرمەندی لاو ئەیووب عەلی بەڕیوە چوو.

جێی ئاماژە پێدانە کە لە سەر بانگهێشتی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەم فێستیڤاڵە کۆمەلێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداری ئەم فستیڤاڵە بوون.



هونەرمەند عەزیز شارۆخ لەگەڵ تیپی باواجی



### تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە:

لە ساڵی (١٩٥٧) لە سەر دەستی مامۆستا باکووری دامەزراوە لە سەرەتاوە وەک تیپێکی قوتابخانەکان دەستی بە کار کرد. لە دوایی دا تیپەکە گەشەی کرد و ناویان نا تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە کە سەر بە کۆمەڵەی بووژانەوەی هونەرە جوانەکان بوو لە کۆیە. بەردەوام بوو لە کارکردن لە ساڵانی ١٩٦٠ _ ١٩٦٢ . لە ساڵی ١٩٦٥ کاتێک مامۆستا زاهیر محمد هاتە کۆیە کە دەرچووی هونەرە جوانەکان بوو لە گەڵ خوا لێخۆش بوو مامۆستا ئەنوەر تاهیر و م. سەردار ئەحمەد کە ئەویش دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوو، کەوتنە کاری هونەری پرۆڤە کردن بۆ چەند گۆرانییەک تاکو بەرواری (١٩٧٢/٣/١) مۆڵەتی یاسایی وەرگرتووە هەر لەو ساڵەدا چەند بەرهەمێکیان لە بەغدا تۆمار کرد کە ژمارەی بەرهەمەکان (١١) بەرهەم بوو. ١٩٧٢ _ ١٩٧٣ نۆ بەرهەمیان بۆ کەرکووک تۆمار کرد. دیسان لە ساڵی ١٩٧٣ هەشت بەرهەمی تریان لە بەغدا تۆمار کرد و بەردەوام تاوەکو ساڵی ١٩٧٤ لە یەکەم فیستیڤاڵی هونەری کوردی بەچەند بەرهەمێک بەشداریان کرد و لە دوای ئەم فیستیڤاڵە هەندێک لە ئەندامەکانیان بەشداریان کرد لە شۆڕشی ئەیلول لە تیپی مۆسیقای شۆڕش کاریان کرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥ مۆڵەتی تیپی مۆسیقا لە رژێمی بەعسەوە کێشرایەوە بە هۆی پێوەندی کردنیان بە تیپی شۆڕشەوە. لەدواییدا لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر لە کاروچالاکییەکان بەردەوام بوون. تا ساڵی ١٩٧٦ . لە ساڵی ١٩٧٣ دووبارە مۆڵەتی یاساییان وەرگرتە و لەوکاتەوە بەردەوامن لە کار و چالاکی تاوەکو ئێستا بۆ خزمەت کردنی هونەری رەسەنی کوردی.



ژنانی رەنج... شاری شیلادزی . دەڤەری بارزان ـ ٢٧١٢

بەر لە ماڵاوایی

## «زەویی بەرپێی ئێمە، خۆڵەمێشی باب‌و باپیرانمانە»

**قادر وریا**

زۆر جار کە دیمەنێکی حەماسی لە دیمەنە شانازی خولقینەکانی خۆشەویستیی خاک و وڵات لە رۆلەکانی نەتەوەکەی خۆم بەرامبەر داگیرکەرانی سەرزەویی باب و باپیران و دایک و داپیرانیان دەبینم، یەک راست دەکەومەوە یادی ئەو دەقەی کە نزیکەی دە ساڵ لەوە پێش بۆ یەکەم جار خوێندمەوە و بە قووڵی کەوتە بەر دڵم، بە جۆریک کە نەمتوانی وەری نەگێڕمە سەر زمانی کوردی بۆ ئەوەی کەسانێکی دیکەش کە وەک من زۆر لە زمانانی دیکە نازانن، لانیکەم بە کوردییەکەی خۆمان خوێندبێتیانەوە. دیارە نازانم چەندە لە وەرگێڕانی ئەم دەقە بەرزە دا سەرکەوتوو بووم، بەڵام هەست دەکەم لە گەڵ ئەوەش دا کە من دەقەکەم نەک لە زمانە سەرەکییەکەی خۆی بەڵکوو لە زمانی فارسیەوە کردوە بە کوردی، دیسانیش وەرگێڕدراوەکە تا رادەیەک هەڵگر و راگوێزەری بیرە ورد و بۆچوونە جوانەکانی ناو دەقە ئەسلییەکەیە.

ئەم رۆژانە کە جارێکی دیکە خۆشەویستیی هاوزمانان و هاونەتەوەکەی خۆم لە باکووری کوردستان بۆ خۆشەویستیی خاکی کوردستان و رزگاریی خۆیان لە بندەستیی لە نیوەندی شاری ئەنکارا و لە رەوتی بەڕیوەچوونی کۆنگرەی پارتی ئاشتی و دیموکراسی(ب.د.پ)دا بەو حەماسەتە جێی شانازییەوە بینی،بەڵێنم بە خۆم دایەوە کە جارێکی دیکە، وەرگێڕاوی ئەو دەقە بخەمەوە بەرچاوی خوێنەران.

**ئەم شتانەی**
**ناتوانین پێتان بفرۆشین**

ساڵی ١٨٥٤ «فرانکلین پێرس» سەرکۆماری ئەو کاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە نامەیەک دا بۆ سەرۆکی هۆزی سیاتل، داوای کرد سوورپێستەکان زەوی‌یەکانی خۆیان بەو بفرۆشن. سەرۆکی هۆزی سیاتل، وەڵامێکی بەو نامەیە دایەوە کە نیشاندەری زۆر خاڵی تازە لە جۆری روانینی مرۆڤەکان بۆ جیهانە. نامەی سەرکۆماری ئەمریکا لەمێژە لەبیر چۆتەوە، بەڵام وەڵامی سوورپێستی بلیمەت، تا ئێستاش شیاوی تێڕامان، شایانی خوێندنەوەوجوانە. با بە یەکەوە ئەم نامەیە بخوێنینەوە:

چلۆن ئاسمان‌و گەرمای زەوی دەفرۆشرێ؟ کاتێک ئێمە خاوەنی خاوێنیی هەوا و پڕشنگی ئاو نین، چلۆن دەتوانین بە تۆیان بفرۆشین؟

ئەم سەرزەوی‌یە، هەمووی بۆ خەڵکی من پیرۆزن، گەڵا باریک و درێژووکە و بریقەدارەکانی سنەوبەرەکان، لێوارە رەلمی‌یەکان، تەم‌و مژی نێو لێڕەوارەکان، دەعبا و جڕو جانەوەرە جوان‌و پڕ هەراو هوریاکان، بەڵێ ئەمانە هەموویان لە بیرەوەری و ئەزموونی خەڵکی من دا پیرۆزن. تەڕایی‌یەک کە بە رەگی دارەکان دا دەگەڕێ، بیرەوەری‌یەکانی پیاوی سوورپێستیان تێکەڵە.

زەوی دایکی ئێمەیە، ئێمە بەشێکین لە زەوی‌و زەوی لەتکێکە لە ئێمە. گوڵانی بۆنخۆش خوشکمانن. ئاسکان، ئەسپان‌و هەڵۆ گەورەکان، برامانن. ترۆپکە بەردینەکان، ئاونگی چیمەنەکان‌و تینی لەشی ئەسپەکان‌و مرۆڤەکان، هەموو هی بنەماڵەیەکن. ئەم ئاوە روونەی بە جۆگەکان دا رادەبرێ‌و ئەم چۆمانە، هەر ئاونین، خوێنی باب‌و باپیرانی ئێمەن کە رادەبرن. ئەگەر ئێمە ئەو سەرزەوی‌یەتان پێ بفرۆشین دەبێ لەبیرتان بێ کە ئێرە بۆ ئێمە پیرۆزە و، ئەم دیمەنە ناروون‌و لێڵانەی لەگەڵ ئەم ئاوەدا رادەبوورن، ئەو بەسەرهات و بیرەوەرییانە دەگێڕنەوە کە لە ژیانی خەڵکی ئێمەدا، روویان داوە. چپەی ئاو، دەنگی باوکی باوکی منە.

رووبارەکان برای ئێمەن، ئەوان تینوێتیمان دادەمرکێنن، بەلەمەکانمان دەئاژۆن و، بژیوی منداڵانمان دەدەن. ئەگەر سەرزەویی خۆمانتان پێ بفرۆشین دەبێ لەبیرتان بێ و منداڵانی خۆشتان فێر کەن کە ئەم رووبارانە، برای ئێمە و برای ئێوەن و لەمەودوا، ئەو سۆزو هەست‌و بەزەیی‌یە برایانەیەی برا هەمبەر بە برا دەینوێنێ، دەبێ لە ئاست ئەو رووبارانە بینوێنن.

لە شارەکانی سپی‌پێستان دا، شوێنێکی هێمن و ئارام دەست ناکەوێ، جێگایەک بەدی ناکەی کە گوێت لە خشپەی لاوێنەری گەڵا بەهاری‌یەکان و سیرەی باڵی جڕو جانەوەران بێ. رەنگە ئەو قسانەی ئێمە لەوەوە سەرچاوە بگرن کە ئێمە خەڵکێکی وەحشین! بەڵام وەختایەک کە مرۆڤ لە بێدەنگیی نیوەشەوان دا نەتوانێ دەنگی خوێندنی تاقە باڵندەی شەو قڕەی قوڕواقی تاڵاوان ببیسێ، ئیتر ژیان بەلای وی‌یەوە چ مانایەکی دەمێنێ. سوورپێستەکان شنەشنی شنەیان، ئەوکاتەی بە شێنەیی بەسەر تاڵاو و گۆمیلکەکان دا رادەبرێ و، بۆنی خۆشی بایان، ئەو دەمانەی ئاوێتەی خوناوکە بارانی نیوەڕۆیان دەبێ‌و، بۆنی خۆشی گەڵا باریک‌و درێژەکانی سنەوبەرانیان، بەلاوە خۆشەویست ترە.

هەوا بەلای سوورپێستەکانەوە، بەنرخ‌و بایەخدارە. چونکە هەناسەدانی هەمووان بەوەوە بەندە. ئاژەڵ‌و دارو درەخت‌و مرۆڤ هەموو لەم هەوایە هەڵدەمژن. ئەگەر ئێمە سەرزەویی خۆمانتان پێ بفرۆشین، دەبێ لەبیرتان بێ کە هەوا ژیانمان پێ دەبەخشێ‌و بەلامانەوە بەڕێزە، رۆح‌و خۆشیی ژیان بە بەر سەرجەمی بوون دا دەکا. هەر ئەو بایەی باپیری من بە هەڵمژینی ئەو دەژیا، هەر ئەویش دوا هەناسەی ماڵاوایی لە ژیانی، لێ ئەستاند.

ئەگەر ئێمە سەرزەویی خۆمانتان پێ‌بفرۆشین، ئێوە دەبێ لەگەڵ زیندەوەرانی ئەم سەرزەوی‌یە وەک براکانی خۆتان بجووڵێنەوە. بەڵێ، ئێمە کێوین‌و ناتوانین لە هۆی قەلاچۆی هەزاران بووفالۆو تێبگەین! ئێوە دەبێ منداڵانی خۆتان فێر کەن کە زەویی بەرپێی ئەوان، خۆڵەمێشی باب‌و باپیرانیانە. کەوابوو دەبێ سەری رێز بۆ سەرزەویی خۆیان دانوێنن‌و ئەوانیش منداڵانی خۆیان فێر کەن کە زەوی دایکی ئەوانە. ئەوەی زەوی بەسەری بێ، لە رۆڵەکانی سەرزەوییش روو دەدا. ئەگەر مرۆڤ تف لە زەوی بکا، تفی لەخۆی کردوە. نابێ لە بیرمان بچێتەوە کە مرۆڤ رایەڵی ژیانی رانەهێشتوە، بەڵکوو مرۆڤ بۆخۆی رایەڵێکە لە رایەڵەکانی ژیان.

**سەرچاوەی نامەکە: «همشهری» ، ژمارە ١٨٥٣ ، ١٦ی ژوئەنی ١٩٩٩**
**وەرگێڕانی نامە بۆ فارسی: خوسرەو باقری**